پێگەی زاگرۆس www.zagros.org www.zagros.ws ZAGROS WEBSITE

پرۆژەی تیشك (٤)

ZAGROS WEBSITE



فەتواکەی مەلای خەتێ

ئەفسانەی مێژوونووسێك

نووسینی
حەسەن مەحمود حەمەکەریم

چاپی یەکەم
٢٠٠٦ زایینی
١٤٢٧ کۆچی

www.zagros.org

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ناوی كتێب: فەتواكەی مەلای خەتیّ ئەفسانەی مێژوونووسێك

نووسەر: حەسەن مەحمود حەمەكەریم

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

ساڵی چاپ: ٢٠٠٦

نۆرەی چاپ: یەكەم

تیراژ: ٢٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ٥٣٦ ساڵی ٢٠٠٦

لە بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (**تیشك**) زنجیرە (٤)

Tishkbooks@yahoo.com

ZAGROS WEBSITE

ڕۆڵی مەلای خەتێ لە میرنشینی سۆراندا

پێش وتە:

کورد یەکێکە لە گەلە زیندووەکانی سەر گۆی زەوی، مێژووەکەی وا نیشان دەدات کە لە کۆنترین گەلانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بێت، سەرچاوەکان چالاکی و ڕووداوی زۆری ئەم میللەتەیان گێڕاوەتەوە، خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە، لەگەڵ ئەوەدا هێشتا هەر زۆر لای ونە ..

مێژووی کورد بە زۆری ڕۆژهەلاتناس, یان داگیر کەرانی دەرو دراوسێ, بەرەینی دوژمنکارانەی خۆیان نووسیویانە، شێواندویانە، کەم و زیادیان بۆ کردوە، لایەنە بەهێز و سەروەرییەکانیان شاردوەتەوە، لاوازەکانیشیان بە زەقی دەرخستوە، بەو جۆرەیان نیشان داوە کە کورد دڕندەیە، نەزانە، بێسودە، کاری لەسەر ناکرێ, بۆ هیچ هاوکێشەیەك ناشێت...

ئەوە ستەمە لە کوردمان، لە خاکمان، لە بونمان، لە مێژوومان، لە چارەنوسمان کراوە، بۆ ڕاست کردنەوەی, هەوڵی دڵسۆزان، ڕەنجی شەو و ڕۆژ، کات و سات و ماوەی زۆری دەوێت ..!!

مێژوو پێویستیەکی گرنگە، میللەتانی تر زۆر گوێیان پێ داوە، تەنها لە ئەوروپا ٣٥٠ دەزگای نووسینەوە و لێکۆڵینەوە لە مێژوو هەیە، بەردەوام لە نووسینەوە و خوێندنەوەو گەڕان و کنەو پشکنینی شوێنەوار و ئاسەوارو ئەفسانەکاندان .. بەڵام کورد هێشتا بەرچاوی ڕابووردوی دیارنیە, لە مێژووەکەی دوورە, هەر بۆیە پاشە ڕۆژی ڕون نیە، کاری پێشینانی بە هیچ دەزانێت, بێ نرخ سەیری دەکات، بە دەستی خۆی, ئاسەوارە بەنرخە پڕ سەروەریەکانی ژێر زەوی هەڵدەتەکێنێت و, ئاودێوی سنوری دەکات، ڕوداوەکانی باو باپیری بە ئەفسانەو شتی پڕ و پوچ لە قەڵەم دەدات، هەستی پاراستنی کولتوور و کەلەپوری خۆی نیە، نازانێت ئەوانە جێ دەستی پێشینانی ئەون، دەبێت پیرۆز و بەرێز و بەنرخ سەیر بکرێن و، ئەمڕۆی خۆیانی تیا بخوێننەوە، نرخی کاری پێشوەکانی تیا بدۆزنەوە , ئایندەی تیا دیاری بکات، چونکە ئەوەی مێژووی نەبێ, کەسێتی ونە و نیە، ناتوانێ خۆی بناسێ, یان خۆی بناسێنێ..

لێکۆڵەرەوە و مێژوونوسان, زۆریان باس لە پێناسەو گرنگی مێژوو کردووە، ووتویانە (مێژوو زانستێکی گەورە و بە کەڵکە، بەڵکو زانستی زانستەکانە، هیچ زانیاریەکی گرنگ نیە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت، لە هەمووان گرنگ تر مێژووی ژیانە، کە گشت زانست و ڕوداوەکانی ڕۆژانەو ئاڵو گۆڕەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، بۆ هەرکەسێك بیەوێت وانەکانی مێژوو زۆر گەورەن ... نەمری ڕاستەقینە لای مێژووە ...) ئەمە وتەی مامۆستا کەمال مەزهەر بوو، شەرەفخانیش پێش ٥٠٠ ساڵ لەمەو بەر وتویەتی (مێژوو لە سەروی هەموو هونەرەکانەوەیە ...) مێژوونوسی یۆنانی هیرۆدۆت، کە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەو بەر ژیاوە و, بە باوکی مێژوو ناودارە, بۆ مێژوو دەڵێت (مێژوو گەڕان و پشکنینە بەدوای کرۆکی ڕوداو و کارەساتە کۆنەکاندا ..)، واتە یۆنان لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ مێژووی خویان نوسیوەتەوە... (تەبەری) عەرەب, پێش زیاتر لە ١٢٠٠ساڵ لەمەو بەر وتویەتی (مێژوو هونەرێکە لە ڕوداوەکانی ڕۆژانە دەکۆڵێتەوە ...) مسعودی و سەخاوی و ئیبن خەلدون و دەیانی تر, هەر یەکەیان جۆرە پێناسەیەکیان بۆ مێژوو هەیە و, بە گرنگی باسیان بۆ میللەتەکەی خۆیان کردووە .. بەڵام کورد هێشتا لە ناسینی مێژووی خۆیدا ساوایە...

گەر تێڕوانین هەبێ, مێژوو نەوەیەکی ژیری وا دێنێتە گۆڕێ، کە هەڵەکانی کۆن, وەك ئاوێنەیەك لە بەر چاوبگرێ و دووبارەیان نەکاتەوە، شارەزای ژیان و ژیارو کردار و گوفتاری ڕابوردوومان دەکات، میللەتی چاك دێنێتە مەیدان، کورد خاوەنی مێژووی دەوڵەمەندی خاوەن ڕوداوو داستانە, پڕیەتی لە ئەزموون، چەندەها هاوکێشەی تەواوو و ناتەواوی لە سەر خاکەکەی بینیوە، بوەتە تاقیگەیەکی گەورە و پڕ لە (وانە)، دەتوانێت نەخشەی نوێ و پرۆژەی چاك و سەرکەوتوانەی لێ بەرهەم بهێنێت...

ZAGROS WEBSITE

مەخابن .. ئەگەر سەیری بارو دۆخ و ژیانی دوێنێی کۆن و ئەمڕۆی نوێمان بکەین، پێوەی دیار نیە کە کورد مێژووی خۆی شەن و کەو کردبێت، یاخود بەو چاوەوە سەیری کردبێت, کە خۆی تێدا بدۆزێتەوە، نابینی سوود لە ئەزمونە پێشوەکان وەرگیرابێت، هەڵەکان نەك جارێك, بەڵکو دەیان جار دووبارە بونەتەوە، هەموو جاریش, دەرەنجامی پێشوو چنگ کورد کەوتوە ..

مەخابن.. کورد مێژووی پڕ ئەزمونی بە دەرمانخانەیەك نەزانیوە، تاوەکو دانایانە تیماری دەردەکانی تیا کردبێت .. ئەمە لەلایەك .. لەلایەکی ترەوە، نووسەرانی مێژووی کورد, لە بری ئەوەی دەست نیشانی خاڵی لاواز و بەهێزی ژیانی کۆنی کورد بکەن، هاتوون مێژوەکەیان وەك چیرۆك خوێنەکانی ناو دیوەخانی شەوانی زستان و بەر ئاگردان گێڕاوەتەوە، تەنانەت خۆشیان لەگەڵیاندا هەڵچوون و داچوون و, ئەوەندەی تر بابەتەکەیان ئاڵۆزتر کردووە...

دەبا خوێنەران و سەرکردەکانی کورد، مێژووەکەمان بە دەرمانخانەیەکی پڕ لە ئەزموون و وانە سەیر بکەن, بە گەوهەرێکی جیاوی دانسقەی بزانن، خەڵکانی کوردیش ئاسەوارە جیماوەکانی باپیرانمان بە یادگاری پێشینەکانمان بزانن و بە هەرزان لە دەستی نەدەن ..!!

یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی کورد، چاخی میرو میرنشینە کوردەکانە لە سەردەمەکانی ئیسلامدا، لە هەموویان گرنگتر, میرنشینی سۆرانە, کە زیاتر لە پێنج سەد ساڵ دەنگ و باسیان لە سەر خاکی کوردستاندا هەبووە, هەتا ئێستەش ئاسەوارەکانی نەبڕاوەتەوە...

سۆرانیەکان هەلێکی مێژوییان بۆ هاتە پێش, قۆستیانەوە, لەو ساتەوە هاتنە سەر مەیدانی گۆڕەپان و خۆیان نواند، کاریگەریەکی گرنگیان لەکوردستاندا هەبوو، لەکۆتاییدا بەهۆی میرێکی سروشت توندو شەڕەنگێزەوە, کە ئەوەندەی کێشا بەمیرنشینە کوردەکانی دەوروپشت و دەرو دراوسێدا، هەتا بەهەر هەموویانەوە گەلەکۆمەکییان لێکردوو لەناویان برد، بەڵام هەندێ لە نووسەران و مێژوونووسان، هەریەکە بێئاگا لە وردی ڕووداوەکان و فاکتەرە گرنگە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی سەردەمەکە، هەموو هۆکانیان وەلاوە ناوەو, تاکە خاڵێك کە زەقی بکەنەوەو بەڕوونی نیشانی بدەن و هاش و هوشی پێوە بکەن، ڕۆڵی (مەلای خەتێ)یە، کە گوایە بە چەند دێڕە فتوایەك ئەو میرنشینە مەزنە بەهێزە فەوتاوەو, دراوەتە دەستی دەوڵەتی عوسمانی..

لەم تاوانبارکردنەدا, کۆمەڵێك نیازو مەبەستی جۆراوجۆر کۆدەبنەوەو لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، ئاواتی چەند کەسانێکی سەدەیەك پێش ئێستەی ناوچەی سۆران دێتە دیو, نووسەرە چەپەکانیش دەستی چەوری چەند سەدەیەك لە هەڵە و بێئەزمونی سەرکردەکانی کوردی ئەو کاتانە, دەنێنە سەر مێزەری سپی سەرسەری تاکە کەسێك, کە بە مەرجێك هەتا کاتی کەوتنی میرنشینەکە, بەهیچ جۆرێك ڕۆڵو کاریگەری لەناو میرنشینەکەدا دیارنەبووە...!!

کەوتنی میرنشینی سۆران لەلایەن عوسمانیەکانەوە, بەیارمەتی سەربازی ڕوسیاو ئێران و هەرێمی بەغدادو موسڵ و نەخشەی بەریتانیاو, بە یارمەتی سەدان چەکداری کوردی سۆران, کە لە دەستی میر محەمەد هەڵهاتبون و لە گەڵ سوپای عوسمانی گەڕابونەوە، لە گەڵ چەکدارانی چەند میرنشینێکی کوردی تردا, بە نەخشەی سەربازی پسپۆڕانی بەریتانیا , ئەو کارەساتە گەورەیان لە مێژووی کوردا دروست کرد, شکستەکە هێندە بەسۆبوو, کە نووسەرانی مێژووی کوردی وا هەژاندوە, ئەو هەموو نەخشەو هێزو تۆپ وجبەخانەیە لە بیر بکەن و, تاوانی کەوتنەکە بدەنە پاڵ (مەلای خەتێ)، کەتا ئەو کاتە هیچ دەسەڵاتێکی لەومیرنشینەدا نەبوە، مەلای خەتێ تەنها مەلای مزگەوتێك بووەو هیچی تر, دەنا میر محەمد لە بڕیاری ئیداری و سیاسی و سەربازیدا, تەنهاو بە تەنها پشتی بەعەقڵیەتی عەسکەرتاری خۆی بەستوە، هەرگیز نەبووە پرس و ڕا تەنانەت بەبراکان و مامەکان و سەرکردەکانیش بکات، لەهەموو سەردەمی میر محمددا یەك بەڵگەنامە نیە, کە میر محەمەد ڕاوێژوو پرس و ڕای بە براکانی یان سەرکردەکانی یان مەلای خەتێ کردبێ, پرسێکی شەرعی نەکردوە, ڕای خەڵکی میرنشینەکەی وەرنەگرتوە..!! ..

لە گەڵ ئەوەی هەموو بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کراوەتە کتێب و لە بازاڕدا هەیە, بەڵام هەتا ئێستە ئەو فتوایەی مەلای خەتێمان نەبینی, کەواتە ئەو باسە دروستکراوەو هیچ ڕاستیەکی تیا نیە..

ZAGROS WEBSITE

بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو راستیانە، ئەوەندەی سەرچاوەکان یاریدەمان بدەن، لێکۆڵینەوەیەك دەخەینەڕوو، کەسایەتی میر محەمەد, هۆی کەوتنی میرنشینەکە, رۆڵی تەواوی (مەلای خەتێ), لەزنجیرەی باس و رووداوەکاندا ڕون دەکەمەوەو وەك خۆی نیشانی دەدەم...

بەهیوام لەم هەوڵەمدا لەراستی نزیك بووبێتمەوە...

ZAGROS WEBSITE

سەرهەڵدانی میرنشینی سۆران

زنجیرەی میرەکان:

بەتەواوی روون نییە مێژووی میرنشینی سۆران لەکەیەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەوەی کە هەتا ئێستا ساغ بووەتەوە ئەوەیە کە لەسەدەی دوانزەهەمینی زاینی[(١)]، یان سەدەی پانزەهەمینی زاینییەوە[(٢)] دەرکەوتوون، دامەزرێنەری میرنشینەکە کەسێك بووە بەناوی (عیسای کۆڵۆس)[(٣)]، سێ کوڕی هەبووە بەناوی عیساو ئیبراهیم و ئیدریس، عیسا لە هەلێکدا کە ستەمێك لەسەر ناوچەکەی لادەبات، مەزن دەبێ و دەکرێتە گەورەی خەڵکەکە, بەوەوە ناوەستێ, هێز کۆدەکاتەوەو پەلامار دەدەن و چەند قەلایەکی تر دەگرن, بەو جۆرە سنووری خۆیان فراوان دەکەن و شاری (حەریر) دەکەنە پایتەخت[(٤)]، (عیسا) دەمرێ، (شاعەلی) کوڕی دێتە جێی[(٥)], لەسەدەی پانزەهەمەوە هەتا سەدەی نۆزدەهەم نزیکەی هەژدە میر دەسەلاتی میرنشینی سۆران دەگرنە دەست، وەرگرتنی دەسەلات لەناویاندا پشتاو پشت بووە، هەر وەکو لەهەموو میرنشینە کوردەکانی تردا بەڕێوە چووە[(٦)]..شاعەلی میرنشینەکەی لەنێوان کوڕەکانیدا دابەشکرد، (میر عیسا) ی کوڕی لەسەر (هەریر) دانا، بەڵام لە شەڕی بابانەکاندا کوژرا، (میر بداغ بەگ) ی برای جێی گرتەوە، دوای ئەویش (میر سەید) ی کوڕی شاعەلی بوو بە میری سۆران، بەڵام لە تۆڵەی کوژرانی میر عیسای برایدا بە دەستی بابانەکان، هەلێك دەقۆسێتەوە، کاتێ میری بابان خەریکی راوو شکار دەبێت، بەنهێنی بۆی دەچێ و دەیکوژێ، لەسەردەمی ئەمدا سنووری سۆران دەگاتە (هەولێرو کەرکوك و موسڵ)[(٧)].. ئەمە لە ساڵی (١٥١٦ز) ی زاینیدا بوە، (میر سەید) لەسەر ئەسپ دەکەوێتەخوارو دەمرێ، (میر عیزەدین شێر) ی کوڕی دەبێتە میری سۆران.. زۆر نابات ساڵی (١٥٣٤ز) سوڵتان (سولەیمانی قانونی) کە لەباکوورەوە دەگەڕێتەوە دێتە هەولێر، میری سۆران بەخێرهاتن و رێز لێگرتنی باشی دەکات، بەڵام گوایە (میر عیزەدین) پەیوەندی بە (شا تەهماسپ) ی ئێرانی سەفەویەوە دەبێ، لە بەر ئەوە دەیکوژێ و, ناوچەکە بە هەولێرەوە دەداتە (حوسەین بەگی داسنەیی) میری یەزیدیان، ئەمە هەر بۆ دوژمنداناوە بوە لە نێوان کوردە موسوڵمانەکان و یەزیدیان دا، زۆری نەبرد (میر سەیفەدینی کوڕی میر حوسەینی کوڕی پیر بداغ) دەسەلات لەناوچەی سۆران پەیدا دەکات و هێز پێکەوە دەنێ, لە چەند شەڕێکی قورسدا داسنەییە یەزیدەکان راودەنێت و, هەولێرو ناوچەکەیان لێ پاك دەکاتەوە، بەڵام سوڵتانی عوسمانی (میر سەیفەدین) بانگ دەکاتە ئاستانە (ئەستەمبول) بۆ وتوێژو رێکەوتن, بەڵام بە پلانێك دەیکوژێت، (میر قولی بەگ) ی کوڕی دێتە جێی, ئەویش چەند شەڕێك لەگەڵ داسنەییە یەزیدییەکان دەکات, بەڵام سەرناکەوێت, ناچار پەنا دەباتە بەر ئێرانی سەفەوی، پاشان (میر

---

(١) گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٢).

(٢) اربيل في الماضي والحاضر. مجموعة من المؤلفين . ص ٣٤ کەریم شارەزا .

(٣) شەرەفنامە. شەرەفخانی بدلیسی. وەرگێڕ بۆ کوردی هەژار موکریانی. ل ٤٨٢ نەجەف ١٩٧٢ .

(٤) مێژووی میرانی سۆران . حسین حوزنی موکریانی. ل ٥ هەولێر ١٩٦٢ .

(٥) کوردو کوردستان . محمد امین زەکی. ج ٣ ل ٣٩٤ . ٣٩٥ مهابات .

(٦) میرنشینی سۆران. کامەران جەمال بابان. ل ٢٤ هەولێر ١٤١٩.

(٧) شەرەفنامە. ل ٤٩٠ پەراوێز.

قولی) دەمرێ و (بداغ بەگ) ی کوڕی قولی بەگ دێتە جێگەی، ئەویش بە هۆی ناکۆکی لە گەڵ (میر سولەیمان بەگ) ی برا بچووکیدا, پەنا دەباتە بەر (میری ئامێدی)، بەڵام ساڵی (١٥٥٩ز) دوور لە ناوچەی سۆران، لە شاری ئامێدی بەداخی برا بچووکەکەیەوە دەمرێت.

میر سولەیمان بەگ، زیاد لە (٣٠) ساڵ دەسەڵاتی هەبوو، ئاسەوارێکی زۆری قەڵاو شوورەی جێهێشتوە[٨]..پەلاماری هۆزی کوردی (زەراری) لە ناوچەی (شنۆ) دەدات، پاشان پەلاماری قزڵباشە سەفەویەکانی داوەو دیلە سەفەویەکانی بەدیاری ناردوە بۆ سوڵتانی عوسمانی[٩]، بەڵام (والی بەغداد) بە فێڵ بانگی دەکات و دەیکوژێت[١٠]...پاشان (عەلی بەگ) ی کوڕی دێتە جێی, ساڵی (١٥٩٠ز) پایتەخت لە (حەریر) ەوە دەگوازێتەوە بۆ (خەلیفان)، هەتا ئێستاش ئاسەواری قەڵاو پردی بەدیارماوە, ئەم میرە چل ساڵ ناوچەکەی بەڕێوە دەبات[١١] , ساڵی (١٥٩٠ز) مردوە[١٢]...هەندێ تر دەڵێن ساڵی (١٦٣٤ز) مردوەو (ئوغوز بەگ) و (میرە بەگ) ی لەدوا بەجێماوە[١٣]..

(ئوغوز بەگ) جێی بابی دەگرێتەوە، (ڕەواندوز) ی لە دەست دوژمنان ڕزگارکردەوە، ساڵی (١٦٤٥ز) کردیەوە پایتەخت، ساڵی (١٦٩٥ز) مرد، (میرەبەگ) ی برای چووە جێی، پاش ماوەیەك ئەویش مرد، (میر ئەحمەدی کوڕی ئوغوز بەگ) جێی گرتەوە، ئەویش ساڵی (١٧٥٦ز) ڕۆژێك لە کاتی ڕاودا دەبێ بە دەردی خوا دەمرێ، (میر ئوغوزبەگی بچووك کوڕی میر ئەحمەد) دێتە جێی، ساڵی (١٧٦٨ز) ئەویش دەمرێ و شەش کوڕی لەدوا جێدەمێنێ، (مستەفا بەگ، تەمەرخان، یەحیا بەگ، بایز بەگ، ئەحمەد بەگ)، هەریەکە لەمانە لایەکی میرنشینەکە دەبەن بەڕێوە ...

تەمومژ لەسەر میرەکانی سۆران زۆرەو، مێژووی ژیانیان و ڕووداوو بەروارەکانیان تێکەڵەو ڕوون نییە ..!!

کە (میر ئوغوز بەگ) مرد، وەك برا گەورە کە باوکیشی ڕەزامەندی هەبوو (مستەفا بەگ) ی کوڕی چووە جێی، ئەو کاتانە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی هەژدە بوو، گەرچی پیاوێکی زیرەك و بەتوانابوو، بەڵام باروودۆخی ناوچەکە شپرزە بوو، لەولاشەوە براو ئامۆزاکانی چاویان بڕیبوە دەسەڵاتی و هەریەکە پارچەیەکیان بۆ خۆیان دابڕی بوو، هەر بۆیە ناچار بوو دەسەڵاتی میرنشینەکەی بە کوڕە گەورەکەی بسپێرێ[١٤]

میر موحەممەد (پاشا کۆرە)

(مستەفا بەگ) هەر لەسەرەتاوە کە ئەو ناکۆکی و چاوتێبڕینەی کەسەکانی دەبینی، نیەتی خراپیانی هەست پێکردبوو، ناچار لە هەوڵی پێگەیاندنی کوڕە گەورەکەی دەبێت، هەتا ئامادەی بکات بۆ جێنشینی خۆی...هەر لە منداڵیەوە (میر محمد)ی خستە بەرخوێندنی حوجرەو مزگەوتێکی تایبەتی بۆ دروستکرد، بەرزترین زانای ناوچەکەی بۆ دابینکرد هەتا ڕۆژانە زانست و خوێندەواری فێر بکات، ئەو زانایە ناوی (موحەممەد بن ئادەم) بوو, کەخاوەنی قوتابخانەیەکی ئاینی سەلەفی ئامێز بوو لە ناوچەی باڵەکایەتی و سۆران، سەرۆکی زانایانی ناوچەکە و حوجرەیەکی قەرەباڵغ و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو، خۆیشی زیاتر لەپەنجا بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە کە زۆربەیان دەست نوسن و لای بنەماڵەکەیان تا ئەمڕۆ ماوەتەوە,

ئیبن ئادەم هەموو وانە زانستی و ئاینیەکانی لە (میر موحەممەد) گەیاند، پاشان (مستەفا بەگی) باوکی ناردیە ناوچەی (چۆڵە مێرگ) هەتا فێری کاروباری بەڕێوەبردنیش ببێت...

---

[٨] مێژووی کورد لەکۆنەوە تا ئەمرۆ. سالح قەفتان. ل٢٩٦ بغداد ١٩٦٩.

[٩] شەرەفنامە ل٤٩٩.

[١٠] مێژووی کورد لەکۆنەوە تائەمرۆ. ل٢٩٦.

[١١] اربیل في ادوارها التاریخیة. ص ٢٧٤ .

[١٢] مێژووی میرنشینی سۆران . موکریانی. ل ١٤ .

[١٣] شەرەفنامە. ل٥٠٤ پەراوێزی هەژار .

[١٤] میرنشینی سۆران. کامەران زادە. ل ٢٩ .

ZAGROS WEBSITE

براکانی (مستەفا بەگ) جارێك (بابانیەکان) یان دەهێنایە سەر (مستەفابەگ) و، دەمێ خۆیان سازدەکردو کێشەیان بۆ دەنایەوەو ناوچەی زیاتریان لێ دادەبڕی، بەو هۆیەوە بابانیەکان (رانیەو کۆیەو هەریر)یان لە (سۆران) سەند، لەولاشەوە (تەیمورخان بەگ) ی برای (هەودیان) و (شەمزینان) ی کردە هی خۆی، (بایز بەگ) ی برایشی دەشتەکانی (رەواندوز) و ناوچەی (برادۆست) ی بەرخۆیدا ... وای لێهات تەنها بە تەنها شاری (رەواندوزو سەرچیاو دۆڵی وەران و چۆڵەمێرگ) بۆ (مستەفا بەگ) مایەوە، بابانیەکان لەوەدابوون ئەوەشی پێڕەوا نەبینن، هێرشیان هێنایە سەر (رەواندوز)، (مستەفا بەگ) سیاسەتی لەگەڵ گۆڕین و لەگەڵیان رێککەوت، بەلام (تەیمورخان و یەحیا بەگ) ی برای هەر وازیان نەدەهێناو جارێکی تر لە ساڵی (١٧٨٧ز) دا بابانیەکانیان هێنایەوە، چەند ناوچەیەکیان لە سۆران گرت، بەلام (مستەفا بەگ) خراپ شکاندنی و خواردەمەنی و تەقەمەنیەکی زۆری لێگرتن، (مستەفا بەگ) لە دەست براکانی وەڕس بوو، ساڵی (١٨٠٨ز) (میر موحەمەد) ی کوڕی بانگکردەوەو کردیە میری سۆران، (مستەفا بەگ) چوار کوڕی هەبوو، (موحەمەدو رەسوڵ و سولەیمان و ئەحمەد)... میر موحەمەدی بە ئازاترو سیاسی ترو ئامادەتر دەزانی، هەر بۆیە خستیە جێی خۆی...[١٥].

بەم جۆرە, چوونە ناوەوەی باسەکان سەر بوردێکی دوورو درێژە, بە هێندەی ئەوەی کە دەمانەوێ بە خێراتر لەو مەبەستە نێزیك ببینەوە کە نیازمانە.

هەتا ساڵی (١٧٣٠ز) شاری (دوین) پایتەختی میرنشینی سۆران بوو، پاشان لە ترسی هەڕەشەی بابانەکان گوازرایەوە بۆ (هەریر)، پاشتریش لەساڵی (١٧٨٧ز) دا گوازرایەوە بۆ (خەلیفان)[١٦]، پاش ئەویش گوازرایەوە بۆ شاری (رەواندوز)[١٧]..ئیتر لێرەدا جێگیربوو, هەتا فەوتانی میرنشینەکە بە پایتەخت مایەوە.

وتمان ساڵی (١٨١٣ز) میر موحەمەد کرایە میری سۆران [١٨].. هەر کە دەستی لە جڵەوی دەسەلات گیربوو، گۆڕانکاری زۆرکرد، هەنگاوی خێرای دەنا، هیچ ترسی لە ئەنجام و پاشەڕۆژ نەبوو، چی بویستایە دەیکرد، بەڕێوەبەرانی ناو رەواندوزی گۆڕی، هەموو دەرەبەگ و سەرەك هۆزو خێڵەکانی کۆکردەوەو یەکیخستن، پەیکەری نوێی لەسەر دامەزراندن، خزمەکانی بەوە زویربوون، باوکی وتی: "دڵی کەس مەڕەنجێنە، میر مەرجی بۆ باوکی دانا کەدەست نەخاتە کاریەوەو، ناردیە دێی (هەودیان) هەتا مرد"...

سەربازەکانی کۆکردەوە، جارێکی تر رێکیخستنەوە، یەکەم لێدانی لەمامەکانی بوو، ساڵی (١٨١٥ز) (هەودیان) ی گرت و (تەمەرخان) ی مامی کوشت کە خۆی بەجیاو دوژمن بە میر محەمەد دادەنا، پاشان رووی‌کردە (یەحیابەگ) ی مامی و ئەویشی کوشت[١٩] بەمە گرفتی ناوخۆیی نەما، ئەنجا پەیکەری نوێی میرنشینەکەی دامەزراندەوە، (میرزا موحەمەد) ی کردە سەرۆکی نووسەران و, خەریکی نووسینەوەی مێژووی رووداوەکان بوو، قەلاو سەنگەری بەهێزی بەدەوری رەواندوزدا لێدا، سێ دەروازەی بۆ شار دامەزراند، دوو بورجی بەرزی بۆ پارێزگاری دەروازەکان دروستکرد، کۆمیتەیەکی جەنگی پێنج کەسەی پێکهێنا، میر خۆی سەرۆکی بوو، (رەسوڵ بەگ) ی برای کردە سەر پەرشتی گشتی جەنگی، (ئەحمەد بەگ) ی برای کردە فەرماندەی سوپا.

(وەستا رەجەب) ی کردە بەڕێوەبەری کارگەی تۆپ و جبەخانە، (خان گێلدی) بەڕێوەبەری کارگەی خەنجەرو دارتاشی بوو، (وەستا برایمی ماویلی) کردە سەرۆکی وەستاکانی دروستکردنی قەلاو شوورەو سەنگەرو رێگاوبان، (مستەفا ئاغا) سەرۆکی بازرگانان بوو، دەستەیەکی شەش ئەندامی بەناوی (دەستەی سەرداران) دامەزراند، خۆی

---

[١٥] شەرەفنامە . ل٥٠٦ .

[١٦] عەلی بەگ، میری سۆران پایتەختی گواستەوە بۆ خەلیفان .

[١٧] ئوغوز بەگ کوڕی عەلی بەگ، پایتەختی گواستەوە بۆ رواندوز.

[١٨] اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث . لونگریک، ترجمە جعفر خیاط . ص٣٤٢ بغداد١٩٦٨.

[١٩] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی . د. جلیلی جلیل . وەرگێڕ لەروسیەوە . د.کاوس قەفتان . ل١٣٨ بغداد ١٩٨٧

ZAGROS WEBSITE

سەرۆکی بوو، کۆبوونەوەی هەفتانەی هەبوو، لەگرفتی مەردمی دەکۆڵیەوە، (ئەنجومەنی زانایان) و (ئەنجومەنی حەکیمان) ی دامەزراند بۆ داڕشتنەوەی یاسا[٢٠].

ئەم کارانە بویە جێی سەرنجی شارەزایانی ئەورووپی و عوسمانی و ئێرانی، چاویان تێبڕیبوو، حەوت جۆر (سکەو پارە) ی بەناوی خۆیەوە لێدا، لە وتاری هەینیدا وەك سەرۆکێکی سەربەخۆ ناودەبرا، سەرەتاو لەسەردەمی باوکیشیدا زانای ناوداری کورد لە ڕەواندوز, کە مامۆستای میر موحەمەد خۆیبوو, ناوی (ئیبن ئادەم) بوو, موفتی میرنشینەکەی بوو، لەبەر ئەوەی کە هەندێ بڕیاری میر موحەمەدو قەتڵو عامی بێبەزەییانەی مام و ئامۆزاو خزمان و, خەڵکی تر لە ژن و مندالی کورد, کە لە گەڵ شەرعدا نەدەگونجا، ئیبن ئادەم لەفەتوا بۆ دانیان خۆی دەپاراست، ناکۆکی لە گەڵ میر محەمەددا بۆ دروستبوو، وازی هێنا، بەڵام ئیبن ئادەم یەکێك لە قوتابیە زیرەکەکانی خۆی کردە موفتی میرنشین بەناوی (محمد ئەفەندی شێخ سلێمانی)[٢١] کە بە (مەلای خەتیٚ) ناسراوە، بەڵام هەندێك دەڵێن (داود پاشا)ی والی بەغداد بۆی نارد, هەتا سوودی لێ ببینیٚ و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنیٚ[٢٢] , یان دەڵێن مەلای خەتیٚ پەروەردەی دەستی (داود پاشا) بوە [٢٣] هەندێکی تر دەڵێن مەلای خەتیٚ یەکێك بووە لە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو تەنها پیاوێکی ئاینی نەبوە..[٢٤] یان دەڵێن کاتیٚ مەلای خەتیٚ گەیشتە رواندوز، هەندیٚ زانا شاریان چۆڵکرد, وەك زانای گەورە (محمدی کوری ئیبنی ئادەمی باڵەکی) [٢٥]. ئەمانە هەموو قسەو قسەلۆکن, دوای دروست کردنی فتواکە بۆ مەلای خەتیٚ ئەم وتانەشیان دروست کرد..!!

(مەلای خەتیٚ) قوتابی دەستی ئیبنی ئادەم بووە، خۆی ئیجازەی مەلایەتی داوەتیٚ [٢٦] ئەی کەواتە بۆچی (ئیبن ئادەم) لە ڕەواندوز نەماو کۆچیکرد بۆ ناوچەی باڵەکایەتی ..؟ لەسەر ئەمە قسە زۆرە، هەندێك لە نەوەکانی (ئیبن ئادەم) دەڵێن (ئادەم) پیر بووبوو تاقەتی نەمابوو، ئەوجا ئیزنی لە میری رواندوز خواست و گەڕایەوە بۆ باڵەکان و لە گوندی (دێلزە) دامەزراو دانیشت[٢٧]، بەڵام هەندیٚ لەمێژوونووسانی شارەزا ئەڵێن هۆی ڕۆیشتنی (ئیبن ئادەم) ناکۆکییەك بوو لە نێوان (ئیبن ئادەم) و میری ڕەواندوز، ئەوجا ناچار لە ڕەواندوز باریکردو چووەوە گوندەکەی خۆی (گوندی ڕۆست)، پاشان لەوێش باریکردوو چووە دێی (دێلزە).

ئەم گوتنە لە ڕاستیەوە نزیکترە، چونکە (ئیبن ئادەم) لە کتێبی خۆی بە ناوی (سلسلة الذهب) پەنجەی درێژکردوە بۆ ئەو ناکۆکیەی نێوان خۆی و میری ڕەواندوز, کە ئەو فەرمانی پێکردوە بچیٚ لە گوندی خۆی (ڕۆست) دابنیشیٚ[٢٨].

(ئیبن ئادەم) سەفەرو وەغەری زۆری کردوە، ساڵی ١١٩٢ ی کۆچی چوەتە شاری (مهابات) بۆ فێربوونی زمانی فارسی، پاشان لە (مهابات) وە گەڕاوەتەوە بۆ (ڕەواندوز)، لە سەردەمی میر موحەمەدداو سەرگەرمی دەرس وتنەوەو کتێب دانان بووە، پاشان گەڕاوەتەوە گوندی (ڕۆست) لەناوچەی (باڵەك)، لە (ڕەواندوز) لای (میر موحەمەد) دامەزراو بوە مەلاو زانای میری سۆران ..میریش دەرسخانەو مزگەوتێکی بۆ دروستکرد لە (قەلاتیلوکان) لە دەرەوەی شوورەی کۆنی رواندوز[٢٩](ئیبن ئادەم) مرۆڤێکی هەق و رەق بووەو, ڕۆحێکی قەومیی زۆر بەهێزی هەبووە، دۆستی مرۆڤی

---

[٢٠] گۆڤاری کاروان ژمارە (٨) خولی ڕاپەڕین ١٩٩٣ ل٦ –١٢ ئەحمەد باوەڕ .

[٢١] مجلة الحكم الذاتي . العدد (٤) السنة السابعة . زبير بلال اسماعيل . محمد الخطي ونهاية الأمارة السورانية.

[٢٢] گۆڤاری کاروان ژمارە ٥٣ . بەشی دووەم، عبدالفتاح عەلی یەحیا .

[٢٣] تأريخ العراق بين احتلالين، ج٧ ص٣٣، عباس العزاوي.

[٢٤] گۆڤاری کاروان ژمارە ٥٣.

[٢٥] هەمان سەرچاوە ل ١٥١.

[٢٦] بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندوز. ممدوح مزوری، ل٤٩ هەولێر ١٩٩٨ .

[٢٧] هەمان سەرچاوە ل٦٣.

[٢٨] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد . بەرگی (٥) ل ٤٦٧ .

[٢٩] بنەماڵانی بەناوبانگی رواندز. ل ٦٢.

ZAGROS WEBSITE

هەژارو, هەوەسی بە مرۆڤی زۆردار نەهاتووە، لەبەرئەوە میرو ئاغاو بەگەکان هەوەسیان بە (ئیبن ئادەم) نەهاتووەو، هەر لەبەر ئەوەش بوە (ئیبن ئادەم) هەمیشە لە بارکردندا بووە، لە هیچ شوێن‌و ولاتێك جێگیر نەبووە، هەروەها (ئیبن ئادەم) دژی كۆلكەشێخان بووە, هەمیشە لە گەڵیان لە ململانێ‌و شەڕی بووەو, (شێخی بەردە کوڕە) ی کوشتوە, سەبارەت بەکاری ناپەسەندو بێشەرعی[٣٠].

(مەلا سەعیدی کوڕی مەلاوەیس) کوڕە زازای ئیبن ئادەم, لە سەردانێکدا بۆ ماڵیان, باسیکرد کە (ئیبن ئادەم) ی باپیری زۆر توندو دژ بەکاری ناشەرعی بووە، ئەگەر ببیبیستایە کەسێك بەسەر ئیسلامەوە مشەخۆرە, یان بیدعەیەکی خراپی داهێناوە، بەخۆی‌و فەقێکانەوە بۆی چووەو خراپی پێکردوە[٣١]..ئەمە ئەوە دەردەخات کە مەلای خەتێ هیچ دژایەتیەکی زانایانی ڕەواندوزی نەکردوە, بەڵکو یەك ڕایان بوە, وەك هەندێك بەبێ سەرچاوەو, بۆ مەبەستێك باس‌و خواسی ئەو کەسایەتیە دەشێوێنن‌و, هەر لە خۆیانەوە خەڵکانێك ناشرین دەکەن..!!

(مەلای خەتێ) هەموو تەمەنی لە دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی دا بەخت کردبوو، چ لە ناوچەی سۆران کە لای (ئیبن ئادەم) و (ئەبوبەکر ئەمیر روستەمی) فەقێ بوە، هەموو زانایانی کوردی ئەو کاتە دژ بەستەمی عوسمانی بوون، پاشانیش کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەچێتە (بەغداد) بۆ خوێندن‌و وانە وتنەوە, لە بەغداد بە هۆی توانایی خۆیەوە, بوو بوویە کەسایەتیەکی ناوداری بە غداد و عێراق, کەسایەتیەکی کاریگەری هەبوو بە هۆی لێهاتوویی و زیرەکی و زانیاریە زۆرەکانی، والی ڕێزی زۆری لێ دەگرت, لە خۆی نێزیك کردەوە، وەك عەباس عەزاوی دەڵێ: "مەلای خەتێ نامەیەکی پێشکەش بە (داود پاشا) کردبوو لە زانستەکانی ئیلاهیدا...لەو کاتانەدا زانایەکی زۆری کورد لە بەغداد کۆبوونەوە, بە هۆی قوتابخانە ناودارەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانیەوە، (داود پاشا) پێش ئەوەی ببێتە والی بەغداد قوتابی بووە لە قوتابخانەی گەیلانی, هەر لەو کاتەوە زۆربەی زانا کوردەکانی ناسیوەو, دۆستایەتی‌و خۆشەویستیان بووە، کاتێکیش کە دەبێتە والی بەغداد, ئەو دۆستانە لە خۆی نێزیك دەکاتەوەو ڕێزیان دەگرێ‌و یاریدەی زۆریان دەداو کار ئاسانیان بۆ دەکات‌و باری گوزەرانیان خۆش دەکات، هەتا کاری زانستی‌و ئاینیان بە ئاسانی بۆ بکرێ...لە بەرئەوە (داود پاشا) لە باتی ئەوەی کاتەکانی بەگۆرانی‌و نوکتەو ڕابواردنەوە بەخت بکات, هەمیشە دیوەخانی گەرم بووە بە کۆڕی زاناو زانست گۆڕینەوە، لەو لاشەوە میرنشینە کوردەکان و هەرێمی بەغداد, کە زۆر جار سەر بەخۆ بووە و, کوردو بەغداد هەمیشە دوژمنی دەوڵەتی عوسمانی بوون, زۆر جار بەرژەوەندیان لە دژی عوسمانی یەکی دەگرتەوە, بەلام خەڵکی دێن ئەم بەرژەوەندیە کە لە سەردەمێکی دوور لەم سەردەمەی ئێمەدا کراوە, ئەم پەیوەندییە دەبەنەوە بۆ شتی خراپ‌و, لێکدانەوەی نابەجێ‌و, هەرچی فیتنەیەك لە ناوچەکەدا ڕوویدابێ دەیخەنە ملی زانا ئاینیەکان... کە بە مەرجێ داود پاشا, یەکەم دوژمنی سەر سەختی عوسمانیەکان بووەو, لە گەڵ میر موحەمەدی ڕواندوز دا دۆست دەبن, ڕەنگە بە پێچەوانەوە مەلای خەتێ هەوێنی ئەو یاریدەو دۆستایەتیە بوبێت...

بەو جۆرە وەکو هەموو کارە بەڕێوە بردنەکانی تر، مەلای خەتێ دەزگای فتوای میرنشینەکەی بەدەست بووە، جگە لەوە ـــ بە ناوـ ڕاوێژکاری (میر) بووە، کە دەبێ لە کاروبارەکاندا پرس‌و ڕای پێکرا بێت..!! بەلام لە مێژوودا نیە جارێك پرسی پێکردبێت, چونکە (میر موحەمەد) چەندین دەزگاو دەستەو مەڵبەندی بەڕێوەبردنی جۆراو جۆری بوە, ڕەنگە مەلای خەتێ لە چەند دەزگایەکدا ئەندام بووبێ...جگە لەوانە میر موحەمەد قسە هەر قسەی خۆی بووە، بۆ زیاتر بەرچاو ڕۆشنی دەبێ پرس‌و ڕای زۆری بەدەزگاکان کردبێ, بەلام هەر ئەوەی دەکرد کە خۆی نیەتی لێهێنابوو، هەرچی لە بەرژەوەندی خۆی بوایە, داوای دەکرد بە شەرعی خوا فتوای موفتی بۆ دەستەبەر بکرێت, لە بەر توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵك, ناوچەکەی لە هەموو ناوچەکانی دی عێراق‌و عوسمانی هێمن‌و ئارامتر بوو، سوپایەکی مۆدێرن و

---

[٣٠] هەمان سەرچاوە. ل ٥٨ . ٦٠

[٣١] لەسەردانێکماندا ساڵی ١٩٩٥ دەستەی باڵای کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان بۆ ناوچەی سۆران سەرمان لەچەند ئەدیب و ڕۆشنبیرو زانای ناوچەکەدا کەمامۆستا مەلا سەعیدی ڕەحمەتیش یەکێکبوو لەوانە، کەچەند دەستنووسێکی ئیبن ئادەمی پێ نیشاندایان‌و باسی زۆری ئەو زانا ناودارەی کوردی بۆ کردین و قسەکانیانم تۆمار کرد.

ZAGROS WEBSITE

زۆر پرچەکی هەبوو، لە هێزی میرنشینێکی نە دەکرد، وەك بڵێی نیازی گەورەتری پێی هەبوو، تەنها هێزی تایبەتی پاراستنی خۆی, (سیٚهەزار) چەکدار بوو، ژمارەی هەموو سوپاکەی (پەنجا) هەزار دەبوو، زیاتر لە نیوەیان مانگانەیان هەبوو[٣٢]، پەلاماری دیٚی (برا دۆستی) داو ژنو منداڵی کوشتن، (قەڵای ئەلۆس) ی گرتو گەورەو بچووکی خەڵکەکەی لە ناوبردن، پەلاماری (مەرگەوەڕ و شنۆ) ی داو گرتی، دراوسێکانی ترسان، بە جۆرێك (هەریر و خۆشناوەتی) خۆیان دابەدەستەوە، ناوچەی (زرێبار) ناچار بون بیٚ شەڕ گیرا، بە سەعاتێك (هەولێر) ی گرت[٣٣].

بۆ پەیداکردنی خواردەمەنی پەلاماری دەشتەکانی (ئاڵتوون کۆپری) دا کە بە گەنم بە ناوبانگ بوو، پەلاماری هۆزە عەرەبەکانی (جەباری) و (تائی) داو شێخەکەیانی گرت، هەوای گرتنی (کەرکوك) دابووی لە کەللەی، بەڵام چونکە (ئێران) هێرشی هێنابوویە سەر (سلێمانی) وازی هێنا، مشتی خۆش کردبوو لە میرنشینەکانی (بادینانو هەکاریو بۆتانو یەزیدیان)، بەڵام نەیدەزانی چ هەلێك بقۆسێتەوە بۆ پەلاماردانو خستنە ژێر باری خۆی، بەڵام ئەوەی بۆ بیانوو بگەڕیٚ زۆر زوو دەستی دەکەوێت، بە تایبەت کە (عوسمانی) یەکان تەواو لاواز بوو بوون، لە ناوچەکاندا نرخیان نەمابوو، لە زۆر جێگە پاشەکشەیان کردبوو، جگە لەوە (موحەمەد عەلی پاشای میسر) جەنگێکی لە کۆڵ عوسمانیەکان کردبوویەوەو داوای پاداشتی لە (ئەستەمبوڵ) و (بابی عالی) دەکرد، ئەویش شتێکی کەمی دایە کە دورگەی (کریت) بوو، (موحەمەد علی) رازی نەبوو، دەیگوت دەبیٚ (وڵاتی شام) م بدەیتیٚ، (ئاستانە) نەیدا، ئەویش پەلاماری (شام) ی داو گرتیو نامەی بۆ (میر محمد میری سۆران) نووسی کە ئەویش هەوڵ بدات بەشی خۆی پچڕیٚو, کیانێکی کوردی دروست بکات، ئەمانە هەموو لە لایەك و بیانووی وا گرنگ دروست ناکات ئەو مجازەفە خەتەرناکە ئەنجام بدات، مادام میرەکانی (بادینانو هەکاری) رازی نەبنو یاریدەی نەدەن...(داود پاشا) والی بەغدادیش ئەم بیرکردنەوانەی پیٚ خۆشبوو، ئەویش خۆی لەو پرۆژەیەدا گریٚ دابوو, کە هەرسیٚ لا لە سەری بوون کە (میسرو شام) و (میر محمدی سۆران) و بەغداد پێکەوە کارێك بکەنو خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی جویٚ بکەنەوە...!!!!

پەلاماری میرنشینەکانی بادینانو یەزیدیانو هەکاری

ئەو سەرکەوتنە سەرەتاییانە میر محمدی لەخۆ باییکرد، دەستیکردە زیاتر خۆسازدانو پێکهێنانی جبەخانە، بۆ پێشخستنی تۆپخانە وەستایەکی لە شاری (ورمیٚ)وە هێنا ناوی (خان گیلدی) بوو، ناوچەیەکی پڕ ئاسنی گرتو گواستیەوە ڕەواندوز و لولە تۆپی دادەڕشتو گوللە تۆپی بۆ دروست دەکرد، ساڵی (١٨٢٤ز) لە (گەڕەکی کاوکۆلان) لە (ڕەواندوز) کارگەی شیرو تیرو خەنجەرو تفەنگو لوولە تۆپو زێرینگەریو دارتاشیو ڕەوڕەوەی تۆپی دامەزراند[٣٤]، سەربازو پۆلیسو پاسەوان هەریەکە شێوازی جۆری بەرگی لە بەرکردنیان جیاوازبوو، ساڵی (١٨٢٦ز) (بانگی ئازادی) بڵندکرد، جاڕی سەربەخۆیی لێدا، کەهەر لە زووەوە خولیای سەربەخۆیی لە سەردابوو[٣٥]، خۆی ناونا (ئەمیر مەنسور)، دەوڵەتی عوسمانیو ئێران لێی ترسان، سوڵتانی عوسمانی روتبەی (میری میران) ی پیٚ بەخشی، ئێرانیش دانی نا بە سەربەخۆیی میرنشینەکەیدا[٣٦]، بەڵام لە ژێرەوە بابانو ئێران لە دژی (میر محمدو داود پاشای) والی بەغداد ڕێکەوتن[٣٧]، داود پاشا ئەو سەرکەوتنانەی میر محمدی پێخۆش بوو, دەستەو دیاریشی بۆ ناردو نازناوی (پاشا)ی

---

[٣٢] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ل١٥٨.
[٣٣] بابان سۆران بۆتان. دکتۆر کاوس قەفتان. ل ٤٥ بغداد ١٩٨٥.
[٣٤] مێژووی میرانی سۆران. موکریانی. ل ٤٨.
[٣٥] مێژووی نەتەوەی کورد لەکۆنەوە تا ئەمرۆ. ساڵح قەفتان. ل ٨ ٢٩ بغداد. ١٩٦٩.
[٣٦] بابان سۆران بۆتان. دکتۆر کاوس قەفتان. ل٥١.
[٣٧] تأریخ العراق الحدیث. دکتور عبدالعزیز نوار. ص١٣٢، قاهیرة ١٩٦٨.

ZAGROS WEBSITE

پێبەخشی[٣٨] (خانی موکری‌و خانی چاری (چهری)و خانی هەکاری) یەك لە دوای یەك پیرۆزنامەیان بۆ هەنارد، (والی موسڵ) کەوتە ترسەوە[٣٩].

ئەم هەموو پیرۆزبایی‌و دڵخۆش کردنانە بەلای خۆیەوە میر محمد دڵخۆش بکات‌و, وەك (بەغدادو موسڵ‌و بابان‌و بادینان) خۆشبەختی بۆ گەلەکەی دابین بکات‌و باروودۆخی باشتریان بۆساز بکات، بەڵام زیاتر لە خۆی بایی‌دەبوو، هێزەکەی لا گەورە دەبوو، چاوی لە فراوانبوونی زیاتر بوو، بە تایبەت میرنشینی دەوڵەمەندی بۆتان‌و بادینان‌و هەکاری‌و یەزیدیان, کە هەر چواریان میرو میرنشینی کورد بوون, ئەو لە باتی ئەوەی بیان هێنێتە ناو هاوپەیمانیەکەی خۆی بەغداوە دژی عوسمانی, کەچی دەیویست بە هەر شێوازێك بووە دەبێ بیانگاتێ...

لەم کاتانەدا رووداوێك روویداو هەلێکی بۆ هاتە پێش, لە نێوان یەزیدیەکان‌و (خێڵی مزووری) ناومیرنشینی بادیناندارووداوێك روویدا ... زیاتر لە چوار سەد ساڵ بوو, کێشەی نێوان یەزیدیەکان‌و میرنشینە کوردیەکانی تری ئەو ناوە بەردەوام بوە، چەندین جار داویانە بە یەکدا, خوێنی زۆری لێ کەوتوتەوە, ئەمە جگە لەو کێشانەی کە یەزدیەکان هەیانبوو لە گەڵ هەرێمی موسڵ‌و بەغدادو دەوڵەتی عوسمانیدا، چونکە یەزیدی کەمینەیەکی غەیرە دینی ئەو ناوچەیە بوون, بۆ پاراستنی خۆیان‌و بەرژەوەندی کاروباریان, هەر جارە دەیاندایە پاڵ لایەك دژ بە لاکەی تر، لەبەر ئەو ژیانە دوو فاقیەی کە بە درێژایی مێژوو دەیان گوزەراند, چەندین جار تووشی گرفت بوون‌و, شەڕی ناڕەوایان بۆ خۆیان حەلاڵ کردوە، بەتایبەت کە هێزەکانی ناوچەکەش دەیانزانی ئاسان بە دەستەوە دێن, بەکاریان دەهێنان[٤٠] وایان دەکرد کە چەندین جار زانا بەرزو موفتیەکانی میرنشینە کوردەکانیان، یان (شێخ الاسلام)ی ناوچە کوردیەکانیان والێکردوە, کە فتوای جەنگیان لە دژ دەربکەن‌و, شەڕی قورسی لێ بکەوێتەوە، هەر وەکو فتواکانی (شێخ الاسلام ئەبو سعودی عەمادی ٨٩٦ ـــ ٩٨٢ کۆچی)، (فتوای شێخ عەبدوڵای مودەرسی ربکی ١٠٦٠ ـــ ١١٥٩ کۆچی) و (مەلا حەسەنی شیفکی) کە لە هەموو فتواکان زیاتر خەڵکی هاندەدا لە دژی یەزیدیان..بە جۆرێك کە رێگەی دابەزینیان بۆ دەشتەکانیان لێدەگرتن و دێهاتیان تالان دەکردن‌و جارێکیان گۆڕی (شێخ عودەی) یان دەرهێناو بۆماوەی نۆ مانگ رێگەی زیارەتیان لێگرتن[٤١].

تازەترین لێدانی یەزیدیان ئەو هێرشە سەختە بوو کە میر محمدی رەواندوزی بە هەل‌و بیانوویەك کردیە سەریان‌و نزیکەی سەد هەزاری لێ لە ناوبردن ...!!

دەبێ هۆی قەتڵ و عامی یەزیدیان چی بووبێ..؟ چ رکێك ئەوکارەی کردبێ...؟

بەرای من, سێ هۆ کاریگەریان هەبوو لە سەر میر محمد, کە ئەوەندە خێراو توندو شێتگیرانە ئەو پەلامارانە بدات کە هیچ پێویستی بەو سەختگیریەش نە دەکرد...

یەکەم: رووداوێکی مێژوویی کۆنە, وەکو پێشتر وتم هێزە ناوچەییەکان بەکاریان دەهێنا، ئەوەبوو کاتێك (میر عیزەدین شێر) دەبێتە میری سۆران، لە ساڵی (١٥٣٤ز) دا سوڵتانی عوسمانی (سلێمانی قانونی) دوای گرتنی بەغداد دێتە هەولێر، میر عیزەدین پێشوازی گەرمی لێدەکات، بەڵام سوڵتان دەیکوژێت‌و هەولێرو میرنشینی سۆران دەداتە دەستی میری یەزیدیان (میر حوسەین بەگی داسنەیی یەزیدی)، مەبەستی سوڵتان ئەوەیە تۆوی فیتنە لە نێو کورداندا بەدوو رێبازی جیا بنێتەوە، ئەمە ماوەیەك دەخایەنێت, لە ناوچەی سۆران (میر سەیفەدینی کوڕی میر حسین کوڕی پیر بداغی سۆرانی) دەسەڵات پەیدادەکات‌و چەند شەڕێکی قورس لە گەڵ داسنەییە یەزیدیەکان دەکات, راویان دەنێ‌و

[٣٨] مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ. ل ٢٩٨.
[٣٩] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ل ١٥٤ .
[٤٠] اليزيدية. صديق دملوجي. ص٤٣٤ .
[٤١] امارة بهديذان. صديق الدملوجي. ص٤١. الموصل ١٩٥٢ .

ZAGROS WEBSITE

هەولێریان لیٚ پاك دەكاتەوە، بەلاٌم سولٌتانی عوسمانی بە فیٌلٌ (میر سەیفەدین) بانگ دەكاتە ئاستانە (ئەستەمبولٌ) بۆ وتوێژو دەیكوژێت(٤٢).

دوای ئەمە چەند شەڕێكی تری نێوان سۆران و یەزیدیان روو دەدات, كە هەر چەند تاوان هی عوسمانیەكان بووە، بەلاٌم دەبوایە یەزیدیەكانیش ژێر بونایە, بە ناوچەی دەولٌەمەندی خۆیان رازی بوونایەو, هەنگاوی وا گەورەیان نەنایە, كە ئەوان پێچەوانەی ئاینی ئیسلامیان هەیەو, هەمیشە ئەو هۆیە لە بەردەمدایە بۆ هەلٌگیرساندنی شەڕی مەزهەب گەرایی ناوخۆی نێوان كوردان, كە هەمیشە ئاواتی ئێرانی سەفەوی و عوسمانیە توركەكان بوە ...میر محمد (پاشا كۆرە) بۆ هەلێك دەگەڕا تۆلٌەی باپیرانی لە یەزیدیان بكاتەوە ...

هۆی دووەم: ئەوە بوو كە میری سۆران (میر محمد) لەو پەڕی نەشئەی دەسەلاٌت و سوپادا بوو،ەنگ و باسی خۆی بیستبوو, بەڕەوای نەدەبینی جگە خۆی, میرێكی تر لە ناوچەكەدا دەسەلاٌتی هەبیٚو, هەلی رۆژگاریش ئەوەی دەخواست كە بە كەیفی خۆی پەل بلاٌوبكاتەوەو, ترسی هیچ لایەكی نەبێت و, تەراتێن بە سوٌپا تازە نەفەسەكەیەوە بكات.

هۆی سێیەم : بریتی‌یە لەو هەلەی كەمیر بۆی دەگەڕاو زۆر ئاسان چنگی كەوت، ئەویش بەم جۆرە بوو: مزوریەكان خێلٌێكی دامەزراوو خاوەن زانای بەرزو كەسایەتی چاكە خواز بوون لەمیرنشینی بادیناندا، میرە بادینیەكان رێزی زۆریان لێدەگرتن و زۆرجار فرمانی گەورەیان لە ئەستۆ دادەنان، بەلاٌم دوا میرەكانی بادینان, كە هەمیشە خۆیان بە شتی پڕو پووچ و بیٚنرخەوە خەریك دەكردو, لە رێچكەی پێشینانیان لایاندابوو، نرخی موزریەكانیشیان نەدەزانی و زۆرجار دەیانویست لە كەسایەتیان كەم بكەنەوەو, دەترسان خەلٌكی زیاتر مەیلیان بداتیٚو, دەسەلاٌتیان زیاد بكات و, ریٚ لە دوا میرەكانی بادینان بگرن، لەبەر ئەو لادانەی میرە بادینیەكان كە هەمیشە خەریكی خۆشی خۆیان و رابواردن بوون، مزورەكان گوێڕایەلٌیان نەدەكردن، چونكە هەستیان كردبوو لە باتی ئەوەی مەیل بە كەسایتیەكانی ناو میرنشینی بادینان بدەن، ژێر بەژێر رێكەوتن و كاری نهێنیان لە گەلٌ یەزیدیەكان دەكرد، رەنگە ئەو رێكەوتنە لە ترسی مزوریەكان بووبێت، هەر بۆیە نێوانی مزوریەكان و یەزیدیەكان تەواو ئالٌۆز بوو، میرە بادینیەكان لەو كارەدا پشتگیری میرە یەزیدیەكان بوون، كە لەوەدابوو بتەقێتەوە، یەزیدیەكان هەمیشە لە بۆسەدابوون كە دەستێك بهێنن بەمزوریەكانداو, دلٌی میرانی بادینی پێخۆش بكەن، بەلاٌم سەرەك هۆزی مزوری هەستی دەكرد كە ئەمە وا بڕوات كاری خراپی لێدەكەوێتەوە، بۆیە لە دلٌەوە حەزی دەكرد ئەو ناكۆكیە یەكلا بكاتەوە، (سدیق دەمەلوجی) نوسەر باسەكە بەجۆرێك دەهێنێتەوە...(٤٣) دەیەویٚ بلٌیٚ كە میری یەزیدیان داوای رێكەوتنی كردوە، بەلاٌم راستیەكەی بەم جۆرەیە:

لە نێوان (عەلی ئاغای بالٌەتی) سەرۆكی هۆزی مزوریان و (عەلی بەگ) ئەمیری یەزیدیان دوژمنایەتی هەبوو، (ئیسماعیل بەگ) حاكمی عەقرە (ئاكریٚ) بەوەیزانی، كەوتە نێوانیان و رێكیخستن، لە گەلٌ (عەلی بەگ) ی یەزیدی چوو بۆ لای (عەلی ئاغای بالٌەتی مزوری)و دانیشتنێكی خۆشیان ئەنجامدا، ئەنجا داوای لە (عەلی ئاغای مزوری) كرد كە لە هەلێكدا وەلاٌمی سەردانەكەی بداتەوەو, بچێت بۆ لای (عەلی بەگی ئەمیری یەزیدیان)، ئەویش رازی بوو..(٤٤)

عەلی بەگی یەزیدی لە ئاهەنگی منداڵەكەیدا زۆر كەسی دەعوەت كردبوو، دەعوەتنامەشی نارد بۆ (عەلی ئاغای بالٌەتی مزوری) كە بەشداری ئەو ئاهەنگە بكات لە شارۆچكەی (باعزەرە) ..عەلی ئاغای بالٌەتیش بەدلٌخۆشیەوەو بۆ

---

(٤٢) مێژووی میرانی سۆران. موكریانی. ل٩. شەرەفنامە. پەراوێز. ل ٤٩٢

(٤٣) امارە بهدینان ل ٤٣

(٤٤) الاكراد في بهدینان ..انور المائی. الطبعة الثانیة. ص١٤٧، ١٩٩٩ دهۆك

ZAGROS WEBSITE

ئاوکردن بە ئاگردا کەسی وای لە گەڵ خۆی نەبرد, جگە (٣) کەس لە نزیکەکانیو لەو ئاهەنگەی یەزیدیاندا بەشداری کرد[٤٥].

ئەمیری بادینان ئەو ڕێکەوتنو سەردانانەی پێناخۆش دەبیّ، وا گومان دەبات, ئەگەر ئەو دوو سەرۆکە ڕێك بکەون جیّ پێی میرانی بادینان لەق دەبیّو, ناتوانن بە کەیفی خۆیان پیّ ڕابکێشن، هەر بۆیە (سەعید پاشا) میری بادینان قەناعەتی بە ئەمیری یەزیدیان کرد, کە بە نهێنی (عەلی ئاغای مزوری) بکوژیّ، هەر شەو لە ماڵی ئەمیری یەزیدیان کوژرا[٤٦] ئەمیری یەزیدیان چل پیاوی لە ناودارانی یەزیدیان کۆکردەوە, هەموو پێکەوە (عەلی ئاغای مزوری)و هاوڕێکانیان کوشت, هەتا خوێنەکەی دابەش ببیّو کەس خۆی لە ئەنجامەکەی نەدزێتەوە ... سدیق دەمەلۆجی دەڵیّ:

بەوە میری یەزیدیان, لاپەڕەیەکی سەر شۆڕیو عاری بۆ خۆیو هۆزەکەی لە خیانەت تۆمار کرد، لە ناوچوونو خوێن ڕشتنێکی بۆ خێڵەکەی حەلاّڵ کرد، کە قورس بوو مرۆڤ بتوانیّ ئەنجامەکەی دیاری بکات, یەزیدیان وەك دورگەیەکی بچوك, لە ناو دەریایەکی بێپەی لە موسوڵماناندا دەژیان, گەر موسوڵمانان خراپ بونایە ئەوان نەیان دەتوانی هەتا ئەمڕۆ بەو ئازادیە بمێننەوە, دەبوو هێندەی سنوری خۆیان پیّیان ڕابکێشایە, نەك بە دەست ئەملاو ئەولاوە گەمەیان پیّ بکرێت, دەبوو تێبگەیشتنایە, کە ئەو وەعدو پەیمانانەی کە پیّیان دەدرا لە بەر خۆشەویستیان نەبوو, بەڵکو بۆ ئەوەبوو لە گەڵ برا کوردەکانیان بە شەڕیان بدەن, بەلاّم مەخابن..

(مەلا یەحیای مزوری) کە یەکێك بوو لە ڕۆشنبیرو دانشمەندە مەزنەکانی سەردەمی خۆی، خاوەنی ئیرادەیەکی ئاسنین بوو، مەزنترین زانایانی چەرخی خۆی بوو، تێکەڵی میرو دەسەلاّتدارانی ناوچەکەی کرد بوو، برازای (عەلی ئاغای مزوری باڵەتی) بوو، بە کوژرانی مامیو (سنجان ئاغا) ی کوڕی بە دەستی یەزیدیان، دنیای لە بەرچاو ڕەش بوو، شۆڕشێك لە دڵیدا تاوی سەند، ویستی تۆڵە بکاتەوە، هەموو مزوریەکانی تاوداو خۆیان چەکدارکرد، بەلاّم حەزی کرد بە شێوەی ڕەسمیو لە سنووری میرنشینی بادیناندا تۆڵە بکاتەوە، چوو بۆلای (سەعید پاشا) ی میری بادینانو داوای تۆڵە سەندنەوەی کرد، بەلاّم ئەمیر لۆمەی کردو وتی: چۆن مامت بڕوای کردوەو خۆی خستە دەستی ئەمیری یەزیدیان هەتا بەو دەردە چوو، مەلا یەحیا هەستیکرد کە میر ئەو کۆس کەوتن و کوژرانەی پێناخۆش نییە...ئەنجا مەلا یەحیا چوو بۆ لای (ئیسماعیل پاشا) ی حاکمی عەقرەو داوای ڕاو بۆچوونو تۆڵەسەندنەوەی کرد، لای ئەویش هیچ پشتگیریو پەیمانێکی چنگ نەکەوت، هەستیکرد کە ڕەنگە ئەو داوە دەستی هەموو میرەکانی بادینانی تێدا بێت...لەم کاتە نارەحەتەدا هەواڵی بیست, کە یەکێك لە خادمەکانی (سەعید پاشا) میری بادینان تەعدای لە (مەلا عبدولرەحمانی کوڕی مەلا یەحیای مزوری) کردووەو پاشان کوشتوویەتی، مەلا یەحیا بەمەدا زانی کە ئەمە پلانێکە بۆ سووكو ڕیسواکردنی مزوریەکان بەسەرۆكو ئیمامو هۆزەکەیانەوە، لە بەرئەوە وتی: دەبیّ تۆڵە لە میری بادینانو میرانی یەزیدیان پێکەوە بکرێتەوە، چونکە ناتوانن کاروباری خەڵکی بەڕێوەبەرنو دەستیان لە گەڵ دوژمنانی ئاین تێکەڵ کردوە...

مەلا یەحیا کە بەرزترین زانای ئەو کاتەی کوردستان بوو، لە عێراقیشدا وێنەی کەم بوو، کە سایەتیەکی ناسراوبوو، هاوڕێی داود پاشا والی بەغداد بوو، کاتی خۆی پێکەوە قوتابی بوون لە بەغداد، داود پاشا زۆر گرنگی دەدا بە شوێنی ئاینو پیاوانی ئاین، کەس نەبووە ئەوەندەی ئەو مزگەوتو قوتابخانەی ئاینی لە عێراقدا کردبێتەوە, ئەوەندەی ئەو دەست بلاّو بیّ بۆ خزمەتی زانایان وپیاوی ئاینیو کەسایەتیە سۆفیەکان[٤٧] (بیطار) کە هاوچەرخی داود پاشا بووە ئەو قسە دەسەلمێنێتو دەڵیّ: "داود پاشا دیاری زۆری دەبەخشیو دەستبلاّو بوو، کە دەسەلاّتی گرتە دەست,

---

[٤٥] امارە بهدینان . ل ٤٤

[٤٦] الاکراد في بهدینان . ل ١٤٨ .

[٤٧] گۆڤاری کاروان ژمارە . (٥٢) ١٩٨٧، عبدالفتاح علی یەحیا .

ZAGROS WEBSITE

خەڵکێکی زۆر لە شێخ و زانایان و ناوداران دەهاتنە لای، چونکە ئەو نرخی دەزانین و زانیاریەکانی بە خەڵك دەناساندن, زۆر بەرز سەیری دەکردن و نیعمەتی بە سەردا دەڕژاندن.."[٤٨] داود پاشا خۆی پیاوێکی ئاینیی ڕێك و پێك بووە[٤٩].

دکتۆر عبدالعزیز نوار دەڵێ: "داود پاشا زانایەکی زۆری لە دەور کۆبووبوەوە بەتایبەت لە کوردەکان ..پارەو پولێکی زۆری بەدیاری دەدا بە کوردەکانی سەردەمی خۆی[٥٠] وە (٣٠) سی هەزار قەرزی (مەولانا خالیدی نەخشبەندی) دایەوە[٥١]...

زۆر کەس ئەو یارمەتی و گوێ دانە زاناو پیاوە ئاینیانە, بۆ هۆی سیاسی دەگێڕنەوە، کە گوایە داود پاشا بەکاری هێناون بۆ پڕوپاگەندەی خۆی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا..

مەلا یەحیای مزوری کە لە ئەمیرەکانی بادینان نائومێد بوو، ڕوویکردە بەغداد بۆ لای هاوڕێی دێرین و خۆشەویستی, کە یاریدەی بدات, تۆڵەی ئەو ستەمە لە یەزیدیان و میرە بادینیەکان بکاتەوە... (داود پاشا) ش ڕێزی زۆری لێگرت و نامەیەکی پێدا نارد بۆ (میر محمد) ی ڕواندوز کە ئەو تۆڵەی بۆ بکاتەوە، چونکە ئەو کاتە ڕێکەوتنێك هەبوو لە نێوان (میر محمدی ڕواندوز) و (محمد عەلی پاشای میسر) و (داود پاشای بەغدا) کە پێکەوە یاریدەی یەکتر بدەن بۆ زیاتر سەربەخۆ بوون و, بەرەیەکیان دروست کرد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و ئەوانەی لە گەڵیاندان ... (مەلا یەحیای مزوری) نامەی هەڵگرت و نەوەستا هەتا لای (میر محمد)، پاشا کۆرەی ڕواندوز (میر محمد) ڕێزێکی زۆری لێگرت و لە داواکەی کۆڵیەوە، ئەمە ئەو هەلەبوو کە میر محمد دەمێك بوو لە دووی دەگەڕا, هەتا داواکانی ناو ناخی خۆی لە فراوان کردنی سنوورو ڕسواکردنی میرەکانی تر لە کوردستاندا تیا بێنێتە دی... لەم کاتانەدا کە ئەمان لە ڕێکەوتن و ئامادەکردنی سوپاو نەخشەداناندابوون، (موسا بەگ) برای (سەعید پاشا میری بادینان) بە شوێن مەلا یەحیادا هات کە پێکەوە نەخشەیەك دابڕێژن دژی براکەی وبادینان، (موسا بەگ) دژی براکەی بوو، ناکۆکیان هەبوو لە سەر دەسەڵات، چونکە نزیك بە ساڵی (١٨٢٥ز) سەعید پاشاو (ئیسماعیل) ی برای هێرشیان کردە سەر (موسا بەگ و میران بەگی برایان) و هەردوکیان ڕاونان و لە ناوچەی بادینان دەریان کردن... (موسا بەگ) ئەو هەلەی لە کیس نەداو دوا بە دوای (مەلا یەحیای مزوری) کە بەقسەی (ئەنوەر مائی) نووسەر (تاکە زانای مەزنی عێراق و ئیمامی سەردەمی خۆی بووە)[٥٢] خۆی گەیاندە ڕواندوز، میر محمد سوپاو جبەخانەی چاکی بۆ ئامادەکردن، کە دەڵێن زیاتر لە (٦٠) هەزار سەربازی پڕ بە چەك و تۆپ و تۆکمە بووە، میر محمد داوای فتوای کرد، هەندێك دەڵێن (مەلای خەتیٚ) فتوای جێبەجێ کردنی ئەو هێرشەی نەدا، چونکە تاوانی بادینانەکانی لا ئاشکرا نەبوو، هەندێکی دی دەڵێن، چونکە مەلا یەحیا زاناتر و ناودارتر بووە, پێویستی بە مەلای خەتیٚ نەبووە, هەرخۆی فتوای داوە، فتواکە بەم جۆرە بووە، یەکەم جار هێرش بکاتە سەر یەزیدیەکان لە سەر ئەو خیانەت و ستەمکاریەیان، لەوێدا ئەمیرەکانی بادینان ئەوە قبوڵ ناکەن و دێنە یاریدەی یەزیدیان، ئەوجا شەڕی بادینانیش حەڵاڵ دەبێ، چونکە یاریدەی کافر دەدەن[٥٣]..

میر محمد زۆر دڵخۆش بوو بەم فتوایە، چونکە لە هەلێکی واو پشتگیری کەسایەتیەکی وا دەگەڕا، کە هەم تۆڵەی باپیرانی سۆران لە یەزیدیەکان دەکاتەوە, هەم بە دەم برایەکی دینیەوە دەچێت و تۆڵەی ئەمانیش دەکاتەوە, خۆی

---

[٤٨] کاروان (٥٢) ئەویش لە حلیة البشر في تأریخ القرن الثالث عشر. شێخ عبدالرزاق بیطار

[٤٩] هەمان سەرچاوە.

[٥٠] داود پاشا والی بغداد د.عبدالعزیز سلیمان نوار. ص ٣١٥ قاهرە ١٩٦٧ .

[٥١] کاروان ژمارە(٥٢) ئەویش لە حلیە البشر، ص ٦٠٣ ج١ .

[٥٢] الاکراد في بهدینان. ص١٤٨ .

[٥٣] الاکراد في بادینان. ص١٤٩ .

ZAGROS WEBSITE

ئامادە کرد بۆ هێرش و تۆڵە سەندنەوە، بە تایبەتتر کە (موسابەگ) برای میری بادینانیش هاتووەو داوای یارمەتی دەکات دژ بە میرنشینی بادینان...

(مەلا یەحیاو موسا بەگ) لەم خاڵەدا بەرژەوەندیان یەکی گرتەوە, بە گەرمی میر محەمەدیان هانداو خستیانە سەر هەوەسی گرتنی ئامێدی و چوونە سەر هۆزی یەزیدیانی داسنەیی، ئەنجا خۆشیان بە پەنهانی نامەو نوێنەریان بۆ هاودەنگو ئاشنایان و هەوادارانی خۆیان نووسیو, داوای ئامادەبوونی رۆژی پێویستی و تۆڵە سەندن کرد، گەورەو بچووکی خاکی بادینان بوونە هەواداری میری رواندوزو چاوەرێی هاتنی بوون[٥٤].

رووخانی هەردوو میرنشینی بادینان و یەزیدیان

میر محمدی ڕەواندوز شەست هەزار سەربازی کرد بە دوو بەشەوە، یەکیانیدا بە (ڕەسوڵ بەگ) ی برایو، (موسا بەگی برای سەعید پاشا میری بادینان) ی کردە جێگری، کە ئەوان بەرەو بادینان بەرێبکەون .. سوپای دووەم بەسەرکردایەتی خۆی رووی لە ناوچەی یەزیدیان کرد بۆ تۆڵەسەندنەوە ...رۆژی شەممە (١٥)ی ذي القعدة ١٢٤٨ لە زێ پەڕینەوە...بە (ڕەسول بەگ) ی برای وتبوو هەر کات میرانی بادینی هاتنە یاریدەی یەزیدیان، ئیتر شەڕکردنی ئەوانیش حەلاڵ دەبێ...میر محمد لە بەهاری (١٨٣٣ز) دا بە سوپاوە لە زێی بادینان لە ئاستی کەلەکی (داسەنیان) پەڕینەوە، هەر لەوێدا (عەلی بەگی میری یەزیدیان) هەزاران چەکداری یەزیدی هێنابوویە بەردەمی میر محمد، دوای شەڕێکی قورس و دوو رۆژی, یەزیدیان دەشکێن و (عەلی بەگ) دەگیرێ و دەیهێننە ڕەواندوز و پاشان دەیکوژن[٥٥].

(سەعید پاشای میری بادینان) هێزێکی بە سەرکردایەتی (یونس ئاغا) نارد بۆ یارمەتی یەزیدیان, (ئیسماعیل بەگ) یش حاکمی عەقرە هێزێکی هێنابوو بۆ یارمەتی یەزیدیان، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە مەیدانی جەنگ، یەزیدیان شکان و هەڵهاتبوون[٥٦], هەردوو سوپای بادینانیش لە جەنگێکی دەستەو یەخەدا تێکشکان و ڕایانکرد.

ئیتر میر محمد داوای لە ڕەسوڵ بەگی برای کرد, کە هێرش بکاتە سەر عەقرەو جەنگی بادینان دەست پێبکات...

لە دوای گیرانی هەردوو شارۆچکەی (شێخان و ئاکرێ) ڕژانی خوێنێکی زۆری یەزیدیان، یەزیدیەکان یەزیدیەکان بەرەو موسڵ هەڵدێن، حاکمی موسڵ لە ترسی هێرشی میر محەمەدو لە بەر بێپەیمانی یەزیدیەکان, پردی سەر روباری دجلە دەڕوخێنێ و یەزیدیەکان لەو بەرەوە بێ بەرگری دەمێننەوە، میر محمد گەمارۆیان دەداو هەر هەموویان دەکوژێت، لەو شەڕانەدا نزیك بە (١٠٠) سەد هەزار یەزیدیی دەکوژرێ و, زۆریشیان هەڵدێن بەرەو شوێنانی دوور[٥٧]. بەڵام گۆڤاری (لالش) هەموو کوشتارەکانی یەزیدی بە (٤٥٠٠) کەس مەزەندە دەکات[٥٨].

لە بەر بەهێزی قەڵاو شورەی موسڵ، میر محمد وازی هێناو هەموو قورسایی سەربازی و هێرشیان کردە سەر ناوچەو بەرەی جەنگی بادینان، دوای (عەقرە) (زێبار) گیرا, پاشان هێرش کرایە سەر شاری عەمادیەی پایتەختی بادینان، چونکە مەلا یەحیای مزوری نفوزی ئاینی بەهێزی لەو هەرێمەدا هەبوو، ئەوە ڕێخۆشکەر بوو بۆ میر محمد، هۆزەکان هەموو بەگوێیان دەکرد، ئەو لە فتواکەی دا وتبوی حەرامە هەر کەس یاریدەی میرەکانی بادینان بدات کە

(٥٤) مێژووی میرانی سۆران. موکریانی. ل٦٥.

(٥٥) کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ل١٥٤.

(٥٦) الاکراد في بهدينان. ل١٤٩.

(٥٧) گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٨٦.

(٥٨) مجلة لالش. الثقافية الصادرة عن مركز لالش في اوروبا . العدد(٥).

ZAGROS WEBSITE

ڕێیان لێ ون بوەو لەحوکمی شەریعەت دەرچوون، ئەو فتوایە کاری خۆی بە جۆرێك کرد، خەڵکە کە سەعید پاشایان وەك کەسێکی دەرچوو لادەر و بێبڕوا سەیر دەکرد[٥٩].

محمد پاشا ماوەیەکی باش گەمارۆی (ئامێد)ی‌دا، هونەری جەنگی زۆری گۆڕی بەڵام چاری نەبوو، هەتا چەند کەسێکی بە نهێنی ناردە قەڵاو ساڵی (١٨٣٤ز) شار گیرا، (موسا پاشا) ی برای کردە ئەمیری ئامێدیو بادینان، ئەنجا میر محمد ڕوویکردە زاخۆ، ئەویشی گرت، پاشان دەستی کرد بە ڕێکخستنی کاروباری ئیداری ناوچەکە, هێمنیو ئاسایش باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، وەکو (میجر لونگریك) دەڵێ: لە بەڕێوەبردندا وێنەی نەبووە[٦٠] ...هەندێ مێژوونوس پێیوایە ئەو ئاسایشە لە ترسابووە چونکە خەڵکی لە تۆڵە سەختەکانی میر محەمەد ترساوە و بەچەترسێن بوە, پاشان سوپای ڕێکخستەوە, ڕوویکردە ناوچەی (جزیرەو حەسەنکیفو ئازیزان) و زۆرێك لەو ناچانە کەوتە دەستی میر محەمەد، هەردوو قەڵای (ماردینو نسێبین) لە ئەمارەتی بۆتان کەوتنە خەتەرەوە...ئەم هەنگاوە نەك بەدرخانیەکانو میرنشینی بۆتان، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانی خستە مەترسیو بیر کردنەوەو باسو خواسەوە، تەنانەت لەئاستانە (ئەستەمبوڵ) باس باسی ئەو هێرشە نزیکانەبوو, کە ئاستانەی هێنابویە لەرزە..

هەتا ساڵی ١٨٣٦ دەسەڵاتی لەو سنورە فراوانەدا مایەوە [٦١]، سنوری گەیشتە نێوان موسڵو میرنشینی بۆتانو شنۆو لاریجانو میرنشینی بابانو خوار کەرکوك.

لێرەوە (حسین حوزنی موکریانی), چەند هەواڵێکی پەیوەندی میری سۆران (پاشا کۆرە) بە (محمد علی پاشا) ی میسرەوە باس دەکات، کە بووەتە جێی باسو خواسی مێژوونووسانو, هەتا ئێستەش بەڵگەنامەی بەهێز چنگ نەکەوتووە، موکریانی دەڵێ " لە دوای گرتنی (ئامێدیو زاخۆو ژەنگار) وەو پەیمانی یارمەتی پێکدیان گرێداوە کە سوپای محمد علی پاشا بەرەو (شام و سوریەو ئەدەنە) بچنە خوار، میر محەمەدیش (لای خۆیەوە) بەرەو (ماردینو دیاربەکر) لە شکرکێشی بکات، ئەو نامە گۆڕینەوانە لە مانگی تشرین (١٢٤٧ك)، بەرامبەر (١٨٣١ز) دابووە، لە مانگی مایس (١٨٣٢ز) دا میر محمد ئەو خاکانەی گرت کە دیاری کرابوو ...(ئیبراهیم پاشای کوڕی محمد علی پاشای میسر) کە سەرکردەی سوپای میسر بوو لە شام لە تەموزی (١٨٣٢ز) دا کە گەیشتە (حومص) قاقەزێکی بۆ میر محمد ناردو, لە دەوری موسڵ بە میر گەیشت[٦٢]" بەڵام هەتا ئێستە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لە ئەرشیفی دراوسێکانو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمانەدا نەکراوە، بە تایبەت ئەرشیفی میسرو شامی ئەو دەمانەی هێرشەکانی تێدا کراوە...یان ئەو سەرچاوانەی کە دەڵێن ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی نێوان (میسرو بەغداو میرمحەمەدی ڕواندوز) بووە, کە یاریدەی یەکتر بدەن بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانیو ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان ..." من وای بۆ دەچم کە ڕێکەوتنی لەو جۆرانە بووبێت، کارێکی لەو جۆرە میر محەمەدی هانداوە ئەو هەموو هەنگاوە دورانە بنێو لە نێو ئەو دوژمنە گەورانەدا سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە یەکگرتنی (ئێرانو ڕووسو عوسمانیو بەریتانیا) لە سەریەك قسە، بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی (میر محەمەدو بەغداو میسر) لە ناوچەکەدا, نیگاهی هەواڵی ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە دەدەن...

نەخشەی عوسمانیەکان بۆ لەناوبردنی میر موحەمەدو داود پاشاو دەسەڵاتی موحەمەد عەلی پاشا لە شامدا

---

[٥٩] الأكراد في بهدينان. ل ١٥٠.

[٦٠] اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث . ترجمة ستيڤن همسلي لونگريك. ترجمة جعفر الخياط. بغداد ص٣٤٣

[٦١] مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمرۆ. ل٢٩٤.

[٦٢] مێژووی میرانی سۆران. ل٦٨

ZAGROS WEBSITE

بە شایەتی زۆر لە مێژوونووسان و نووسەران، ڕەواندوز لە سەردەمی خۆیدا بووبوو بە مەڵبەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی لە سیەكانی سەدەی هەژدەدا، بە فەزڵ و ئەو گرنگییەی كە یارمەتی سەركردە كوردەكانی دەدا, كە دەیانویست ڕزگاربن لە دەسەڵاتی عوسمانی و شای ئێران...پاشان پەیوەندی كردن بە محمد علی پاشای والی میسر، میر محمد دەیویست و هەوڵیدەدا زاڵ ببێت بەسەر كوردستانداو, كوردستانێكی سەربەخۆ دابمەزرێنێ، تێكۆشانەكانی ڕووسیش بە دژایەتی دەسەڵاتی عوسمانیەكان بوو، كە سۆرانیش دەكەونە سنووری ئەوەوە [٦٣] میر محەمەد لە ئەمارەتەكەیدا بەزۆرداریەك یاسای سەپاندبوو، دادپەروەری بڵاوبوو، زەبت و ڕەبتی لەوجۆرە باونەبوو لە ناوچەكەدا، بەڵكو لە عێراقدا پشێوی باوبوو[٦٤] پاشا كوێرە هەر لە سەرەتای لاویەوە خولیای سەربەخۆیی لە سەردابوو[٦٥]، سەربەخۆیی ئامانجی هەرە گەورەی بوو، (سۆن) لەو ڕووەوە دەڵێت: "چاوی لە سەربەرزی و سەرفرازی میللەتەكەی بوو"[٦٦].

ئەمانە و زۆری تر هۆبوون بۆ ئەوەی سوڵتانی عوسمانی بیر لە چارەسەرێك بۆ فراوانخوازیەكانی میر محمد دابنێ...لە سەردەمی (سوڵتان محمودی دووەم) دا (١٨٠٨ ــ ١٨٣٩ز) بڕیاریدا كە دەست بگرێتەوە بەسەر هەموو بەشە لە دەستچووەكانی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەرەتا گرفتی گەورە چەكدارە ئنكشاریەكان بوو، لە ناوی بردو سوپایەكی نیزامی نوێی لە جێی دانا، هەتا مەركەزیەت زاڵ بكات بە سەر ولایەتەكانیدا، چونكە زۆر ناوچە دابڕابوون و سەربەخۆییان ڕاگەیاندبوو گاڵتەیان بە بڕیاری ئاستانە دەهات، دواتر نەتەوە پەرستی لە ناوچەكەدا هەر لەوێوە سەری هەڵدا، لە موسڵ (والیە حەلیلیەكان)، جۆرە سەربەخۆییەكیان ڕاگەیاندبوو، لە بەغداش (داود پاشا) تەواو سەربەخۆ بووبوو، لە (محەمەرە بەنوكەعب و لەعەشایەری شەمەر جربا شێخ صفوكی فارسی)و لە كوردستانیش (میری سۆران) سەربەخۆییان ڕاگەیاندبوو، ئەمیرەكانی (بۆتان و هەكاری و بەدلیس) یش جۆرە سەربەخۆییەكیان هەبوو، دەسەڵاتی داهاتووی عوسمانیش بەسرابوو بە پاشەڕۆژی ئەو هێزانەوە ...

سەركردایەتی عوسمانیەكان لەو دۆخەیان كۆڵیەوە, بڕیاریاندا بە هێرشێكی سەربازی توند ئەو كێشەیە چارە بكەن...دوای تاوتوێ كردنی قوڵ ئەو ئەركەیان سپاردە (عەلی ڕەزای لاز)، چونكە ئەو لە هەموو والیەكان زیاتر شارەزاتر بوو بەناوخۆی عێراق و, كەسایەتی زۆری لە والی موسڵ و سەركردەی مەمالیك و شێخی عەشایەر دەناسی, كە دوژمنی داودپاشا بوون، هەر بۆیە نازناوی (سەرعەسكەر) یان پێبەخشی[٦٧] (بابی عالی) هەموو داوایەكیان بۆ جێبەجێكردو شەش هەزار كیسەپارەیان دایە[٦٨] هەر لەڕێوە فەرمانی فەرمانڕەوایی (بەغدادو حەڵەب و دیاربەكرو موسڵ) یان پێدا، كە جاران ئەو سنورە فراوانە بە چەند كەس دەدرا[٦٩]، (یەحیا پاشا) والی دیاربەكرو (عەلی شەفیق) والی ئەرزڕۆم كرانە بەر دەستی، زۆر سەركردەو فەرمانبەری مەزنی پێدرا...

لە سەرەتای شوباتی (١٨٣١ز) ەوە (عەلی ڕەزا لاز) لە حەڵەبەوە بە (دە هەزار) سەربازەوە جووڵا، (نۆ) تۆپی پێبوو، نە گەیشتە موسڵ, بوون بە (٢٠) هەزار كەس، پەیمانی بە خەڵك دەدا كە تەنها كاری دوژمنایەتی كردنی (داودپاشا) یەو, گێڕانەوەی دەسەڵاتی مەركەزیە، ڕوویكردە بەغداد كە خەتەرترین سەربەخۆ خواز بوو، (داود پاشا) ش بەهێزبوو, بەڵام لە بەختی عوسمانیەكان لە ناو شاری بەغداد دا نەخۆشی تاعون بڵاو ببوو بوویەوەو خەڵكێكی زۆری كوشتبوو,

---

[٦٣] كاروان . ژمارە ٥٢ .

[٦٤] اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث . ستيفن همسلي لونكريك . ترجمة جعفر الخياط . بغداد ص٣٤٣ .

[٦٥] مێژووی نەتەوەی كورد لەكۆنەوە تا ئەمڕۆ . ساڵح قەفتان . ل٢٩٨ بغداد ١٩٦٩ .

[٦٦] چەند لێكۆڵینەوەیەك لەمێژووی بابان سۆران بۆتان . د.كاوس قەفتان . ل٥٠ بغداد ١٩٨٥ .

[٦٧] بغداد مدينة السلام.ريجارد كوك . ترجمة. مصطفى جواد وفؤاد جميل. ج٢ ص١٤٥ بغداد ١٩٦٧ .

[٦٨] یەك كیسە زیو (٥٠٠) قورش بوو، یەك كیسە ئاڵتون (١٠) هەزار قورش بوو .

[٦٩] اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث . ص٣٣١ .

ZAGROS WEBSITE

جگە لەوەی رووباری دیجلە هەستابوو لافاوی کردبوو، (داود پاشا) گیردرابوو, هیچی بۆ نەکرا, سوپای عوسمانی بە ئاسانی چووە ناو شاری بەغداد.

ئەم کارە ناوی (عەلی رەزا) ی بەرزکردەوەو, پاڵنەربوو بۆ سووربوون لە سەر بەجێهێنانی کارەکانی تریش...بەمە پاڵپشتێکی مەزنی میر محمد لە لای چەپیەوە لەناو چوو، پاشان بۆ لە ناوبردنی میر محمەدی رەواندوز ئەفسەرێکی غەیرە نیزامی هەڵبژارد بە ناوی (محمد ئینجە بیرقدار)و کردی بە والی شارەزوور (واتە موسڵ و کەرکوك و سلیمانی)، ئەم ئەفسەرە بە دوژمنترین دوژمنی دەسەڵاتە کوردیە ناوچەییەکان دادەنرا[٧٠]، ئەو کاتە میرنشینی سۆران و بابان هەتا هەولێر و سلیمانی و کەرکوك بەشارەزوور ناودار بوو، (عەلی رەزا) دەترسا (بریقەدار) بتوانێ ناوچەکە بپارێزێ، چونکە میر محمد لێوەی نێزیك بوو، هەر بۆیە ساڵی (١٨٣٤ز) هەموو ناوچەکەی خستە سەر موسڵو, (بریقەدار) ی کردە والی، (بریقەدار) خۆی ئامادە کرد بۆ هێرش بردن بۆ سەر میر محمد، پێشەکی داوای ڕەشبگیری کرد لە خەڵکی موسڵ، بەڵام نەهاتن بە دەمیەوە، هەر بۆیە هەڕەشەی کرد وتی شار دەدەمە بەر تۆپ ئەگەر وەڵامی داوای عوسمانیی نەدەنەوە.[٧١]

(عەلی رەزا) داوایکرد پەیوەندی بکەن بە سوپاوە، زۆر کەس لە ناودارو سەرەك هۆزەکان دوای کەوتن، ئەویش بە ناوبانگ بوو بە دەستبلاویو, خاوەن پارەو زەویو دێهاتی بە دیاریی پێدەبەخشین، بەڵام لە ناو ئەوانەدا چەند زانایەکی ئیسلامی وەڵامی نەدانەوە، شێخ نورەدین بریفکانی (١٧٩٠ ـ ١٨٥١ز) زانای ناوداری سەردەمی خۆی بوو, وەڵامی نەدایەوەو بە نوێنەری عەلی رەزای وت: (من هەر بۆ ئەوەی کەمێك لە دنیام بدەنێ لە گەڵ ستم کاران نابم) تیان دەبێ قسە بلێی بە ئەمیری سۆران : (وتی هەرگیزو بە هیچ جۆرێ قسە نالێم بە ئەمیری سۆران...) عەلی رەزا پەیمانی پێدابوو کە (پانزە) دێهاتی ئاوداری بداتی گەر وەڵامی بداتەوە[٧٢]"، بەڵام هەڵوێستی ئەم و زۆر لە زانایان ئازایانەو مەردانە بوو...

(عەلی رەزا) سوپای (ئنکشاری) بەغدادی نارد بۆ یارمەتیدانی (بریقەدار) بۆ لێدانی شاری عەمادیە و میر محەمەد, دەوڵەتی عوسمانی دەیویست سوپای بە هێزی ئنکشاریەکانی لە کۆڵبێتەوە، چونکە سەربەخۆییان وەرگرتبوو, زۆر بە گوێی سوڵتانەکانیان نەدەکرد, پێشەکی هەموو ڕێگەکانی چوون بۆ رواندوزی گرت، هەموو دێهاتەکانی ئەو ناوەی سووتاند، میر محمد داوای لە حاکمی دهۆكو عەمادیە کرد کە بدەن لە سوپای بریقەدار، خۆیشی سوپایەکی نارد بۆ یارمەتیان، بریقەداریان لەنزیك زابی گەورە زۆر خراپ شکاند، سوپای عوسمانی جارێ تر خۆیان ڕێکخستەوە و هێرشیان هێنایەوە, بەڵام دیسان شکان بەشیان بوو...بریقەدار لە داخان زانای ئاینی زۆری گرتو لەسەر گردی گومەل (تل العرب) نزیك قەزای شێخان هەموویانی سەربری[٧٣]. کوردەکان ویستیان تۆڵە لە بریقەدار بکەنەوە، لە سەربازگەی موسڵ پەلاماریاندا بیکوژن، بەڵام رزگاری بوو[٧٤].

هەر لە سەرەتای ئەم نەخشە سەربازیەوە بەریتانیا ئاگاداربوو، بەرتانیا دەترسا کە دووهێزی تازە نەفەسی کوردیی لە رەواندوزو میسر جێی (پیاوە نەخۆشەکە) واتە دەوڵ’تی عوسمانی بگرنەوە، محمد عەلی پاشای میسریش لە بنەڕەتدا کوردە, خەڵکی شاری (دیاربەکر)ە, بە هۆی بازرگانی تووتنەوە لە گەڵ باوکی چونەتە (ئەلبانیا) و لە شاری (قولە) نیشتەجێ بوون, بە ئەفسەری لە سوپای عوسمانیدا دەچێتە میسر, بۆ جەنگ دژی هێرشی فەرەنسیو, لە هەڵێکدا دەبێتە والیو پاشای میسر[٧٥] بەریتانیا دەیزانی گەر پەلە نەکەن, ئەو دوو محمدە کوردە لە توانایاندا هەیە

---

[٧٠] گۆڤاری کاروان ژمارە (٥٢) ئەویش لە (لونكريك ص٣٤٠) ی وەرگرتوە .

[٧١] تأريخ الموصل. سليمان الصايغ. ج١ص ٣١٣ قاهرة.

[٧٢] الشيخ نورالدين البريفكاني. محمد أحمد مصطفى الكزني ص٦٠، قاهرة ١٩٨٢.

[٧٣] تأريخ الموصل . ص٣١٠ .

[٧٤] مێژووی میرانی سۆران. ل٦٣، حوزنی موکریانی.

[٧٥] گۆڤاری کاروان خولی راپەڕین ژمارە (٨) ١٩٩٣، ئەحمەد باوەڕ.

ZAGROS WEBSITE

نەخشەی ناوچەکە لە بەرژەوەندییەکی تر بگۆڕن، چونکە ئەوە هێزی میر محمدی رەواندوزە کە ئاستانەی هێناوەتە لەرزە، محمد عەلی پاشای میسریش بە داوای سوڵتانی نەخۆشی عوسمانیی, دوو شۆڕشی لە (یۆنان و نیوە دوورگەی عەرەب) کوژاندوەتەوە, کە دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی هەڵگیرسابوو، عوسمانیەکانیش دوورگەی (کریت) یان بە دیاری پێشکەش کردوە، محەمەد عەلی پاشای میسر ڕازی نەبوو, داوای وڵاتی شامی دەکرد، عوسمانیەکان نەیدایە، هەر بۆیە لە هەڵمەتێکدا هەموو شامی گرت, لە هێزی میر محمدی رواندوز نێزیك بویەوە, کە دەتوانن پێکەوە کاری مەزنتر ئەنجام بدەن، بەریتانیا ئەو پیاوە نەخۆشە (عوسمانیەکان) لەو دوو هێزە تازە نەفەسە راپەڕیوە پێ چاکترە، چونکە لای عوسمانیە بێ هێزەکان, مەرامەکان و بەرژەوەندییەکانی پارێزراوترە..وای بە چاکزانی بە فێڵ محمد علی پاشا بوەستێنێ و, بە شەڕ میر محمدی رەواندوز لە ناو ببات، هەتا محمد عەلی پاشا بمێنێ, وەرەقەی زەختی بەریتانیا دەبێت بۆ دژایەتی فەرەنساو عوسمانیەوە، هەتا عوسمانی نەبێتە ئاستەنگ لە سەر رێگەی هیندستان, کە ناسراوە بە (خط المیاه الامبراطوري)...

ئەوەبوو بەریتانیا هەر بە زۆر رێکەوتنێکی لە شاری (کوتاهیە)ی تورکیا پێ مۆرکردن, کە تیایدا میسرو عوسمانیەکان لە شام شەڕ بوەستێنن، ئەنجا بەریتانیا بە هۆی سیخوڕەکانیەوە لە سوریەو شام, هەستی تایفەگەری ورژاند لە دژی میسریە داگیرکەرەکان و, دوای چەند شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی دژ بە میسریەکان، سوپای میسر لە شام گەڕایەوە ...ئەنجا بەریتانیا نەخشەیەکی تری داڕشت, بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی کە دەستیان لەو ئاژاوانەدا هەبوو، بەلاَم میر محمد ئەوەی نەبردە سەرخۆی، ماوەیەك شەڕ وەستا، هەتا نەخشەیەکی جەهەنەمی دابڕێژن بۆ میر محمدو میرنشینە کوردەکانی تر، ئەو ماوەیە میر محمدی بێتاقەت کرد، لە باتی ئەوەی چاودێری دۆخەکە بکات و, پاڵپشت و دۆست بۆ ئەو فراوانخوازیەی پەیدا بکات، بەلاَم بەداخەوە لە خۆی بایی بوو, پەلاماری ناوچەکانی (لاهیجان و موکریان) ی داو ساڵی (١٨٣٤ز) زاینی سوپای (فەتح) شای ئێرانی شکاند، دوژمنێکی دیکەی بۆ خۆی زیاد کرد, کاتێك وەبیر خۆی هاتەوە چی بۆ تەنراوە، هەر زۆر زوو لە گەڵ ئێران رێکەوت و, بە زیانێکی زۆرەوە کشایەوەو, ناوچەکانی ئێرانی جێهێشت...

عوسمانیەکان ترسان جەنگیان لە گەڵ میسر لە خاکی شامدا هەڵبداتەوە، لەبەر ئەوە بۆ پتەوکردنی پشتی خۆی سەربازگەیەکیان لە موسڵ دامەزراند، چونکە رێکەوتنی (کۆتاهیە) هودنەیەکی کاتیبوو ..

پاشان عوسمانیەکان نەخشەیەکی تریان داڕشت, کە تایبەت بێت بە لەناوبردنی میر محمدی رەواندوز , ئیتر لێرەدا کاری (عەلی رەزا) تەواو بوو، بەغدادی گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی, بزانین بۆ میرنشینی سۆران چی دەکات..؟

عوسمانیەکان (محمد رەشید پاشا) ی (سەدری ئەعزەمی پێشوو) یان بۆ یەکلا کردنەوەی کاری میر محەمەدی سۆران دانا، محەمەد رەشید پاشا (والی سێواس) بوو, پێشتر لە جەنگی عوسمانی ـ میسری‌دا دیل کرابوو بەرەلاَ کرابوو، ساڵی (١٨٣٣ز) لە سەر ئەو بەندبوونەی لە کار دەرکرا، ساڵی (١٨٣٤ز) کرایەوە بە (والی سێواس)، عوسمانیەکان (٤٠) چل هەزار سەربازیان دایە، ئەمە هەلێك بوو, بۆ ئەوەی جارێکی تر بڕوای سوڵتان بە دەست بهێنێتەوە، ئەگەر ئەم جارەش شکست بهێنێ, ئەوە بە یەکجاری لای سوڵتان تیا دەچێ, وەك زۆر سەرکردەی شکست خواردووی تر لە ناو دەبرێت، لەبەر ئەوە زۆر وردو گرنگ کاری دەکردو هەنگاوی دەنا، لە هاوینی (١٨٣٤ز) دا بە چل هەزار سەربازەوە جووڵا، ئەمیرە هەڵهاتوە کوردەکان, کە لە ترسی میر محمد رایانکردبوو بۆ موسڵ و ئەستەمبوڵ, کێبەرکێیان بوو لە خۆ بردنە پێشەوە لای (رەشید پاشا)، عوسمانیەکان پلەی (سەر عەسکەر) یان دایە رەشید پاشای کەرجی واتە (سەرەك سوپای رۆژهەلاَت)، کە هەمان پلەی (عەلی رەزا) ی پێشوو بوو، چەند کوردێکی هەڵهاتوو، وەکو (محمد مەسرەف و محمود خۆشناوو بایەزید بەگی باپشتی) یاریدە دەری بوون، بەتایبەت (باپشتی) بووبوویە چاوساغی و, پەیوەندی نێوان رەشید پاشاو خێڵە کوردەکانی رێکدەخست[٧٦].

---

[٧٦] گۆڤاری کاروان ژمارە(٥٢) ١٩٨٧.

ZAGROS WEBSITE

(فرانگیل) ی ڕۆژهەلاّتناس دەلّیّ: "ولاّتە ڕۆژئاواییەکان نەك هەر راوێژکەری رەشید پاشا بوون، بەلّکو رێنیشاندەریشی بوون، بەریتانیا پسپۆری لە گەلّ لەشکرەکەی رەشید پاشا ناردبوو، هەتا نەخشەکە بیّ کەم و زیاد جێبەجیّ بکرێت و خالّێك نەبیّ ئەوان سەری لێدەرنەکەن، دوو کەسی زیرەکی بەریتانی لەگەلّ بوو بەناوی (ئارگۆیە) پسپۆری بەرەی شەڕو، (پێتین) پسپۆری ئەندازیارێتی جەنگی، جگە لەمانەش چەند پزیشکێکی بێگانە لە لەشکرەکەی دابوون[٧٧]".

رەشید پاشا لە (سیڤاس) ەوە جوولاّ بەرەو (مەلاتیە)، پاشان بەرەو ڕۆژهەلاّتی ئەنادۆلّ ڕۆیشت, بەدەم ڕێگەوە, هەموو حیساباتی خۆی لە گەلّ سەرۆك و میرو هۆزە کوردەکان یەکلا کردەوە، مۆلّەتی سەربازەکانی دابوو چی دەکەن ئازادن، ئەوانیش بە دەم ڕێگەوە کاولکاری زۆریان دوای خۆیان جێهێشت، خراپیان بە خەلّکی (سعرت و ماردین و نسێبین و جزیرەو ئەتاك و موش و سنجار)کرد، کوردەکانیش بەرگریەکی سەخت و ناچارو شێتگیرانەیان دەکرد، زۆریان لە سوپای عوسمانیی کوشت، ناوچەی ئەتاك ساڵی (١٨٣٤ز) مەلّبەندی شۆڕشی کوردان بوو، رەشید پاشا (دە هەزار) سەربازی بۆ ناردن، زۆر دڕندانە هەموویانی لە ناوبرد, (رەجەب بەگی) سەرکردەیانی گرت و ناردی بۆ ئەستەمبولّ، شاری (جزیرە) یان بە تۆپ بە سەر بەدرخانیەکاندا کاول کردو شارەکەی سووتاند، (جزیرە) پایتەختی میرنشینی بۆتان بوو[٧٨]، پاش ئەوە پەلاماری یەزیدییەکانیان دا (سیّ لەسەر چوار) ی خەلّکەکەی لە شاخی سنجار کوشت و مندالّەکانیان بردن و, لە شارەکان دەیان فرۆشتن...[٧٩], هێزی عوسمانی هەر لەسەرەتاوە کەوتنە ویّزەی یەزیدی و ئەرمەنیەکان، بە بیانووی ئەوەی کە هەمووجار دەیاندایە پالّ سوپای (رووس) دژ بە عوسمانیەکان دەجەنگان، بە تایبەت لە شەڕەکانی ساڵی(١٨٢٨و ١٨٢٩ز) ی نێوان رووس و عوسمانیدا، لە پشتەوە جاسووسیان بە سەر عوسمانیەکانەوە دەکردو زەرەری باشیان لە عوسمانی دەدا, چەند جارێك عوسمانیەکان میرنشینە کوردەکانیان هانداوە, یاخود پێکەوە داویانە لە یەزیدی و ئەرمەنیەکان، هەموو جاریش ئەو بیانوەیان دەکردە فێلّ, کە دەیانەویّ موسولّمانیان بکەن..

(حسەین بەگ) لە جیّی میری پێشوو, کە پاشا کوڕەی رەواندوز کوشتی کرایە میری یەزیدیان, کە ئەمجارە عوسمانیەکان هێرشیان هێنا , میرەکان گەلەکانیان جێهێشت و لە بەر عوسمانیەکان هەلّهاتن, لە کاتی هەلّهاتنیدا (حسەین بەگ) لە گەلّ (ئیسماعیل بەگ)ی حاکمی (عەقرە) بەرەو (نیرەورێکان) ملیان نا , لە رێگە (حسەین بەگ) لە دۆلّێك گلۆر دەبێتەوەو لە ئاوی (زاب)دا دەخنکیّ، (ئیسماعیل بەگ) خۆی دەگەیەنێتە (شنۆ) لای کوردەکانی ئێران، پاشان بە یاریدەی (میری هەکاری) کە دەترسا میر محمد پەلاماری ئەمارەتی ئەویش بدات، هەوادارێکی زۆری بۆ کۆکردەوەو هێنایەوە, پەلاماری (عەمادیە) یان دایەوە, دوو سەرکردەی میر محمدو زۆر لە سەربازەکانیان گرت، بەلاّم (موسا پاشا) ی برای لەوکاتەدا لە دەرەوەی قەلاّبوو, کە هەوالّی گیرانی عەمادیەی بیست, هەلّهات و بەرەو (رەواندوز) چوو, (مەلا یەحیای مزوری) یش کە هەر لە (عەمادیە) بوو ویستی هەلّبێت، بەلاّم لە گەلّ (مەلا قاسمی مایی) دا گیران، لەو کاتەدا ناودارێکی سۆفی گەورە بە ناوی (سیدائیمجذوب شێخ محمد عەقراوی) لەویّ بوو کە (ئیسماعیل پاشا) زۆر رێزی لیّدەگرت، لە بەرخاتری ئەو لە (مەلا یەحیا) خۆشبوو[٨٠].

کە سوپای عوسمانی هاتن بۆ تەمێکردنی میر محمدو پەلاماری عەمادیەیاندا، (ئیسماعیل پاشا) بەرگری بۆ نەکراو هەلّهات بۆ (جزیرە) بۆلای (بەدرخان بەگ)، عوسمانیەکان (یونس ئاغا گێلی) کە یەکێك بوو لە کەسایەتیە ناودارەکانی عەمادیە, کردیانە فەرمان رەوای شار, پاشان عوسمانیەکان گەرانەوە موسلّ، (یونس ئاغا) (ئیسماعیل پاشا)ی

---

[٧٧] خەبات لەرێی کوردستاندا . خالفین . ل٦٥، ئەویش لەبیرەوەریەکانی (بارۆن رۆزین) وەریگرتوە کەبۆ وەزیری دەرەوەی روسی نووسیوە .

[٧٨] گۆڤاری کاروان ژمارە(٢٧) ١٩٨٤ .

[٧٩] تاریخ الموصل . ص٣١٧ .

[٨٠] الاکراد فی بهدینان . انور المائی . ص١٥٢. ١٩٩٩دهۆك.

ZAGROS WEBSITE

نوێنەری نارد بۆ موسڵ, هەتا لە گەڵ عوسمانیەکان رێك بکەوێت و بیکەنەوە بە میر، بەلاَم عوسمانیەکان پەلاماری عەمادیەیاندایەوە, شەڕێکی قوڕس روویداو شارو دێیەکی زۆر سووتا، (ئیسماعیل پاشا) بە مەرج و پەیمان خۆیدا بەدەستەوەو ناردیانە بەغدادو لەوێ مرد[٨١]

ڕەشید پاشا لە زاخۆوە دەستی بە هێرشەکەی کرد, بە ڕێگەی (ئامید) یدا هات, دوای (سێ) مانگ گەمارۆ (ئاکرێ) ی گرت[٨٢]، لێرەدا میر محمد ویستی گەمەی سیاسی بکات, سوود لە نێوان ناخۆشی ئێران و عوسمانیەکان وەربگرێ، دەست و دیاریەکی زۆری ناردە لای سەرهەنگی سوپای ئێران لە (لاهیجان), بۆ ئەوەی یارمەتی بدات دژی عوسمانی، یان هیچ نەبێ لەو جەنگەدا بێدەنگ بێت، بەلاَم ئەو وەرەقەیەش پێشتر فرۆشرابوو بە عوسمانیەکان، چونکە سەرهەنگی ئێرانی دەستو دیاریەکەشی وەرگرتو, وەلاَمی نەخێری نوێنەری میر محمدی دایەوە, نەك ئەوەندە, بەڵکو سوپایەکی (دە هەزار) کەسی نارد بۆ سنوورەکانی ڕەواندوز، ئەمەش بێ سیاسەتی میر محمد نیشان دەدات, یەکەم: حیسابی پێش وەختی بۆ ئێران نەکردبوو، دووەم: بەریتانیاو روسیا هەوڵیاندا ئێران بکەنە لایەنی عوسمانی دژ بە سۆران، تەنانەت وایان داواکرد کە هەر دوو سوپای ئێرانو عوسمانیی لە یەك کاتداو بە نەخشەیەك روو بکەنە ناوچەی ڕەواندوز، میر محمد بە رۆژهەلاَتو ئێرانەوە خەریك بوو، بەلاَم (عەلی رەزا) والی بەغداد بە داوای عوسمانی هێرشی هێناو (ئاڵتوون کۆپریو کۆیەو هەولێر)ی لە میر محەمەد سەندەوە[٨٣].

(عەلی رەزا) بەبێ یارمەتی عوسمانیەکان و, بە یارمەتی و چاو ساغی (محەمەد بەگی عوسمان بەگی خۆشناو) کە ناحەزی میر محەمەدی ڕەواندوز بوو, پەلاماریداو (شەقلاوە) شی داگیر کرد , وابزانم شەقلاوە بۆ ڕەواندوز زۆر نێزیکەو هەر رۆژە رێیەك دەبێت..!!

میر محمد زۆر بیری لە ڕێکەوتن دەکردەوە، هەر بۆیە دەمو دەست سوپاکەی کێشایەوە بۆ (دۆڵی گەلی عەلی بەگ) و زۆر قایم دای مەزراند...

ڕەشید پاشا لە ڕێی خۆیەوە زۆر خاو دەهات, بۆ ئەوە بوو هەتا سوپاکەی شکست نەهێنێو لەکەدار نەبێ، لەو نێوانەشدا چەند مانگێك شۆڕشو بەرگری کورد هەر هەبوو، لە گەڵ ئەوەدا زستان هات, کەم خۆراکی هەرای بە سوپای عوسمانی کرد, جگە لەوە کوردەکانیش خواردنیان لێدەشاردنەوە[٨٤].

(عەلی رەزا) والی بەغداد پێشتر چەند ڕەتلێك سەربازی لە ڕێگەی موسڵەوە بۆ ڕەشید پاشا ناردبوو، بەو هێزە (تەلعەفەرو ئاسکی کەڵەکی) گرتبوو، ئەو کاتە خۆی کاری هەبوو، بە سەرکوتکردنی (خێڵی عەقیلە) وە خەریك بوو, نەیدەتوانی لە بەغداد دەربچێ[٨٥] بەلاَم دوایی فریای خۆی کەوتو, پێش ڕەشید پاشا لە رواندوز نێزیك بوویەوە, زۆر خراپی بەخەڵکی هەولێر کرد.

عەبباس عەزاوی دەڵێ: هەر خۆی نەخشەکەوابوو کە عەلی رەزا لە رێی (کەرکووك) ەوە بچێتە (هەولێر) و لە دەشتی (حەریر) بگات بە (ڕەشید پاشاو بیرقدار)[٨٦] .

---

(٨١) هەمان سەرچاوە. ص١٥٤.

(٨٢) کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ل١٧٨.

(٨٣) مێژووی میرانی سۆران. ل٦٢ موکریانی.

(٨٤) کاروان ژمارە. ٢٧.

(٨٥) رحلە فریزر الی بغداد. جیمس بیلی فریزر. ص٢٠٠ بغداد ١٩٦٤، ترجمە جعفر خیاط

(٨٦) عشائر العراق. عباس العزاوي ج٢. ص١٣٣.

ZAGROS WEBSITE

بەریتانیا لە بەرەی دژە کوردا

ڕەواندوز ئامادەباشی تەواوی خۆی بۆ هەموو ڕوداوێك ڕاگەیاند، میر محمد بۆی دەركەوت ئەو هێزەی كە هاتووە هەتا لە ناوی نەبات ناگەڕێتەوە، هەر بۆیە لە (گەلی عەلی بەگ) دا كە دەروازەی سەرەكی بوو بۆ ڕەواندوز و گەرویەكی سەخت بوو خۆی دامەزراند، (شاخی سپیلك) ی كردە بنكەیەكی پتەو, قەڵاو سەنگەری بەهێزی بەچوار دەوری ڕەواندوزدا دامەزراند، هەموو ڕێگەیەكی تری بۆ ڕواندوز بەست، بۆ جەنگێكی سەرنویست ساز خۆی ئامادەكرد، سەرەتا بڕیاریدا پەلاماری ئەو هێزە بدات كە لە (دەشتی حەریر) نزیك بە (خەلیفان و دەربەندی گەلی عەلی بەگ) مۆڵی خواردوە، سەرەتا لە هەموو لایەكەوە بەربوونە هێزە بلاوەكانی عوسمانیەكان، لە كاروانەكانی پشتەوەیان دەدان، ئازوقەو خواردنەكانیان بە تالان دەبردن، عوسمانیەكانیش لە هەموو لایەكەوە گەمارۆی توندی ئابوریان خستبوە سەر شاری ڕواندوز، قەڵاو دێهاتەكانیان دەڕوخاندن، ڕاستە میر محمد تووشی هێزێكی نابەرامبەر بوو لە رووی ژمارەو چەكەوە، بەلاَم قەڵاو شورەو سوپای گەرمو گوڕو شاخە سەختەكانی، ئەو نابەرامبەریەی ڕاستكردبوویەوە، هەر وەك (فۆن موتكە) سەركردەی ئەڵمانی كە لەو كاتەدا لە لای عوسمانیەكان بوو, چاودێری جموجووڵی سەربازەكانی دەكرد, دەیگوت: "گرتنی یەك قەڵای كوردی لە بەرزی شاخێكدا (سی) تا (چل) ڕۆژی دەوێست"[٨٧].

كاوس قەفتان دەڵێ: میر محەمەد ویستویەتی دەستگایەكی دەرەبەگایەتی سەربەخۆ پێك بهێنێ, بەلاَم ئەم هەوڵەیبەسەر خۆیا شكایەوە,چونكە هەر هێرشی عوسمانی نێزیك بویەوە, گەلێك لە دەرەبەگە كوردەكان و سەرەك عەشیرەتەكان هەر كەیەكەم سەركەوتنی عوسمانیەكانیان و نەهامەتی ولێقەوماوی میر محەمەدیان دی,نەك هەر هەڵوێستی جارانی خۆیان گۆڕی , بەڵكو دژی وەستان و لێ ی ڕاست بونەوە, كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی,لا١٨٨)

ڕەشید پاشا زۆر سوودی لە ناكۆكی نێوان سەرەك خێڵە كوردەكان دەبینی، هەر كەس خۆی بفرۆشتایە زۆر هەرزان دەیكڕی، بازاڕیش زۆر بوو، دەرەبەگی ناوچەكە جەنگی میریان قورستر كردبوو، هەموو ڕێ و تولە ڕێگاكانیان دەزانی كە بەرەو قەڵاو سەنگەرە سەختەكان دەچوون[٨٨] لە گەڵ ئەوانەدا ڕەشید پاشا هەر خۆی دەپاراست, نەیدەوێرا بچێتە جەنگێكی ڕاستەقینەوە, هەموو هەوڵەكانی بۆ تێكشكانی ڕەواندوز شكستی دەهێنا، لەم كاتانەدا كە عوسمانیەكان لە گەمارۆ توند كردنەوەدا بوون، میر محمد بە هەموو هێزو باوەڕیەوە ئامادەی جەنگی خۆ دەربازبوون بوو لەو تەڵەیە، (ئێران) بڕیاری دا بێتە ناو بازنەی جەنگو بەرەی دژی میری سۆران، (بەریتانیا) دەستیكردە پەیوەندی كردن و ڕێكخستنی هەردوو هێزی (عوسمانیو ئێرانی)، هەر چەند عوسمانیەكان وایان نیشاندەدا بەو ڕێكخستنە ڕازی نین، بەلاَم هەر خۆ ئامادەكردنی ئێران و هێنانی چەكدارو تۆپخانە, لێدانێكی سەختو كاریگەر بوو لە نزم كردنەوەی ورەو ڕوخانی دەرونی سەركردەكانی ڕەواندوزدا، لە سەدا سەد ڕای گۆڕین، چونكە زۆر بڕوایان بە سنورەكانی ئێران و ڕێی ڕۆژهەلاَت هەبوو بۆ كاتی كشانەوەو هاتنەوەی سوپای سۆران، هەر ئەمەبوو ترس و بیمی بۆ دروستكردن و ناچاریكردن مل بە ئاشتی بدەن...!!

لە تەموزی (١٨٣٦ز) بەریتانیا لە (تەورێز) وە (شییل) ی نوێنەری خۆی بەرەو لە شكرگەی عوسمانی نارد، وەك (كودینتس) ی كونسوڵی ڕوس لە تەبریز ئاگاداری (سیمۆنیچ) ی كرد، (ئیلیس) باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران داوای لە (شیل) كرد كەوا لە (ڕەشید پاشا) بكات پێكەوە لە گەڵ ئێرانیەكاندا دژی میری ڕەواندوز بجەنگن[٨٩] (رووسیا) ش

---

[٨٧] كاروان ژمارە (٥٢).

[٨٨] كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی . ل ١٠٧ .

[٨٩] خەبات لەرێی كوردستاندا. خالفین . ل٦٩ . ئەویش لەئەرشیفی سیاسی دەرەوە ی روسیا لاپەڕە ١١٤ وەریگرتوە .

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

هەمان هەڵوێستی هەبوو، عوسمانیەکان پەیمانیاندا زەرەری (ئێران) ببژێرن کە میری سۆران بە سەری هێنابوون لەپەلامارەکانیدا بۆ ناوچەی (ورمێ)و (دە) گوندی ناوچەی (سوڵدز) لە سەرەتای تشرینی یەکەمی (١٨٣٥ز) [٩٠]، بەریتانیا ئەو هێرشانەی میر محمدی بیری ئێران خستەوە, کە لەو هەل‌ومەرجە نەگونجاوەیدا کردی، ئێران بەو سەفقەیە رازیبوو، (ئەمیر نیزامی) سەرکردەی سوپای ئێران لە (تەورێز) داوای لە (کۆدینتس)ی کۆنسوڵی رووس لە (تەبریز) کرد, کە تۆپ و جبەخانەی بداتێ، ئەوانیش رازی بوون، بڕیاریاندا هەرچیان هەیە لە ناو ئەمبارەکانی ناوچەی خوارووی رووسدا، بیدەن بە ئێران و دژ بە کوردەکان بەکاری بهێنن, کە بریتی بوو لە (١٥٠٠) گوللە تۆپی عەیاری (٢٤)، وە (٣) هەزار گوللە تۆپ عەیاری (١٤)ە[٩١]، (ئێران) خۆی ئامادەکرد کە (دە) هەزار شەرکەر، لەمانە پێنج بەتالیۆنی سەربازی پیادەی تیابوو بکەونەرێ[٩٢].

میر محمد ئەم هەموو نەخشەو هاوکێشە لێکدراوانەی بیست، ئەو هیچ پێشبینیەکی بۆ رۆژێکی وا دانەنابوو، رەنگە هەتا ئەو کاتە نەیزانیبێ چی چاندوە و چی دەدورێتەوە..؟ نەیزانیبێ چۆن ئەو هەمووە جەنگ وقەتڵ وعامەی کوردانی بۆ چوە سەر، رەشید پاشا ناوبانگی (دیبو ماتلی) پەیداکردبوو[٩٣] میر محمد ناچاربوو دەشتی (هەریرو خەلیفان) یش جێبهێڵێ و بە دوڵی (گەلی عەلی بەگو کێوی سپیلك) دا بگەڕێتەوە بۆ دەشتی سۆران و ناوچەی رەواندوز، جارێ تر رەشید پاشا بە دوڵی گەلی عەلی بەگدا هێرشێکی توندی تری کردەوە، بەڵام ئەمجارەش بەهێز تر شکایەوە گەڕایەوە (خەلیفان)، چونکە سەنگەرەکانی میر محەمەدو سوپای سۆران کە (میر ئەحمەد) ی برای سەرپەرشتی دەکردن زۆر دامەزراو بوو، ئیتر رێگە لە بەردەم رەشید پاشادا نەما جگە پەنا بردنە بەر فێڵ و تەڵەکە [٩٤], وای بینی کە چاکترین هەوڵێك بۆ گرتنی میر محمد، ئەمین کردنەوەیەتی بەفێڵ، هەر بۆیە دەستیکرد بە ناردنی نامەو نوێنەر، [٩٥] رەشید پاشا دەیزانی هەر سەر دەکەون و میرنشینی سۆران لەناو دەبەن، بەڵام بڕوای وابوو زۆر لە سوپای عوسمانیی دەکوژرێ و خەڵکی دەشتی سۆران و رەواندوزیش بە تەواوی لەناو دەچن، سەرکەوتنێك سەربازێکی زۆری عوسمانی تیا بکوژێ، ئەو گرنگیەی نابێ لای (ئاستانە)، چونکە هەر چەند تۆپخانەو جبەخانە زۆرو کاریگەر بێت، بەڵام سەنگەرەکانی میر محمد پتەوترو دامەزراو ترەو ناوچەکەش یەکجار سەختە، بۆ سوپای عوسمانی تەنگەلانە، بەڵام بۆ میر محمد رێگە گوزەری خۆیەتی و, جێی چاکە بۆ جەنگی پارتیزانی و پەلاماری بەپەلەو گەڕانەوە، لەبەر ئەوانە رەشید پاشا هەموو هەوڵی خستەگەڕ کە ئەوەی ماوە لە جەنگەکەی بەئاشتی و رێکەوتن تەواوی بکات، ئەگەر رەشید پاشا بڕوای بەهێزو زرنگی میر محمدو سوپای سۆران نەبوایە، ئەو هەموو پەیمانە چەورەی بە میر محمد نەدەدا.!!

رووخانی میرنشینی سۆران لەنێوان بڕیاری میر موحەمەدو فتوای مەلای خەتێدا

رێکەوتنی میر موحەمەدو رەشید پاشا

سوپای بەغدادو موسڵ لە دەشتی هەریر خێوەتگای خۆیان هەڵدا، لەشکری رەشید پاشاش بەرۆژئاوای رەواندوزدا هات، لە (هەودیان) کە گوندێکە لە (١٧) کیلۆمەتری رۆژئاوای رەواندوزدا خێوەتگای خۆی هەڵدا، لێرەوە میرنشینی سۆران کەوتە ناو ئابڵوقەیەکی توند، لە رۆژئاواوە لەشکری (رەشید پاشا) بوو، لەهەریرو لای خوارو لەشکری (عەلی رەزا) پاشا والی بەغداد بوو، (لەگەڵ لەشکری بیرقداری والی موسڵ)، لە رۆژهەڵاتیشەوە سوپای ئێران سنووری سۆرانی

---

[٩٠] خەبات لەرێی کوردستاندا. ل٦٧، ئەویش لەئەرشیفی ژمارە (١) ی ناوەندی حکومەتی جەنگی سیاسی روسیا لاپەڕە(٣) وەریگرتوە .

[٩١] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ل١٠٩.

[٩٢] خەبات لەرێی کوردستاندا. ل٦٨ ئەویش لەئەرشیفی ناوەندی حکومەتی جورجیا . ل٢٢ وەریگرتوە .

[٩٣] مێژووی میرانی سۆران. موکریانی . ل٨٢.

[٩٤] کاروان .ژمارە ٥٢ . ل ١٤١ ـ ١٩٨٧.

[٩٥] تاریخ الموصل . سلیمان الصایغ. ص ٣١٢ .

گرێدا، ئیدی هەموو ڕێگاگانی یارمەتی و دەرچون و پاشەكشەی لێگیران، لەهیچ لایەكەوە چەك و ئازوقەی نەدەگەیشتێ[٩٦].

لێرەدا (میر محەمەد) بۆی روون بوەوە كە ئەگەر شەڕ بكات, سۆران بە میرو گەداوە تیادەچێ، ئەنجا (میر) بیری لەوەكردەوە دەرگەی گفتوگۆ لەگەڵ سوپای عوسمانی بكاتەوە، وەلآمی نامەو نوێنەرەكانی ڕەشید پاشای عوسمانی بداتەوە, لەو دەمەشدا ڕەشید پاشا نامەیەكی تری بۆ محمد پاشا ناردبوو كە تیایا هاتبوو: "من وائەبینم شەڕنەكەی، ئەگینا تووشی زەرەو زیانێكی زۆر ئەبی، بەڵێنت بدەمێ گەر خۆت بەدەستەوە بدەی وائەكەم بابی عالی (ئەستەمبوڵ) بت بورێ و عەفوت بكا، بشتكاتەوە بە میری سۆران و، بەخەڵات و نیشانەی میری سۆرانیشەوە ئەگەڕێیتەوە بۆ سۆران ",

ئەنجا (میر) بانگی (مەلای خەتیٚ) ی كرد، ئەو مەسەلەی بۆ گوت و، گوتیشی ڕەشید پاشا دۆستێكی كۆنە بۆ من، باوەڕم هەیە خیانەت ناكا، لەگەڵ ئەو وتو وێژ بكەم باشە، (مەلای خەتیٚ)ش ئەو ڕەئیەی پەسەندكرد، ئەوجا پاشا داوای لە مەلای خەتیٚ كرد كە فەتوای ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ سوپای عوسمانی بدات، ئەوە بوو مەلا فەتوای دا، شەڕ لە نێوان میری سۆران و سوپای عوسمانی ڕاگیرا.

ئەمەش دەقی فەتواكەیە: (بەفەرمانی میر وە بۆ بەرژەوەندی سۆران ئەوا فەتوامانداا بەراگرتنی شەڕ لە نێوان سۆران و سوپای عوسمانیدا).

ئەنجا میر محەمەد لە جێی خۆی (ئەحمەد بەگ)ی برای كردە جێنشین, خۆیشی لە گەڵ مەلای خەتیٚ چوونە (هەودیان) و لە گەڵ ڕەشید پاشا كۆبوونەوە، ڕەشید پاشا زۆر ڕێزی لێنان, بەڵێنی دایە كە هیچی بەسەر نەیەت، گوتی "وائەكەم (سوڵتان محمود) عەفوت بكات و بشگەڕێیتەوە بۆ سۆران وەكو جاران میر بیت"، محمد پاشا چوو بۆ ئەستەمبوڵ، ڕەشید پاشاش گەراوە بۆ (سێواس)، سوڵتان لەسەر خاتری ڕەشید پاشا، میری سۆرانی عەفوكردو دایناياوە بەمیری سۆران، سوڵتان میری سۆرانی مۆڵەتداو گەڕایەوە بەرەو وڵاتی سۆران، بەڵام بۆ ناوچاو ڕەشی گەلی كورد لەوكاتەی كە میر لە ئەستەمبول بوو، ڕەشید پاشا بە مردنی بەپەلە مرد، هەندێك دەڵێن بە (تاعون) بوو، والی بەغداد (عەلی ڕەزا) كە زانی ڕەشید پاشا مرد، خێرا بروسكەیەكی لێدا بۆ ئەستەمبوڵ, وتبوی ئەگەر محمد پاشا بگەرێتەوە بۆ سۆران, دیسان كاروباری سۆران شلوق ئەبیٚ و عێراق لە دەستی دەوڵەتی عوسمانی دەردەچیٚ، ئەوەشی لەبەر ئەوەبوو، چونكە پێی ناخۆشبوو كە محمد پاشای ڕەواندوز لە بەرەی (هەودیان) و لە سەر دەستی ڕەشید پاشادا خۆی بە دەستەوەدا (عەلی ڕەزا) قسەی لای سوڵتان دەرۆیشت، چونكە ئەو بوو (داود پاشا) ی بەغدادی گرت و دایەدەستی ئەستەمبوڵ, ئەنجا (سوڵتان مەحموود) فەرمانی دەركرد بۆ هەموو هەرێمەكانی بندەستی عوسمانی، وتبوی لە هەر جێگایەك میری سۆرانی بۆ گەیشتوە بزری بكەن، ئەوكاتە میر لە (سێواس) بوو (والی سێواس) فەرمانی سوڵتانی جێبەجێكرد[٩٧].

پاشان دەڵێ : "مادام فەتوای مەلای خەتیٚ بەراگرتنی شەڕ بە فەرمانی میر بیٚ، وە بۆ بەرژەوەندی گەلی كوردبیٚ... مەلای خەتیٚ لە خێر بەدەر، چ خەتای نەبووە، جارەك (یەكەم) فەتوایەكە بەفەرمانی میر بووە، گەر بەفەرمانی میر نەبوایە مەلای خەتیٚ كو ئەتوانیٚ ئەو جۆرە فەتوایەی بداو لەبن لووتی میریش دابنیشیٚ و هیچ منەتیشی پێنەبیٚ، ئەگەر بەفەرمانی میر نەبوایە دەرحاڵ دەیكوشت و كەسیش نەبوو بڵی بۆ واتكرد".

(دووەمیش) هیچ چارە نەمابوو بێجگە لە ڕاگرتنی شەڕ، گەر شەڕ ڕانەگیرابا، سۆران بەمیرو میرنشین و گەلەوە تیادەچوو، جاكەی فەتوای مەلای خەتیٚ لە سەر مینبەر ئەوەبووە (هەركەسیٚ شەڕ لەگەڵ خەلیفەی ئیسلام بكا تەلاقی دەكەویٚ)[٩٨].

---

[٩٦] گۆڤاری دەنگی زانا. لاپەرە (٤) ساڵی ١٩٩٤ دكتۆر محمد گەزنەیی.

[٩٧] بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندوز. ممدوح مزوری. لاپەرە ٢٧ –٢٨، هەولێر ١٩٩٨.

[٩٨] هەمان سەرچاوە. ل٢٩.

ZAGROS WEBSITE

دكتۆر گەزنەیی دەڵێ: "بەنیسبەت ئەم فەتوایە دووشت لە ئارادان، پێش (حوسەین حوزنی موكریانی) كەس باسی ئەم فەتوایەی نەكردوە، بۆ نموونە گەر لە كتێبەكانی بەر لەئەو رامێنین شتێكی ئەوتۆ نابینین . لەوانەش كتێبی(رۆژی كوردان)ی (عەبدولقادری رۆستەم بەگی بابان) كە بەفارسی نووسراوە، باسی ئەوە دەكات كە باوكی لە نزیكەوە دۆستایەتیەكی باشی لە گەڵ (پاشا كۆرە) دا هەبووە، هەمووشتێكی بۆ گێراوەتەوە، دیسان (كەریمی حیسامی) باسی مەلای خەتێ هەرناكات. ئەو دەڵێت یەكێك لە سەركردەكانی میر محمد كە ناوی (محمد)ەو بەگزادەبوو، لە گەل رەشید پاشا پەیوەندی هەبووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی كە پاشا كۆرە ناچاربێ رازی بێ بەوەی خۆی بەدەستەوە بدات...!!"

ئەو بۆچونەش هەر لاوازە, چونكە ژیانی لەوەو پێشی میرمحەمەد دەری خست, كە هیچ كەس نە مەلاو نە گەداو نە سەربازو سەركردە, نەیان وێراوە قسە لە قسەو بڕیاری میر محەمەددا بكەن, ئیتر كام سەركردەیە بە ناوی محەمەد كە بەگزادەبوە , میر محەمەدی ناچار كردوە كە لە گەڵ رەشید پاشادا رێك بكەوێت, نە مەلای خەتێو نە محەمەد ناوێك و نە كەسی تر نەیان توانیوە قسە لە قسەی میردا بكەن, نەخوازەڵا بڕیاری بە سەردا فەرز بكەن..!!

ئەوەی لێرەدا گرنگە (ئەفسانەی مەلای خەتێ)یە كە ناوی تەنها لە كاتی سەرهەڵدان و پەیدابونی ناوی (حوسێن حوزنی موكریانی)دا لە رەواندوز پەیدابوو، پێش حسەین حوزنی ناوی مەلای خەتێ نەبووە, مێژوونووسانی تریش باسی ناكەن، یان ئەگەر شتێكی وا هەبوایە كەمەلای خەتێ گوتبێتی حكومەتی عوسمانی شەرعیەو خەلیفەی ئیسلامەو بەربەرەكانی كردنی دەچێتە خانەی حەرامەوە، ئەگەر مەلایەكی ناوداری وا لە زانستو زانیاری قسەی وای بكردایە ئەم فەتوایە دەنووسراو بۆ وڵاتانی تریان دەناردو دەیانكردە عەجاییبێك هەموو جیهانیان لێ ئاگادار دەكرد، بەڵام كەس باسی ناكات...

دوای ئەوەش پاشا كۆرە شكابوو، سوپای والی بەغداد گەیشتبوە هەریر[٩٩].

مەرحومی (كەریم شارەزا) دەڵێ: رووخاندنی میرنشینی سۆران رووداوێكی ئەوەندە گەورەی مێژوی كوردە، لە توانای مەلایەكدا نییە بەفەتوایەك بیروخێنێ، هەروەك هەندێ مێژوونووسی كوردی وەك حوزنی موكریانی ئاماژەی بۆ كردوە، هۆیەكانی لەناوبردنی ئەو میرنشینە كوردیە, فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی بووە، بووە مایەی مەترسی عوسمانیو دەوڵەتە ئەوروپییەكان، بوونی جۆرە رێكەوتنێك لە نێوان (میر محمدی رواندوزو محمد علی پاشای میسر) بۆ بێهێزكردنی دەوڵەتی عوسمانی.. ئەمانەو لەهەموو لایەكەوە (دراوسێكان) بۆ هێزەكانی پاشای گەورەی هاتنو پاشەكشەیان پێكرد تاكو خۆی لە قەڵای رەواندوز قایم كرد، ئنجا (سەرەك وەزیران رەشید پاشا) نوێنەری ناردە لای و ئامۆژگاری محمد پاشای كرد بۆ خۆ بەدەستەوەدانو, بەڵێنی شەرەفیشی پێدا ئەگەر لەگەڵیدا بچێتە ئەستەمبوڵو خزمەت سوڵتان، لێبوردنی بۆ دەربچوێنێ...محمد پاشاش دوای دوو ساڵ بەرگریو شەڕ كردنو، لەبەر نەبوونی هاوسەنگی لە چەكو تفاقو هێزی شەڕكەر، بە گوێی (مستەفا رەشید پاشا)ی كردو لە ساڵی (١٨٣٦ز) بەیاوەریی مەلای خەتێو دەستەیەك لە دڵسۆزەكانی چوە بارەگای (سەدری ئەعزەم)و خۆی بەدەستەوەدا، دوای لەناو بردنی میرنشینی سۆران, دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵانی (١٨٤٣ز) تاكو (١٨٤٧ز) هەردوو میرنشینی (بابانو بۆتان)یشی لەناوبرد"...

كەواتە رووخانی میرنشینی سۆران لە ئەنجامی هۆكاری دەرەوەو ناوەوە بوو، نەك بە فتوای مەلایەكی وەكو مەلای خەتێ، بەدڵنیاییەوە دەڵێم: مەلای خەتێ چ دەستێكی نەبووە لەو كارەساتەدا، ئەگەر بڵێین: (نەیویستوە شەڕ لە نێوان موسوڵماناندا ببێت) ئەدی بۆ هەتا پاشا لە ساڵی(١٨٢٦ز) وە هەتا (١٨٣٤ز) لە داگیركردنی دەڤەرو ناوچە كوردیەكاندا بوو، تەنانەت گەیشتە (ماردین) لە دیوی توركیاش، مەلای خەتێ ئەو شەڕانەی نێوان (موسوڵمانو موسوڵمان)ی لێ حەرام نەكرد..) .؟

[٩٩] گۆڤاری زۆزگ ژمارە(١) كانونی دووەم ١٩٩٩، بڵاوكراوەی بارەگای لق (١٠) پ.د.ك د. محمد مەلا ئەحمەدی گەزنەیی.

ZAGROS WEBSITE

ئەدی دەبیّ لە رووخانی (بابان و بۆتان و بادینان و شەمزینان) چ مەلایەك فتوای دابیّت ...؟[١٠٠] (مەسعود محەمەد) دەڵیّ:

"مەلای خەتی، كە فتواكەی داوە، بۆ بەرژەوەندی خەڵكەكە بووە، چونكە دەبوایە شەڕێكی توند روویدات، پاشا كۆرە هیچ رێگایەكی دیكەی نەبووە جگە لەوەی شەڕ بكات، شەڕكردنێك سەد دەرسەد بەفەوتانی میرنشینەكەو خەڵكی ناوچەكە تەواو دەبوو، چونكە لە هەلومەرجێكی وادا، هیچ یەك لە دەوڵەتە دراوسێكانیشی بەهانایدا نەهاتن.

بەتایبەتی لەوچاو بەستەكیەی كە جاران دەكراو هەرجارەی دەچوە لای شوێنێك، جا ئێران بیّ یان بەغداو ..هتد، ئەو چاوبەستەكیە لەپاش ئەوەی كە (دەوڵەتی بەریتانیا)و (دەوڵەتی رووس) تەرەسوخیان كرد هەدار هەدارانەیان رەفزكردەوە، لەلایەكی دیكەشدا سیاسەتی جیهانی ئەودەم بەنیسبەت پاشا كۆرە دوژمن بوو، ئیدی هیچ شتێك موككین نەبوو، پاشا كۆرە رێی ئێرانیشی لیّ كوێر بووبووەوە، گەر ویستباش هەڵیّ و بچێتە ئێران، ئێران قبوڵی نەدەكرد، مەوزوعی رووخانی میرنشینەكە جیّی مشتومڕو موناقەشە نییە، شتەكە زۆر روونە، ئەوساش لای هەموو لایەك ئاشكرابوو، تەنانەت ئەوانەی جیاوازیشیان لە بۆچوون و تەریقەتدا هەبوو، ئەوخیانەتەی كە باسی دەكریّ رەتیان دەكردەوە"[١٠١].

مومتاز حەیدەری دەڵیّ: "مەسەلەی مەلای خەتیّ، وا ئاسان نییە مرۆ قسەی لەسەر بكات، خەتێكی راستو چەپ بەسەریدا بێنیّ، جاریّ پێشەكی من نازانم رایەكی تایبەتی بووە، دەریبڕیوە، یان بەرەسمی فەتوای داوە، ئەگەر فتوای دابیّ كەنابیّ شەڕی دەوڵەتی عوسمانی موسوڵمان بكریّ, پشت لەپاراستن و پارێزگاری میری سۆران بكریّ، ئەو فەتوایە كوا..؟ هەتا لەبەر رۆشنایی ناوەرۆكی خودی فەتواكە، مەلای خەتی پەنجەی تاوانی بۆ درێژ بكرێت، وابزانم ئەوانەی تائێستاكە لەبارەی فەتواكەی مەلای خەتیّی رەحمەتیەوە دەدوێن, نەیان خوێندوەتەوە، كەواتە ئەو مەسەلەیە پێویستە لیژنەیەكی مێژوونووسان بە تەواوی لێی بكۆڵنەوە، بەرەسمی رای خۆیان بڵێن" [١٠٢]

تاریق جامباز دەڵیّ: هەندیّ جار دەبیستین كە ئەم فتوایە هەیە، بەڵام دەپرسین گەر هەبیّ بۆ بڵاو ناكرێتەوە ...؟ بۆ ئەم بابەتە وا باشە تاكو بەڵگە نامەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و وڵاتانی ئێران و بەریتانیاو ...هتد بڵاونەكرێنەوە, ناتوانین بەیەكجارەكی سەد دەرسەد رای خۆمان دەربڕین, بەمەزەندەی خەیاڵیش مێژوو نانووسرێتەوە[١٠٣].

بەڵیّ هەموو لەسەر ئەوەن كە (رەشید پاشا) نامەیەكی ناسكی بۆ میر محمد نووسیوە، بە چەند وتەیەكی چەورو قەناعەت بەخش ناچاریكرد هێزی ئەژنۆی بشكیّ، ئەمە هەندێكی نامەكەیە: (...پەیمانتان دەدەمیّ ئەمینتان دەكەمەوە، كە هەرشتێك ئێوە پێتان ناخۆش بێت، دەرهەقتان ناكرێت، ئارەزوومان هەر ئەوەندەیە كە ئێوە بكەونە ژێر سێبەری ئیسلامەوە، ئەوسا لە هەموو بەڵاو مسیبەتێك پارێزراو دەبن، لە دنیاو ئاخیرەتدا بە ئاسوودەیی و كەیف خۆشی دەژین، شەرت و عەهدی خەلافەتی ئیسلامیتان لەگەڵ گریّ دەدەم، كە ئەمین بن و نەترسێن، بەخەڵات (میری میرانی ئەمارەتی سۆران) تان بۆ تصدیق دەكەم، هەرچیت بوێت دەیدەمو لە هەموو تەنگانەیەكدا یارمەتیتان دەدەم، ئەمانەش كەوتمان لە دوای هاتنتان بۆ بابی عالی جێبەجیّ دەكرێت...)[١٠٤] بە راستی نامەكە ناسك و خەڵەتێنەرە، كاریگەرو مژدە بەخشە بۆ كەسێك كە گەمارۆدرابیّ و هیچ چارەی.كی تری نەبێت جگە لەشەڕ یان تەسلیم بوون، نامەیەكی بەهێزە بۆ كەسێك كە تۆپەكانی عوسمانی و ئێرانی و رووسی بە نەخشەی بەریتانیا لە دەشتی سۆرانەوە بۆی دابەسراوبێت كە چەند كیلۆمەترێكی كەم لە رەواندوزەوە دوورە، كە پایتەختی سۆرانەو خەڵكێكی زۆرو سوپایەكی

---

[١٠٠] گۆڤاری زۆزگ ژمارە(١)، كەریم مستەفا شارەزا لاپەرە ٣٢ – ٣٣.

[١٠١] هەمان سەرچاوە، مامۆستا مەسعود محمد . لاپەرە ٢٦–٢٧.

[١٠٢] هەمان سەرچاوە. مومتاز حەیدەری. ل٣٤ .

[١٠٣] هەمان سەرچاوە. تاریق جامباز. ل٣٧ .

[١٠٤] گۆڤاری كاروان. ژمارە ٥٢. لاپەرە. ١٤١، بەشی یەكەم عبدالفتاح علی یەحیا .

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

پەنجا هەزاری تیا حەشار دراوە، هەر کەس ڕەواندوزی دیبێ, دەزانێ سەختەو چواردەورەی بەکێوی بڵندو دۆڵێ قوڵ گیراوە، جگە لەچەند دەروازەیەك ڕێگەی هێرشی نەبوو، هەموو سوپای عوسمانی بۆی داگیر نەدەکرا، بەڵام چی دەکەیت لەو تۆپە قورسە ڕووسیو ئێرانی و عوسمانیە شەلم کوێرم و شیتگیرانەیە, کە تاوانبارو بیتاوان ومنداڵ و چەکدارو مزگەوت و بارەگا ناناسێ, کە دەیتوانی لە دوورەوەو بێ هێرشی پیادە هەموو کۆشكو تەلارو قەڵاو قولەو شووراکان بەسەر سوپاو دانیشتواندا بڕوخێنێو قەتڵو عامی تەڕو وشك بکات، نەك میر محمد، هەر کەسی تر لەو بارە ئاڵۆزەدا بوایە, بە سەرکردەکانی ئەمڕۆشمانەوە, کە بەزەینی میلیتاریانەی شاخ کاردەکەن، بەو مەرجانە قایل دەبون، ئەویش هەر بۆ بەرژەوەندی کورد، چونکە ئەوانەی کە هاتبوون، بەجەیشو جاشەوە, هەر هەموو هەڵبژاردەی دوژمنانی سەرسەختی کوردبوون, هەتا ئەمڕۆش ئەو هێزانە ڕایان بەرامبەر کورد نەگۆڕاوە، ئەوانە وا هاتبوون نەگەڕێنەوە، ئەوەش کاتو ساتی سەرکردەی دڵسۆزە, کە بەچەند مەرجێك خەڵکێك بۆ دوای خۆی بپارێزێ، بەبیانووی ئەو نامیە عوزر لەسەر خۆی لادەباتو, گەلەکەی لەفەوتان ڕزگار دەکات، من ڕەخنەم لەم هەڵوێستەی میر محەمەد نیە, من گلەییم لە کردەوەو پەلامارە بێبەرنامەکانی پێشویەتی, تۆوێکی وای چاند بۆ ئەمڕۆی, پشت گیرێکی نەبوو لە ناوچەکەدا, ئاوێکی وای ڕشت, هەموو دراوسێکان بە کوردەکانیشەوە حەزیان کرد خۆی تێکەوتوە, دەبوو میر محمد لە سەرەتاوە نەیهێشتایە بگاتە ئەو ڕۆژە، دەبوو لە دۆستی چاكو هەڵی لە بارتر گەڕابا, کوردەکانی دڵخۆشو میرنشینەکانی بۆ پاڵپشت بسازاندایە، کارێك دووربینی تیانەبێت, هەر ئەنجامی وادەدات بەدەستەوە، لە هەمان کاتدا لە ساتەوەختی لەو جۆرەشدا, ژیرترین کار بۆ بەرژەوەندی خۆیو کەس‌وکارو سوپاو گەلەکەی, هەر ئەوەبوو کەخۆی بەدەستەوە بدات.. گەر وای نەکردایە دەکەوتە بەر تان و تەشەری لێکۆڵەروانی ئەمڕۆو ڕەخنەگرانی دواڕۆژ, دەیانگوت هەلکی بۆ هاتە پێش و نەیقۆستەوە..

بەم پێودانگە لەشکرەکە هات هەتا گەیشتە (هەریر)، دەوڵەتی ئێرانیش سنووری خۆی داخست, هەموو ڕێگایەك لە میر محمد داخرا, کەوتە ناو ئابلۆقەیەکی گەورە، تەنانەت لە هیچ لایەکەوە چەكو ئازوقەو خواردەمەنی بۆ نەدەهات، میر محمد بۆی ڕوون بووەوە: ئەگەر شەڕ بکات سۆران بەمیرو میللەتەوە تیادەچێ، بۆیە میر محمد بیری لەوە کردەوە کە وتوێژ بکات.

بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵێکی جدی دا، کە پەیوەندی لە گەڵ سوپای عوسمانی بکاتو شەڕ بوەستێنێت... لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە میر محەمەد کە هەتا ئەم کاتە پشتی بە زەین و بۆچونی کەس نەبەستوە, ڕای کەسی وەرنەگرتبوو, لێرەوە لە شکستیەکاندا دەرباریەکانی دەخوێنێتەوە, بۆ ئەوەی هەموویان لە شکستەکەدا بەشدار بن, بەڵام سەرکەوتنەکان هەر تەنهاو بە تەنها هی خۆی بێت, ئەمە بیرۆکەی زۆربەی سەرکردەکانی دنیایە, کە خۆیان بڕیاری تاك ڕەوانەی شەڕەکان دەردەکەن, بەڵام واژۆی ڕێکەوتنە شکست ئامێزەکان بە ناوی گەلەوە دەردەکەن, بۆ ئەو مەبەستە (میر محمد) ڕاوێژی بەژمارەیەکی زۆر لە باوەڕپێکراوەکانی خۆی کرد، یەکێك لەوانە (مەلای خەتێ) بووە، (مەلای خەتێ) ڕای میر محمدی پەسەندکرد، میریش داوای لە (مەلای خەتێ) کرد کە فەتوایەك بدات بۆ شەڕ ڕاگرتن, چونکە هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو جگە لە ڕاگرتنی شەڕ، گەر شەڕ ڕانەگیرابا، ئەوا سۆران بەمیرو گەلەوە لەناو دەچوو[١٠٥]..

وا دیارە میر محمد لەم بارە چارەنووس سازەدا, پرسو ڕای بە هەموو سەرەك خێڵو سەرکردەو پیاوە ئاینیەکان کردبێ، ڕەنگە هەندێکی زۆر لە خەڵك لە گەڵیدابووبن, ڕەنگە هەبووبێ ئەم ڕێکەوتنەی بەفێڵ زانیبێ و قسەی خۆی لە پرس و ڕاکەدا کردبێت و لە گەڵیدا نەبووبێو دوای میر محمد درێژەیان بەشەڕ دابێتەوە، ڕەنگە میر محمد داوای لە مەلای خەتێ کردبێ قسە بۆ ئەوانەش بکات کە قەناعەت ناکەن ...مەلای خەتێش مادام موفتی میر محمد بووە, کەواتە هەر پیاوێکی ئاینی نەبووە، بەڵکو زانایەکی ناودارو سیاسیەکی بەتوانا بووە، ڕەنگە (مەلای خەتێ) مادام فەتواکە دیارنییە, ڕەنگە لەسەر داوای میر محەمەد ئامۆژگاری کردبن و پێی وتبن کە ئێمە گەمارۆ دراوین، تۆپەکان بۆمان

---

(١٠٥) گۆڤاری زۆزگ ژمارە(١) مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید گرتگی . ل٣٥.

دابەستراوە، هەر ئەم شارەشمان بەدەستەوە ماوە، ئەگەر بەشەڕ ناتوانین بیپارێزین با بەئاشتی بیپارێزین, مادام ڕەزامەندی میری لەسەرە، کە بەمەرجێ هێزی گەماڕۆدەر خۆیان نامەیان ناردوەو, داوای ڕێکەوتنیان کردوە، پەیمانی شەرەف و دین و ئیمانیانداوە کە میر بپارێزن و میرنشینەکەشی بدەنەوەو بیکەنەوە بۆمان بەمیری میران ..ڕەنگە بەو وتارانە هەندێکی تری ڕازی کردبێ، دەنا کێبڕوا دەکات موفتیەك لەو هەموو شەڕە گەورانەی میر محمد دژ بە عوسمانیەکان و یەزیدیەکان و خزمەکانی خۆی و کوردانی تری میرنشینەکان بەشداری کردبێ و, فەتوای شەڕنەکردن و تەلاق نەکەوتنی نەدابێ، ئێستە کێباوەڕی پێدەکات شتی وای وتبێ..؟ دیارە ئەمە هەر دەستێکە بۆ ناشیرین کردنی ئیسلام و ناوی مەلا ...

ئەحمەد باوەڕ دەڵێ: (ئەمە ناچێتە عەقڵەوە کە میرنشینێك بە فەتوایەك رووخابێت)[١٠٦] کاوس قەفتان دەڵێ: "مێژووی میرنشینەکانی کورد دەری دەخەن، ئەوەندەی سۆران میرنشینی بووە، ئەوەندەش راپەرین بووە، چونکە جارەهای جار (بابان)ەکان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵساون، بەلاّم رووی نەداوە بە فەتوایەك لەناو بچن، هەر دوای میری سۆران دوو راپەرینی‌تر لە میرنشینی (بۆتان)و دوای ئەو لە (شەمزینان) روویداوەو دەوڵەتی عوسمانیان هێناوەتە لەرزین, هەردووکیان کوژێنراونەتەوە، بەلاّم بە فەتوا نا...!!)[١٠٧].

پاشان دەڵێت: (ئەو هۆیانەی کە باسمانکرد، دەوریان گەلێك لە ئاین بەهێزتر بوو، بۆ خستنی میری سۆران...)[١٠٨].

ئەمین زەکی کە بەرزترین لێکۆڵەرەوەی مێژووی کوردە هەر ئەوەندە دەڵێ: (رەشید پاشا کاغەزی بۆ میر محمد پاشا نووسی و گەلێ تەئمیناتی بۆ شەرەفی خۆی دایەو لە حالّی دەخالّەتیا عەفوکردن و ناردنەوەی بۆ جێگەی خۆی پێ وەعد کرد...)[١٠٩].

فازیل کەریم، کە ڕاەنانی کتێبی (ئاغاو شێخ و دەوڵەت)ی (مارتین ڤان برونسن)ی کردوەو دکتۆرای لە سەر وەرگرتوەو بەزمانی ئەڵمانی بڵاوبوەتەوە، شانازی بە کتێبەکەوە دەکات، بەلاّم لەچەند جێیەکدا رەخنە لە نووسەر دەگرێ، کە بۆچی باش سەرنج و لێکۆڵینەوەی نەبووەو دوای قسەی (فریزەر) کەوتوەو (بەوردی دەورو شوێنی مەلاو زانا ئاینیەکانی لە داموو دەزگاو میرنشینەکاندا هەڵنەسەنگاندوە)و مەلای خەتێ و مەلا ئیدریسی تاوانبار نە دەکردو (ئەو سەنگو مەحەکەی بۆ مەلا ئیدریسی بەدلیسی بەکارهێناوە، پێچەوانەکەی بۆ مەلای خەتێ داماو بەکارهێناوە، ئەویش وەکو حسین حوزنی موکریانی، رووخانی میرنشینی سۆرانی، (یان ڕاستر بنووسم)، خۆ بە دەستەوەدانی پاشا کۆرەی گێڕاوەتەوە بۆ فتواکەی مەلای خەتێ، ئەم هەڵەیەش بەرای من لەوەوە هاتووە، کە نووسەر بەوردی دەورو شوێنی مەلاو زانا ئاینیەکانی لەداوو دەزگاو میرنشینەکاندا هەڵنەسەنگاندوە، ئەگینا دوای قسەی (فرایزەر) نەدەکەوت، هەروەك چۆن زۆری روونا‌کبیرانی ئەمرۆی کورد دەست لە بەرۆکی قسەکانی حسین حوزنی موکریانی بەرنادەن)[١١٠].

پێشتر بینیمان کەسانێك هەبون لە سەر ئەم باسە قسەیان هەبوو, بە ئینسافەوە ڕووداوەکانیان بینی و لێکیاندایەوەو ڕاستیان وت, لە هەمان کاتیشدا مێژوونوس و لێکۆڵەرەوەی تریش هەن, پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو, نایانەوێت ڕاستیەکان ببینن و, ئەوەی بوە بۆ میللەتەکەیانی ڕون بکەنەوەو نیشانیان بدەن, دەیانەوێ باسەکان ئاوەژوو بکەن و پشتگوێ بخەن, وردەکاریەکانی ڕوداوەکان و پێشهاتەکان لە بیر بکەن , تاکە هۆ بۆ ڕووخانی سۆران و, ئەو چالاوەی

---

[١٠٦] گۆڤاری کاروان ژمارە (٨) خولی راپەرین . ئەحمەد باوەڕ. لاپەرە (٩).

[١٠٧] بابان سۆران بۆتان . ل ٥٧ د.کاوس قەفتان.

[١٠٨] هەمان سەرچاوە.

[١٠٩] کورد کوردستان . امین زەکی بەگ . ل ٢٢٢ .

[١١٠] گۆڤاری ڕووناکبیری ژمارە (٢) لاپەرە ١٨١، ستوکهۆلم . فازیل کریم ئەحمەد.

ZAGROS WEBSITE

کە میر محەمەد تێیکەوتبوو لە بیر بەرنەوەو لە خەڵکی کوردی بشارنەوە, هەتا هەق نەبینن و دەستێوەردان و خیانەت و چاوبەست لە کورد و مێژووی کورد بکەن , تەنهاو بە تەنها هەموو هۆکارەکانی ڕوخانی یەك میرنشینی گەورەی خاوەن پاشای چاونەترس و لەشکرو سوپای پەنجا هەزاری بدەنە پاڵ فەتوایەك، گەربێت و لەوکەسانە وردبینەوە کە تاوانەکە ئاوەژوو دەکەن و بیرو بۆچونیان هەڵسەنگێنین, ئەوانەی هۆکارە گرنگەکان پشت گوێ دەخەن و, تەنها مەلای خەتیّ تاوانبار دەکەن، هەموو ئەوانە لە چەپەکانی کوردن, ئەوانە بە مەرامی دژایەتی ئاینی ئیسلامو ناشیرینکردنو لە بەرچاو خستنی کەسایەتی (مەلا)ی کورد ئەو کارە دەکەن، هەتا کورد گوێ بۆ زانایانی ئیسلام نەگرن و, ملکەچی ئاینەکەیان نەبن, لەجێی ئەوان گوێ بۆ بیرە چەپ و ڕاست و دژ بە ئیسلامو کەسایەتیەکانیان بگرن ... بەلاّم خەڵك ئازادە چی هەڵدەبژێریّ لە ئاین و ئاینزاو بیرو بۆچون ڕێبازو ڕێگەو, هەرچی کە زەینی دەیبڕیّ و دەیپێکیّ و مەیلی لێیەتی, بەلاّم ئازادانەو ئازایانەو دوور لە تەم ومژو شەڕە قسەو قسەلۆك و یەك تاوانبار کردن و شەڕە پەڕۆ, وتەو بڕگەو بابەتی ناشرینکەر بۆ یەك هەڵنەبەستن, کە نە ئەسڵی هەبیّ نە ئەساس, ئەوە برایەتی و هاونیشتیمانی و یەك ڕەچەڵەکی و بۆ یەك ژیان دەشێوێنیّو, وادەکات ئێمە هەر بەخۆمانەوە خەریك بین, داهێنان لە بیرو بۆ چوون و ژیان و زانستماندا نەکەین, گەلێکی خۆخۆرو لە یەك خوێن وەك کەوەکانمان نیشان دەدەین, کە هەر ئەو دەردە بوە هۆی هەموو شکستیەکانی مێژوومان و لە ناوچونی میر نشینەکانمان..

ئەوانە بەم کارەیان ڕاستی دەشێوێننو ئەوەندەی تر مێژووی کورد ئالۆز دەکەن، وا لەخوێنەری کورد دەکەن کە چەواشە بێتو, سوود لە هەڵەکانو ئەزموونە تاڵەکانی پێشینەمان وەرنەگرن ..کە ئەمە کارێکی زۆر خەتەرناکە دەرهەق بەکوردو خیانەتێکی گەورەی زانستیانەیە, بەرامبەر نەوەکانی داهاتووی کوردستان, ئەوانە ناهێڵن ڕاستی رووگەی پێشینەیان بە باش و خراپیەوە ببینین...

مەلای خەتیّ و .. گەشتی ژیانی

(مەلای خەتیّ) لە حەفتاکانی سەدەی هەژدەیەم لە گوندی (خەتیّ)ی ناوچەی (خۆشناوەتی) لە دایکبووە، بە (محمد ئەفەندی) یان (محمد خطی ئەفەندی) ناسراوە، لە قۆناغی لاوێتیەوە لای زانایانی ناوچەی ڕەواندوز خوێندویەتی[١١١], وەکو (ئیبن ئادەمو مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمو عەبدولڕەحمان ڕۆژ بەیانی) لە خزمەت (ڕۆژ بەیانی) خوێندنی تەواوکردوەو ئیجازەی عیلمی لیّ وەرگرتوە[١١٢], لە سەرەتای ڕۆژگاری حوکمی (داود پاشا ١٨١٧ ـــ ١٨٣٠ن) بۆ خوێندن دەچێتە بەغدادو دەبێت بە یەکێك لەو زانا بەرزانەی کوردستان کە دۆستایەتی لە گەڵ (داود پاشا) خۆش بووە ..

داودپاشا بە دۆستی زاناو شێخی تەریقەتەکان ناسراوبوو، سەرەڕای گرنگیدانی داودپاشا بە مزگەوتو قوتابخانەی ئاینی[١١٣].

سەرچاوەیەکی تر بەم جۆرە باس دەکات (مەلای خەتیّ لە سنووری نێوان (١٧٧٢ ـــ ١٧٧٥ن) داو لە دێی (خەتیّ) لە ناوچەی (خۆشناوەتی) نزیك (بالیسانو خەلیفان) لە دایکبووە، ناودارە بە (محمد ئەفەندی شێخ سلێمانی) لە خێزانێکی ئاینی ناودارە، باوکی زانایەکی ناسراوبووە، هەر لە منداڵیەوە دەستیکردە خوێندن، لای زانایانی ناوچەکە، زۆر جۆر زانستی لا کۆبوەتەوە، بە تایبەتی لە زانستە عەقلیەکاندا (فەلسەفیەکان) ڕۆچووە[١١٤].

---

[١١١] میرنشینی سۆران. کامەران جەمال زادە . ل٧٥.هەولێر ١٤١٩.

[١١٢] بنەماڵانی بەناوبانگی ڕواندوز. ممدوح مزوری . ل١٦.

[١١٣] میرنشینی سۆران. ل٧٥ .

[١١٤] کاروان . ژمارە (٥٣) بەشی دووەم . ل١٥٠.

ZAGROS WEBSITE

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە چووەتە بەغدادو لەوێ خوێندنی تەواوکردوە, زانایانی دیوەو هەر لەوێش بۆ ماوەیەك بووەتە مامۆستا[١١٥]، داود پاشای دوا والی سەربەخۆخوازی مەمالیکی دیوە, داود پاشا ڕێزی زۆری لێ دەگرێت, پێشتر لە گەڵ داود پاشادا لە گەیلانیە پێکەوە خوێندکاربوون و دەبنە هاوڕێ, وا دیارە لە بەغداد کاریگەری بۆچوونە سەلەفیەکان کار لە مەلای خەتێ دەکات, ئەو بیرۆکەیە لە هەندێ لایەنی ژیانیدا دیارە, کە کاریگەر بووە بەو قوتابخانەیە، لە دوایدا حەزیکرد بچێتەوە بۆ ڕەواندوز، هەتا ئەو بیرۆکە نوێیە ئیسلامیە بهێنێتەوە بۆ کوردوستان ولە ناو زانایاندا برەوی پێبدات, ئەمە لە لایەك, لەلایەکی ترەوە دەیویست بیرۆکەی جیا خوازی لە دەوڵەتی عوسمانی بە یارمەتی داود پاشاو پاشای میسر بۆ کوردوستانیش بهێنێ, دەیویست دڵی میر محمد پاشای سۆران بۆ لای داود پاشا رابکێشێ, چونکە داود پاشا کەسێکی سەربەخۆ خواز بووەو, حەزی کردوە لەو کەسانەش نێزیك بێتەوە کە ئارەزوی سەربەخۆییان هەیە لە دەوڵەتی عوسمانی, هەر بۆیە لە میر محەمەدی ڕەواندوزو پاشای میسر نێزیك دەبێتەوە, پەیوەندیەکی دبلۆماسی چالاك و نامە گۆڕینەوەیان لە نێواندا دەبێت, هەر لەو نیگا سەلەفی مەزهەبیەشەوە بوە کە ماوەی ندا دەوڵەتی ئێرانی قاجاڕی شیعە مەزهەب دەست لە کاروباری ناوچەکەی کوردو میرنشینی سۆرانەوە وەر بدات، (مەلا محمدی خەتێ) گەڕایەوە ڕەواندوز، پاشای گەورە زۆر ڕێزی لێناو پایەیەکی وەکو پایەی (شێخی ئیسلام)ی لە میرنشینی سۆران پێداو کردی بە راوێژکاری پشت پێ سپێرراوی خۆی[١١٦]. ماوەیەك لە بەغداد ژیاوەو دۆستی داود پاشابووە، ئەم دۆستایەتیە بوەتە هۆی ئەوەی کە مەلا محمد ببێتە ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان والی بەغدادو میری سۆران [١١٧] جێی خۆیەتی باسی بکەین کە زۆربەی زانا کوردەکان داود پاشایان ناسیوە پێش ئەوەی ببێتە والی بەغداد، کاتێك کە ئەو قوتابی بووە لە (قوتابخانەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بۆ چەند ساڵێك، وە بۆ چوونە سەر دەسەڵات زۆر سوودی لە زانایانی کورد وەرگرتوە, ناسیونی و هاوڕێی گیانی بە گیانی (مەولانا خالید) و (مەلا یەحیای مزوری) و (شێخ عەبدولڕەحمانی رۆژ بەیانی) و زۆری تر بووە، بەهۆی (مەلاونا خالید)ەوە پەیوەندی بە میرانی بابانەوە کردوە، بەهۆی (مەلا یەحیای مزوری) یەوە پەیوەندی بە میرانی بادینانەوە کردوە، بە هۆی (مەلای خەتێ و مەلا رۆژبەیانی) یەوە پەیوەندی بە میرانی سۆرانەوە بووە، لەبەرئەوە (داود پاشا) یەکێك بووە لە پاشاو والیە دڵسۆزەکانی کوردو سوودی زۆری بۆ کوردەکان بووە، زۆر یاریدەی (محمد پاشا کۆرە)ی داوە لە دامەزراندنی میرنشینەکەداو دژی ستەم و زۆرداران بووە، ئەگەر عوسمانیەکان داود پاشایان زووتر لەناو نەبردایە، بڕواناکەم بەو ئاسانیە میرنشینی (سۆران و بابان و بادینان و بۆتان و شەمزینان) بکەوتنایە، داود پاشا هەمان رای میر محەمەدو مەلای خەتێی بووەو هەموویان دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بوون, زۆر هەوڵیداوە کوردەکان بەهیچ لایەکیاندا لانەکەنەوە، داود پاشا ساڵی (١٨٣٠ز) دەست بەسەر دەکرێ و دەنێررێتەوە ئەستەمبوڵ، میر محمدیش دوای داود پاشا بە (شەش) ساڵ, واتە ساڵی (١٨٣٦ز) دەگیرێ و دەنێرێتە ئەستەمبوڵ و هەر ئەو ساڵە لە گەڕانەوەیدا لەڕێگە ون دەبێت, وە ساڵی (١٨٣٧ز) مەلای خەتێش دەمرێ، هەندێك دەڵێن دواتر مردوەو لەگۆڕستانی (گەردە گەرد) نێژراوە، مەلای خەتێ جگە لەوەی چەندین زانا لەسەر دەستیدا دەرچوون، کتێبێکی زۆریشی نووسیوە بە تایبەت لەبواری عەقلی و ئیلاهیدا.

ئەمە بوو ژیانی مەلای خەتێ، با ئەوەش دەر بخەین, کە لە چ درزێکەوە ئەم کەسایەتیە تاوانبار دەکرێت, کێیەو بۆ چ مەبەستێکی لاواز تاوانباری دەکات..؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

[١١٥] گۆڤاری زۆزك ژمارە(١) لاپەرە (٢٩) د.محمد گەزنەیی

[١١٦] گۆڤاری زۆزگ ژمارە(١)لاپەرە ٣٢، کەریم شارەزا.

[١١٧] مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید گرتگی، زۆزك ژمارە (١) ل٣٥.

ZAGROS WEBSITE

حوزنی موکریانی و دروستکردنی ئەفسانەکانی مێژوو

ئەگەر بەناو سەرچاوەکاندا بچینەوەو بەزەینی ڕۆشن مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین, زۆر بە سانایی ئەو پەڵە دەستکردە دەبینین بە پێنووسی نوسەرێکەوە, کە پێشتر زۆر کەس و هەریەکە لە سوچێکەوە تەم ومژوو گومانیان لە کارو کردەوەو نوسینەکانی هەبووە, دۆزینەوەی ئەم داوەی کە حوزنی بۆ مەلای خەتێ تەنیوە, لەبەر کارێك بوە کە قەڵەم تەریق دەبێتەوە نوکی بۆ دابهێڵێو لێکیبداتەوە, باسێکی شەرماویە، مرۆڤ دادەمێنێ کە چۆن لە سەر (حوزنی) ناودارو نووسەرو ماندو بنوسێ و تاوانباری بکات، سەرچاوەکان هەموو بۆ ئەوە دەچن, کە موکریانی لەبەر دوولوقمەی ژیان و بژێوی ژینی دونیایەکی فانی, لەبەر خاتری کەسێك کەڕێی بکاتەوە لە کونێك ئۆقرە بگرێ، ئەو تاوانە دەکات...

سەرچاوەکان خاڵێکی زۆر گرنگ ڕووندەکەنەوە, کە هەتا ئێستە کەس بەهەند وەری نەگرتووە و بۆی نەچووە, کە دڵسۆزی مەلای خەتێ دەردەخات بەرامبەر پاراستنی ئاینەکەی و پاك ڕاگرتنی عەقیدەی میللەتەکەی...

ئەوکاتانەی کە (داود پاشا) حوکمی بەغدای دەکرد, لە دوای ئەویشەوە بیرۆکەی پاکسازی لە ئایندا, کە لەلایەن (جەمالەدینی ئەفغانیو محمد عەبدەو شێخ ڕەشید ڕەزاو محمد عبدالوهاب)ەوە لە میسرو حیجازەوە سەری هەڵدا, کاریگەری لە سەر هەموو زانایانو ڕۆشنبیرانی جیهانی ئیسلامی دروست کردبوو، بەتایبەت لەوکاتەدا زۆربەی گەلانی ئیسلامی کاریگەری سۆفیسیزم و ڕێبازە لادەرەکانی لەسەر بوو.. ! بیدعەو خەرافیات و شەعوەزەی زۆر بلاوەی کردبوو، ئەو کارە نابەجێیانەو ئەو ڕێبازە کە لە سەر شێوازی سیخ و بوزی و هیندۆکیەکان داڕێژرابوو, تێکەڵ بە باوەڕی پاکی موسوڵمانان کرابوو, بووبوو بەئاین ...ئەو زانا ئیسلامیانەش بەنیازی نوێگەری و پاکسازی, یان ڕزگارکردنی عەقیدەو تەوحید لەچڵكو چەپەڵیو خورافات, شانیان لێهەڵمالی بوو, لەگەرمەیدابوون، ئەو بیرۆکەیە کەبەهۆی هەندێ زاناوە گەیشتە بەغدادو, بەهۆی زانایانێکی زۆری کوردەوە لە بەغدادیشەوە گوازرایەوە بۆ کوردستان, لەوکاتەدا سەرسەخترین زانای کوردی ناودار (ئیبن ئادەم) بوو لەناوچەی (باڵەکایەتی وسۆرانو هەولێر), کە زۆربەگەرمی بەرگری لەو بیرۆکەیە دەکردو حوجرەو قوتابیەکانیشی پێوە خەریك کردبوو، زۆربەی کاتی ئەم دواییەی تەمەنی بەو بانگەوازەوە خەریك دەکرد، یەکێك لە قوتابییە زیرەکەکانی ناوی (مەلای خەتێ) بوو، بەتایبەت کە لەسەردەمی پێش (داودپاشا) دا چوو بووە بەغدادو, ئەوەندەی‌تر خۆی بە زانست بەهرەمەند کرد و, بەو بیرۆکەیەوە گەڕایەوە بۆ میرنشینی سۆران, یەکێك لە کارەکانی جگە (کاری موفتی) میرنشین، هەوڵدانبوو بۆ گەڕانەوە بۆ قورئانو سونەتو, دوورکەوتنەوە لە بیدعەو خورافاتو ئەو شتانەی کەلکابون بەئاینەوەو ئیسلام لێیان بەرییە، بەلاّم چونکە (ئیبن ئادەم) هەر چەند زانایەکی زۆر بەرزبوو، بەلاّم کەسایەتیەکی تووڕە بوو, بەزۆر ڕای خۆی فەرز دەکرد، لەبەر ئەو توندیەی (ئیبن ئادەم), ئەو بیرۆکە سەلەفیە لە کوردستاندا وەکو پێویست سەوز نەبوو، بەڵکو بگرە زیاتر خەڵکی لە (ڕێبازەکانی قادریو نەقشییەوە) نێزیکتر دەکردەوە ...

(ئیبن ئادەم) زانایەکی مەزنو فەیلەسوفی زەمانی خۆی بوو، هەڵکەوتێکی مەرجەعیی بوو بۆ زانا کوردەکان[١١٨] گیانێکی نەتەوەیی پاکژی هەبوو بەرامبەر بە گەلەکەی، زۆر گرنگیداوە بەو هەواڵانەی کە پەیوەندیان هەبوە بەگەلی کوردو میرنشینە کوردەکانەوە ...یەکێك لەکتێبەکانی (مشکاة المنقول) بەکوردی دایناوە، زانایانی‌تری کورد زمانی ئەو کاتە ڕەخنەیان لێگرتبووە، وتویانە دروست نیە تا عەرەبی هەبێت بە کوردی شت بنوسی, چونکە عەرەبی زمانی

[١١٨] بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندوز. ل٥٢ - ٥٣.

ZAGROS WEBSITE

قورئانە, ئەویش لە حاشیەکەیدا دەڵێ(سەرم سوڕما لەگوتنی ئەو مەلایانە، ئەوانە وەکو هێلکەی لە تووکڵەی خۆی هاتونەدەر)، واتە هێلکە بەتوکڵی خۆی رازی نییە، ئەوانیش بەقەومی خۆیان رازی نین ...

(ئیبن ئادەم) مرۆڤێکی هەق و رەق بووە، لەسەر مرۆڤی هەژارو بێدەسەلات بەجواب هاتووە، هەوەسی بە زۆردار نەهاتووە، هەولێدابوو بۆ لەناوبردنی هەندێ ئاغاو دەرەبەگ و بەناو شێخی زۆردار، هەر بۆیە ئاغاو بەگو شێخەکان هەوەسیان پێی نەهاتووە، لە بەرئەوە بووە هەمیشە لەکۆچ و بارو لە هیچ جێیەك جێگیر نەبووە، هەروەها دژی کۆلکە شێخەکان بووە، تەنانەت کۆلکە شێخی (بەردە کوڕە)ی کوشتووەو ئاغایەکیشی سوتاندوە، واتە فەقێکانی بە فتوای ئەو کوشتویانە [119] زیاتر لە پەنجا کتێبی زۆر گرنگی جۆراو جۆری بووە، (مەلای خەتێ) قوتابی دەست و دیاری ئەو زانایە بووە...

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تاوانبارکردنی ئەو زانا دڵسۆزە, چاك وایە هەندێ زاناو نووسەر بدوێنین, بە تایبەت مەزنترین ئەدیب و فەیلەسوف و لێکۆڵەری کورد (مسعود محمد), هەتا حەقیقەتێکی ونبوومان لەو بارەیەوە بۆ روون بکاتەوەو دەڵێ: (مەلای خەتێ یەکێکە لە زانایانی گەورەی کوردو هەر خۆشی مامۆستای زۆر لە زانایانی ئایینی ئەو سەردەم بووە، مەدرەسەکەشی، مەدرەسەی فەتوای میرنشینی سۆران بووە، ئەو زانایە بەپێی ئەحکامی شەرعی کاریکردوە، خۆزگە سەرجەم فەتواکانی ماوەی (١٥. ٢٠) ساڵی تەمەنی میرنشین کۆکرابانەوەو لەدوو تویێ کتێبێکدا خرابانە روو، (مەلای خەتێ) نەك تەنها ئینسانێکی پاکبووە، بەڵکو تا بلێیت ئینسانێکی کورد پەروەرو دڵسۆزبووە، بڕوا دەکەم ئەوەندەی لە توانایدا هەبووە، پارێزگاری لە دەوڵەتی پاشای گەورەدا کردووەو خزمەتێکی زۆری میللەتەکەی و میرنشینی سۆرانی کردوە.

ئەو ئینسانە بەدرێژایی ساڵانی سەردەمی ئەو میرنشینە، مەرجەعی دینیبووە، دیارە مەسەلەی فەتواکەش ئەوکات هاتە گۆڕێ, کە حوسەین حوزنی کتێبەکەی خۆی چاپ کرد. پێش کتێبەکەی حسین حوزنی ناوو باوی فتواکەی مەلای خەتێ هەر نەبووە، لەوکاتەدا حوسین حوزنی هەفتەی جارێك سەردانی (مەلا ئەفەندی) دەکات، هەر بەم بۆنەیەشەوە لەیەکێ لە سەردانەکانی بۆ لای مەلا ئەفەندی, نوسخەیەك لە کتێبە نوێکەی خۆی پێشکەش دەکات، پاش ئەوەی کە مەلا ئەفەندی کتێبەکە دەخوێنێتەوە, بە (سەید حوسەین حوزنی) دەڵێ: "هەی بێقەزابی، تۆ ئەو غەدرەت بۆ لەمەلای خەتێ کردوە، مەعقول نییە"، (عەبدوڵڵا موخلیس بەگ) کە خەزوری مەلا ئەفەندی بوو, یەکێکیش بوو لە حەفیدانی برایەکی پاشا کوڕە، پێی وابوو فەتواکە بە تەکلیف و لەسەر رەئی هەموو عائیلەی پاشا کوڕەبوو، بە ئەحمەد پاشاو هەموو برایەکانیشیەوە، ئەوان هەموویان رازی بوونە ئەوجا فتواکە دراوە ...بۆیە پێم وایە مەسەلەی خیانەتی ئەو ئینسانە بەر لە کتێبەکەی حوسەین حوزنی لە گۆڕێدا نەبووە، کتێبەکەی لە بەر مجامەلەو خاتری (سەید تەها) نووسراوە، چونکە (سەید تەها) لەوکاتەدا زۆر رقی لە هەردوو عائیلەی (خەیلانیان و مەلای خەتێ) بۆتەوە ...ئیتر شتەکە بەرچاوە، شاراوە نییە، لەجغزی ئینسافەوە، مەبەستیشم ئەوە نیە بڵێم (سەید تەها) ئەو کتێبەی پێ نووسیبێ, بەڵکو حوزنی موکریانی بەو نووسینە مجامەلەی کردوە، بەڵام لە دەمێکدا کە (حسین) خوشی ئەزیەت و ئازارێکی زۆری کێشا تا چاپخانەکەی گەیاندە رواندوز، بەدەیان دەردی سەری و نارەحەتی تووش هات، لەوناوەشدا (سەید تەهای شەمزینی) یارمەتیەکی باشی داو, خانوو و زەوی و شوێنی بۆ دەستەبەر کرد، لە دەرکردنی زاری کرمانجیشدا هاریکارییبوو، ئەنجا بۆ مجامەلە تەرزیەی دڵی (سەید تەها)، (حوسەین حوزنی) ئەو فتوایەی بڵاوکردوە، (تەریقەتی نەقشبەندی) لەگەڵ مەزهەبی (مەلای خەتێ) زۆر جیاوازبووە، کەچی تەنانەت ئەوانەی جیاوازیشیان لەبۆچوون و تەریقەتدا هەبوو، ئەو خیانەتەی کە باسی دەکرێ رەتیانکردۆتەوە، بۆنموونە (محەمەدی کوڕی مەلا شێخ تەهای بالیسان) کە بۆ خۆیان (نەقشبەندی) بوون، وە تا ئەو تەریقەتە لەگەڵ مەزهەبی (مەلای خەتێ) زۆر جیاواز بووە، کەچی

[119] هەمان سەرچاوە. ل ٥٨ . ٥٩.

ZAGROS WEBSITE

ئەو سوێندی خواردوە گوتی: مەلای خەتێ پێی خوار دانەنابوو، بەڵکو کتێبەکەی حوسەین حوزنی ئەو هەرایەی نایەوە[١٢٠].

(عبدالفتاح عەلی یەحیا) لە لێکۆڵینەوە گرنگەکەیدا هەرچەند زۆر دژ بە زانایانی ئاینیو مەلای خەتێ قسە دەکات، بەلاَم دەڵێ: "حوسەین حوزنی موکریانی هەرچی نووسیوە بەبێ سەرچاوە بووەو هەر لەدەمی خەڵکی وەرگرتوە، بەڵێ چووەتە رەواندوز، بەلاَم دوای (٨٧) ساڵ بەسەر لەناو چوونی پاشا کۆرەدا" [١٢١].

دکتۆر محمد گەزنەیی دەڵێ: "ئەو پەرتوکانەی لەوکاتانەدا دەرچوون, باسی ئەم فتوایە ناکەن، نکوولێش لەوەناکرێ کە حوسەین حوزنی لەگەڵ (سەی تەها)دا زۆرکەسی دیکەش دەیانویست مەلای خەتێ ریسوا بکەن، هەرچی دەروێشو سۆفیو وشکە شێخ هەبوون دەیانویست لەبەردەم خەڵکیو مێژوودا ریسوابێت[١٢٢] لە گۆڤاری (رووناکبیری) کە لە (سوید) دەردەچێ لەبابەتێکیدا هاتوە کەگلەیی لەنووسەرێکی ئەڵمانی دەکات کەشتێکی بەهەڵە وەرگرتوە لە(فرایزەر)ەوە، دەڵێ: (نازانم بۆ زۆربەی رووناکبیرانی ئەمڕۆ دەست لەبەرۆکی قسەکانی حوسەین حوزنی موکریانی بەرنادەن ...)[١٢٣].

کامەران جەمال زادە دەڵێ: "لە سیەکانی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیست) حوسەین حوزنی موکریانی دەچێتە رەواندوز، لەوێ نیشتەجێ دەبێ، پاش ماوەیەك کە بە خوێندەوارو رۆشنبیری شارەکە دەردەکەوێت، بنەماڵەی مەلای خەتێ کە یەکێکبوون لەبنەماڵە ناسراوەکانی رواندوز, ئەوکاتە لەسەر زەویو بەراو کە بە ئەمانەت دابوویان بە(حوسەینی حوزنی موکریانی) نێوانیان تێکدەچێت، هەر لەوکاتەشدا کتێبی (مێژووی میرانی سۆران) دەنووسێو رقو کینەی خۆی پێیان دادەرێژێ، کاتێك داوای دەستنووسی (مالیخا) واتە: (الواقع) ی لێدەکەنەوە، دەڵێت نەماوەو سووتاوە"[١٢٤] واتە کاتێك موکریانی دەگوازێتەوە بۆ رەواندوزو خەڵکی بە رۆشنبیری دەزانن, هەرچی دەستنووسو بەڵگەنامەیئەو سەردەمە و میرنشینی سۆران هەیە بۆی دەهێنن، بەلاَم کە دەستیێوەردانیان تیا دەکات، لێی دەکەونە گومانو داوای دەکەنەوە، ئەویش بە بیانووی سووتان لەکۆڵ خۆیان دەکاتەوەو دەڵێ هەمووی سوتاوە, بە تایبەت (مالیخا) ئەو کتێبەیە کە بە داوای میر محەمەد روداوەکانی میرنشینەکەی تیا نووسرابوو، هەموو رووداوەکانی میرنشینی سۆرانی بە گەورەو بچووکەوە تیانووسراوە، بەلاَم (حوسەین حوزنی) بە کەیفی خۆی دەستیێوەردانی تیادەکاتو دەیفەوتێنێ، ئەو هۆیەشی لێدەکەوێتەوە کە ئێمە ئەمڕۆ زۆر لایەنی ئەو میرنشینە نێزیکەمان لێونەو ناتوانین بچینەوە سەر راستە باسەکانی، بەلاَم چونکە دوای روخانی بابانەکان دەست نوسەکانیان نەکەوتە دەستی حوزنی موکریانییەکی تر, هەر بۆیە هەموو روداوەکانی بابانەکان پارێزراوەو دیارەو, زۆر شت لە بارەیانەوە گەیشتوەتە دەستمان, بەڵێ (مەلای خەتێ) دژی ئەوانە بوە کە بەسەر دینەوە ژیاونو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە، هەتا جەنابی (موراد) دەگێرێتەوەو دەڵێ: "باپیرم کە لەلای مەلای خەتێ خوێندوویەتی, جارێکیان مەلای خەتێ گوێبیستی دەبێ کە پێشوازی لەشێخێك کردوە، بۆیە لێی تووڕە دەبێو، تەنانەت گوتبووی هەموو دەرسەکانم بەخۆڕایی چوون، بۆیە قسەت لەگەڵ ناکەم"[١٢٥].

هەروەها دەقێکی دەستنووسی دوولاپەرەیی (مەلا عەبدولکەریم) لە بنەماڵەی (مەلای خەتێ) لەپاش مردنی بەجێماوە بەناوی (رد العلامة عبدالكريم الخيلاني على تقول سيد حزني الموكرياني بحق ملا افندي الخطي (مەلای

---

[١٢٠] مامۆستا مەسعود محمد. گۆڤاری زۆزك. ل٣٦. ٢٧.

[١٢١] گۆڤاری کاروان. ژمارە. ٣٨، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا.

[١٢٢] دکتۆر محمد ئەحمەد گەزنەیی. گۆڤاری زۆزگ ژمارە (١) لاپەرە (٢٩).

[١٢٣] گۆڤاری روناکبیری. ژمارە (٢) لاپەرە (١٨١)، ستوکهۆلم فازیل کەریم ئەحمەد.

[١٢٤] میرنشینی سۆران. کامەران جەمال بابان زادە. لاپەرە (٧٦).

[١٢٥] دکتۆر محمد گەزنەیی. گۆڤاری زۆزگ ژمارە(١) لاپەرە (٢٨).

ZAGROS WEBSITE

خەتێ) الذي اتهمه بالخيانة)[١٢٦]، هەروەها (تاريق جامباز) بابەتێكی بەناوی (لە دەستوونووسێكی خەیلانیدا پێش حەفتا ساڵ باسی دادپەروەری و چۆنیەتی لەناو بردنی پاشای گەورەی رەواندوزی كردوە) كە لە ساڵی (١٩٢٧ز) مامۆستای پایە بەرز (مەلا ئەسعەد حاجی عومەر خەیلانی ١٨٥٣ ـــ ١٩٣٠ز) بۆی تۆماركردوین)[١٢٧] كە راستی زۆریان تێدایە دەرهەق بەپاكی و دڵسۆزیی مەلای خەتێ و, ئاشكرابوونی دەستی تێكدەران و شێوێنەران لە مێژووی كوردا، ئەمە جگە لە روونكردنەوەكانی مامۆستا مەسعود محەمەد لە جێی تردا[١٢٨].

زۆركەس گومان لە دڵسۆزیی و راستگۆیی حوزنی موكریانی دەكەن, هەریەكە بەجۆرێك و سەر بەكارێكی خراپی دژ بە كوردو ئیسلام تاوانباری دەكەن، حوزنی هەوڵی داوە هەرچی دەستنووس و ئاسەواری ناوچەكە هەیە لای ئەو بێت, زۆری كۆكردوەتەوە, تەنانەت خۆی دەگۆڕێت و بە بەرگی ئەفغانی وپاكستانیەوە بە دێهاتەكانی كوردوستانی هەر سێ پارچەكەدا گەراوە بۆ كۆكردنەوەی كولتووری جێماوی كوردی , پاشان دەیانهێنێتەوە بۆ رەواندوزو كۆیان دەكاتەوە, پاشتر دەیان كەس لە ئینگلیزو رۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەكان سەردانی دەكەن, خەڵكی رەواندوزو هەولێر گومانی لێ دەكەن وتاوانباری دەكەن بە دزی و چەند جار شكاتی لێ دەكەن , بریاری گرتنی دەردەچێت و لە بەندیخانەدا خۆی دەبینێتەوە, تەنانەت گەورەی ئینگلیزەكان لە ناوچەكەدا هەوڵی بەردانی دەدات, (گیوی) برای دەڵێ: (خەڵكی رەواندوز دوژمنایەتیان كردوە هەندێ لە رۆژهەڵاتناسەكان تكایان لە (مستەر ئەدمۆنس) مستەشاری وەزیری داخلیە كرد كە حوزنی بپارێزێ , تۆمەت باریان دەكرد كە ئینگلیز پەرستن و جاسوسی بۆ ئەمریكا دەكات. لا ١٣٢ رۆژنامەڤانی ژمارە: ٩) پاشان دەڵێ: (كە لە رەواندوز رۆی چاپخانەكەیان تالان كردو خانوەكەشیان داگیر كرد. لا ١٣٢) بەڵام كە موكریانی پیردەبێ و بێسوود دەبێت, ئیتر ئینگلیز وەك پیشەی هەموو جارانی وازی لێدەهێنن و پشت گوێی دەخەن, بەڵام موكریانی بە هۆی كەریم ئەفەندی تەرجومانەوە پەنا بۆ ئینگلیزەكان برد, ئەوان گوتبویان ئێمە دڵی لەعلی خان بۆ وی ناشكێنین. لا ١٣٢) لەوە دەچێ ئینگلیز واز لە حوزنی موكریانی و سەیتەها دەهێنن كە قائمقامی ئینگلیز بوو لە رەواندوز و گەورەترین پشت و پەنای موكریانی بوو, سەی تەها هەڵدێت بۆ ئێران و موكریانیش دەربەدەر دەبێت, (گیوی) ئاوا باس دەكات: (هێندەی پێنەچوو سەی تەها بە زمان لوسی ئێران هەڵخەڵەتا چوە ئێران, ئیتر بە جاری دەرگای پەلامار و بوختان و تەشقەڵەمان لە سەر كرایەوە و هەزاران جار حوزنیان كافر دەكرد و رەنگو بۆی جاسوسیەتیشیان تێدا, بە گوێی دنیایان راگەیاند كە ئەوان جاسوسی ئینگلیزان لا ١٣٥) بۆچی ئەمە بە پیرەمێردی ئەمرو ئەمین زەكی بەگ و زۆری تر نەكراوە كە هەر لەو كاتەدا بوون, بەڵكو رەمزی شەرەف و مەزنی كورد بون و هەتا ئەمرۆش یەك وشەیان بەرامبەر نەوتراوە و چاپخانەكەی ئەو لەوەی پیرەمێرد ناودار تر نیە..!! باسو خواسی زۆر لەو گۆڤارەدا هەیە كە بە تەواوی حوزنی گوماناوی دەكات, ئەوەش پێویستی بە لێكۆڵینەوەی ورد و سەرچاوەی تەواو هەیە، سەرەداوێك لە سەر دەستێوەردانی (مالیخا)و, ون كردنی ئەو هەموو دەست نوس و بەڵگەنامانەی میرنشینی سۆران بە بیانوی ئەوەی كە گوایە لای ئەو بون بەڵام سوتاون, كە خەڵكی هەمویان بە ئەمانەت تەسلیم بەو كرد, هەروەها گواستنەوەی خۆی و چاپخانەیەكی گەورە, لەو بارو دۆخە قورس و رێو بانە خراپ و دوورە نالەبارەدا لە سوریەوە بۆ رەواندوزو, وە دەستكەوتنی چاپخانەیەكی گران بەها لەگەڵ هەژاری حوزنی موكریانیدا, گومانی زۆر لە كاری ئەو كەسەدا وەدەردەكەوێت، بۆچی موكریانی چوە رەواندوز كە لەو سەردەمەدا دوور لە روی رۆشنبیری و شارستانی بوو, بۆ نەچوە هەولێرو سلیمانی و كەركوك, كە هەموو هۆیەكی گونجاوی رۆشنبیری بۆ ئەو تیا بوو, ئەمە جێی گومانە, من وای بۆ دەچم كە هێزێك لە دەرەوەی كوردوستان و ناوچەكە, كار ئاسانی بۆ كردوە هەتا ئەو دەست نووس و بەڵگەنامانەی كە پەیوەندی بە شێوازی فەرمانرەوایی ومێژووی میرنشینی سۆرانەوە هەیە كۆبكاتەوەو بۆیان

---

[١٢٦] میرنشینی سۆران. لاپەرە (٧٩).

[١٢٧] گۆڤاری كاروان ژمارە(١٠٩) ١٩٩٧، تاریق جامباز، لاپەرە (٤٧).

[١٢٨] گۆڤاری كاروان ژمارە (٧١ ، ٧٢) ساڵی ١٩٨٩ . كتێبی حاجی قادری كۆیی، ل٣٨٧ ج١ بغداد ١٩٧٣.گۆڤاری كۆری زانیاری كورد .

ZAGROS WEBSITE

بنێریٚ, كە ڕەنگە ئەو هێزە ڕۆژهەڵات ناسە ئەوروپییەكان یاخود مۆزەخانەو دەزگا ئەدەبی وڕۆشنبیری و سەنتەرە لێكۆڵینەوەكانی دەرەوە بوبێت, كە ئەمە هەتا ئەمڕۆ هەر گومانەو لە سەر چەند خاڵێك دروست بوە, بەڵام ڕەنگە لە داهاتویەكی نێزیكدا زۆر شت لەو بارەیەوە ڕون ببێتەوە, بەتایبەت گومان لە سەر كتێبی مالیخا كە (ئەو دەستنووسەیە كە كاتی خۆی هەموو سەر بوردو كارەساتی میرانی سۆران و میر محمدی بەتایبەت لەسەر تۆماركرابوو، لە ڕۆژگاری میر محمد خۆیو بەفەرمانی ئەو میرزا مەحموود ناوێك، بەناوی (وقایح نگار) نووسیبوویو دوایی ناوی نا(مالیخا)، لە ساڵی (١٩٣٥ز) كاتێك حوزنی موكریانی دەچێتە ڕەواندوز دەیخەنە بەردەستی و سوودی لیٚ دەبینیٚو بۆ نووسینی كتێبی (مێژووی میرانی سۆران)، بەڵام لە خەڵكی رواندوزو هەموو ئەو بەڵگانەی لە سەر ئەو بابەتەوە دەستم كەوتووە دەڵێن: بەهۆی دروستبوونی كێشە لەنێوان حوزنی موكریانیو خێزان و بنەماڵەكەی مەلا (خەتیٚ) كە داوای دەست نووسەكانی لیٚ دەكەنەوە، موكریانی دەڵیٚ سووتاوەو دەست نووسەكەیان ناداتەوە، بەلاٚم كاتێك كە(مێژووی میرانی سۆران) بەچاپ دەگەیەنیٚ، خیانەت لە ڕووی حەقیقەتی هەواڵەكە دەكاتو مەلای خەتیٚ تاوانبار دەكات، لە راستیدا چاوگێڕانێكی خێرا بەنووسین و ئەدەبیاتی موكریانیداو سەربووردەی ژیانی لە كاریگەری بەرۆژئاواو رەقەبەرایەتی ئیسلامو پیاوانی ئەو ئیسلامە شتێكی چاوەڕوان كراوە[١٢٩].

پێم باشە كۆتایی باسەكە بەدوا وتە بهێنم كە لەلایەن شۆڕشگێڕێكی نوێخوازی كوردەوە, كە شێخی تەریقەتە و سەركردایەتی گروهێكی چەپە ئەویش (شێخ عیزەدینی حوسەینی) یە, كە سەركردەیەكی خەباتی كوردانی ئێران بوو، لەبارەی (مەلای خەتیٚ)وە دەڵیٚ: (مەلای خەتیٚ وانەبوە كە دەیگوتن، لەبەینی مەلای خەتیٚو میری رەواندوزدا تەبایەك هەبووە، وردە وردە سیاسەتی میر ڕوو لە شكست ڕۆیوە، خەریكبووە لە گەڵ عوسمانیەكان كە لەشكرێكی زۆریان خڕكردبوەوە بەشەڕ بێن، لە بنیشەوە عوسمانیەكان زۆربەی سەرۆك تیرەكانیان فریو دابوو، میریش زۆر خەڵكی بەناهەق كوشتبوو، میر تەماشای كرد گەر شەڕ رووبدات شكست دەخوات، دەوڵەتی عوسمانیش ناردبووی لەگەڵ میر یەك بكەویٚ، ئەمن بۆ خۆم لەسەرئەوە ساغ بوومەوە كەمیر بە مەلای خەتیٚی گوتوە ئەو فەتوایە بدەو خوتبە بخوێنەوە، نەوعێك تەبایی هەبووە، بۆئەوەی خەڵكەكە نەڵێن میر تەسلیم بووە، میریش شەڕەكەی نەكرد، ئەوە تەباییەك بووە (رێك كەوتنێك بووە) پاشان میر چوەتە ئەستەمبولٚ، لە ئەستەمبولٚ كەقەرار وابوو خەلاٚتی بكەنو بینێرنەوە، زۆریان قەدر گرتو پاشان هێنایانەوە، لەریٚ لەدیاربەكر لەهەرجێگەیەكبوو، میر بنگوم كراو نەهاتەوە، تەماشایان كرد، پاش بەینێك لە دیاربەكرەوە چەند شتێكی میر دەفرۆشرێت، میر نەهاتەوەو كوشتیان، كەس نەیزانی چۆنیان كوشت، شانەكە لەسەری مەلای خەتێدا شكاو مەسەلەكە تەواوبوو، جا چونكە هەمیشە دەیانەویٚ مەلا خەتابار بكەن، گوتیان مەلای خەتیٚ خیانەتی كردوە، بەعەقیدەی من وانەبووە)[١٣٠].

ئەمانە هەموو قسەی راستو رەوانو دروستو جێی سەلماندنن، لە هەمانكاتدا ئەوەندەی تریش هەن كە دەڵێن مەلای خەتیٚ تاوانبارو خیانەتكارە، هەموو ئەمانە قسەكانیان تەنها لە(مێژووی میرانی سۆران) ی حوسەین حوزنی موكریانیيەوە هێناوە، كە ئێمە سەلماندمان حوسەین موكریانی چۆن دەستكاری ئەو نوسینەی كردوەو ئەو فتوایەی داڕشتووەو لەبەركیٚو لەبەر چیو بۆ چ مەبەستێك بووە، ئەوانەی كە لەم قوتابخانەیەن زیاتر لەچەپەكانن و ئەوانەن كەخراپ بۆ مەلاو پیاوانی ئاین و ئیسلام دەپێون, وەك دكتۆر جەلیلی جەلیلو[١٣١] عەبدولفەتاح عەلی یەحیاو [١٣٢] جەمال

---

[١٢٩] میرنشینی سۆران. لاپەڕە (٨٢) پەراوێز.

[١٣٠] گۆڤاری هەڵەبجە. ژمارە . ١٨ . ١٩ مۆلندالٚ . سوید . لاپەڕە (٢٨) .

[١٣١] كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی . دكتۆر جلیلی جەلیل. ل١٨٤. ١٨٥ .

[١٣٢] گۆڤاری كاروان ژمارە (٥٢) لاپەڕە (١٣٥)، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا .

ZAGROS WEBSITE

نەبەز [١٣٣] و هەژار موکریانی و [١٣٤] لونگریك و [١٣٥] عەلی سەیدو [١٣٦] عەبدولڕەحمان قاسملوو [١٣٧] عەلادین سوجادی و [١٣٨] زۆری تر..

لەبەرئەوە مادام هەموو دەچنەوە سەر قسەکەی حوزنی موکریانی پێویست ناکات قسەکان و شیکردنەوەیان بهێنینەوەو بابەتەکە قەرەباڵغ تر بکرێت، چونکە ئەوەی پێویست بووە لەسەر موکریانی هەموو شتێکمان لە بارەوە وتوە بەزیادیشەوە.

دوا وتە:

لەم لێکۆڵینەوەدا وا دەردەکەوێت، هەتا پێش بەشداری ئێران لە گەمارۆی ڕەواندوزدا، میر محمدو سوپای رواندوز هیچ نکوولیەکیان نەبووە لەوەی جەنگێك بەرپا ببێ هەرچی تیا دەبێ بابێ، سوربوون لەسەر مردن و بږواشیان بەسەرکەوتن هەبوو، بەڵام کە ئێران هاتە ناو بازنەی جەنگەوە لە بەرژەوەندی عوسمانیەکان، کە هەرگیز میر ئەوەی چاوەڕوان نە دەکرد، چونکە جەنگی خوێناوی سەدان ساڵەی نێوان عوسمانی (سوننی)و، ئێرانی قاجاری (شیعە) ئەوەی لێ چاوەڕوان نەدەکرا...هەر بۆیە بەیەکجار و دەمو دەست ورە رووخاو دەستیان لە هەموو لا برا، بەتەنها خۆیان لەناو دۆڵ و قەلاو شاخدا بەگەمارۆدراوی بینیەوە، گەمارۆکەش بەدەم وردە شەڕەوە ئەوەندە درێژەی کێشا, خۆراك و تەقەمەنیان کەم بوویەوە، هەر بۆیە لەوکاتە ناسکانەدا, هەموو پەیمانێکی لەو جۆرە کاری خۆی دەکات, سەرکردە ناچار دەکات بەدوای ڕێگە چاری تردا بگەڕێ و, راوێژ بەهەموو ئەوانەی چوار دەوری بکات.

کە میر محمد ڕای گۆڕاو قسە لە گەڵ هەموولا کرا، بەتێکڕا ئەوەیان بۆ دروست بوو, کە ڕەنگە دەستدرێژکردن بۆ ئاشتی، هێشتنەوەی سوپاو میرو رواندوزی پایتەخت بە خەڵکەکەیەوە لە لەناوچوونی حەتمی بپارێزێ، بەتایبەت کە عوسمانیەکان زۆر بەگەرمەوە داوای ئاشتی دەکەن و, نامەی چەورو پڕ مژدەو پڕ سوێندو وەعدی شەرەفیان بە نوێنەرەکانیاندا ناردوە بۆ میر محەمەد، چونکە ئەگەر ڕێك نەکەون, ئەوا عوسمانیەکان بەو سەد تۆپەی کە کۆیان کردوەتەوە، ناوچەکە دەبێژن و, بەو دەیان هەزار سەربازە برسیە شڕە خۆرەی عوسمانی وئێرانی وعەرەبی و خۆفرۆشە کوردەکانەوە, شارو دێ دەسووتێنن و ئەتکی ناموسیان دەکەن و هەرچیان بەر دەست بکەوێ دەیکوژن و تالانی دەکەن, کەسیش وەفریایان ناکەوێ، هەروەك چیان بە شارو دێ و خەڵکی (بۆتان و ئامێدی و جزیرەو زاخۆو زێبارو ئاکرێ و هەولێر) کرد، لەبەر ئەوە میرو سەرداران, لەسەر ئەوە پێکهاتن, کە داوا لە زانایان بکەن بۆ ئامادەکردنی فتوایەکی نەرم و گونجاو، کە لەباتی هەر هەموویان میر محمد خۆی تەسلیم بکات و, شوێنی ئەو وەعدو پەیمانانە بکەوێ..بە تایبەت عوسمانیەکان دەیانبردە سەر، چونکە میر محمد پەیمانی بە ڕەشید پاشادابوو، ڕەشید پاشا بە محمد پاشای رواندوز دەڵێ: "ئە من لەوەی موتەئەسیفم کەتۆ پارەیەکی زۆرت بۆ ئێران ناردیە بەدیاری، محمد پاشا

---

[١٣٣] الامیر الکردی. جەمال نەبەز. ص٢٨٩، ٢٩٠ ترجمە. فخری سلاحشور، هەولێر ١٩٩٤.

[١٣٤] شەرەفنامە. وەرگێرانی لەفارسیەوە هەژار موکریانی. پێشەکی لاپەرە (٣٧) و (٥٠٨) نجف ١٩٧٢ .

[١٣٥] اربعة قرون من التاریخ العراق الحدیث. ستیفن لونگریك، ص ٣٤٣ بغداد ترجمە جعفر الخیاط

[١٣٦] من عمان الی عمادیة. عەلی سەیدو گورانی. ص١٣٣ القاهرە .

[١٣٧] کردستان والاکراد. عبدالرحمن قاسملو. ل ٤٧، ٤٨. بیروت ١٩٧٠ .

[١٣٨] شۆڕشەکانی کورد. عەلادین سوجادی. ل٦٩ بغداد. ١٩٥٩.

ZAGROS WEBSITE

جوابی دەداتەوە : پاشا ئەسەف مەخۆ، ئەگەر لەسایەی تۆ ئەمن بەكەیف هاتمەوە، ئینتقام لە ئێران لەكنە من سەهلە، ئەگەر نەشهاتمەوە !! خەزنەم زۆرە بەشی تۆش مایە...)[١٣٩].

میر محەمەد پەیمانێكی وای دا بەڕەشید پاشا, ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە كە وای نیازە ئەگەر لە ئەستەمبولٚ گەڕایەوە ببێتە پیاوی عوسمانی, هەم بەخشش بداتە ڕەشید پاشاو, هەم شەڕی دژی ئێران بۆ عوسمانیەكان بكات، واتە ئەگەر هاتەوە خراپ بە ئێران بكاتو دڵی عوسمانیەكان خۆش بكات، لە ڕەوشتی پێشووی میر محمددا هەبوو كە ئەگەر بهاتایەوە چی بە عوسمانیەكانو (میرنشینە كوردەكانی بادینانو بۆتانو هەكاری) دەكرد، ئەمجارە بە پێچەوانەوە لەباتی ڕۆژئاوا هێرش بۆ ڕۆژهەلاٚت دەبات و, هەمان كار بە ئێران و (میرنشین كوردەكانی ئەردەلاٚنو بابان) دەكاتو خراپتریش، چونكە ئەگەر ئەوسا پەناو زلهێزێكی نەبوو، ئەمێستا بەپشتی عوسمانیەكان چی بوێت دەیكاتو, هەرخۆی دەیبردە جەنگی مەزهەبیەوە، ئەمە لەلایەك...لە لایەكی تریشەوە ڕەنگە ڕاست بێت, كە (سولٚتان) لە ئەستەمبولٚ, لەسەر قسەی (ڕەشید پاشا) زۆر ڕێزی میر محەمەدی گرتبێت,, ئەو پەیمانەی كە بە (ڕەشید پاشا)ی‌دا، هەتا كەسێكی لەوجۆرە ئازاو بەتواناو ناودار لەو سنوورە دژوارو پڕ لە كێشەیەدا لە دەست نەچیٚو, بۆ بەرژەوەندیەكانی دەوڵەتی عوسمانی لە كاردابیٚ، واتە میر محەمەد هەر لەژێر سەرپەرشتی سولٚتاندا بەجۆریٚ تر, بە پێچەوانەی كارەكانی پێشووی, ببێتە پۆلیسی عوسمانی لەناوچەكەداو سنووری عوسمانی بپارێزێت، لە باتی ئەوەی ڕووی هێرشی (میر محمد) بەرەو باكورو ڕۆژئاواو عوسمانیەكان بێت، ئەم جارە ئەگەر هاتەوە, ڕووی چەك وسەربازانی سۆران كاتە ڕۆژهەلاٚتو ئێرانی دوژمنی سەرەكی میرنشینە كوردیەكان, كە عوسمانیەكانیش بەخوێنی سەری میرەكانی تینوبوو...میر محمدیش وادیارە گویٚی لێنەبوو چەندە لە ئامۆزاو مامو (بەدرخانیو بادینانیو بۆتانی و یەزیدیان) بكوژیٚ بە عوسمانیەكانەوە، یان (بابانیو ئەردەلاٚنیو شنۆو لاریجانی) بە ئێرانەوە، بڕوادار‌بیٚ یان بیٚ‌بڕواو، شیعە بێت یان سونە, كورد بێت یان تورك یان عەرەب , هەرچیەك بێت لە هەر نەتەوەو ئاین و ئاینزایەك، عوسمانیەكان بیریان كردەوە, ناوچەكە پۆلیسێكی لەو ترازە نویٚیە, لەو جیٚو ڕیٚو سنورە ستراتیژەدا دەویست, لەو سنورە ئالۆزەی نێوان ئێرانو عوسمانیو بەغدادو موسلٚ بابانو ئەردەلاٚنو بادینانو بۆتان بە یەزیدیەكانیشەوە، كەمیر محمد لە ناوەڕاستیاندا چەقی بازنەكەیانی پێك هێنابوو, دەیتوانی یاری بەهاوكێشەكان بكاتو, لە بەرژەوەندی (بابولعالی و ئاستانە) بە كاربهێنیٚ، بەلٚیٚ (ڕەشید پاشا) سولٚتانی عوسمانی ڕازی كرد بەو سیاسەتە (بعیدوالمدی) دوور ماوەیە,كە زۆر بەسوود دەبوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەو كاتە لاوازەیدا كە بە پیاوە نەخۆشەكە ناوداربوو هەموو لا سەری تێكردبوو, لەو دەمەدا عوسمانیەكان بەتەنها تەكو جمی خۆڕاپەراندنو خۆتەیاركردنو ڕاستكردنەوەی باری لاری نەبوو، ئەگەر ئەمڕۆ (ئێرانو ڕووسو بەریتانیا) دەستیان داوەتە بنباڵیو ئەو ئەركەیان ـــ لەناوبردنی سۆران ـــ بۆ جێبەجێكردوە، ڕۆژگار هەروا نابیٚ, بەڵكو شەیپوری سەردەم ڕوو لە خراپتر ملی ڕیٚی گرتوە، لەبەر هەموو ئەوانە من لەو بڕوایەدام, عوسمانیەكان پەیمانیان دەبردە سەرو, ناوچەكە پۆلیسێكی نێودەوڵەتی لەو جۆرەی دەخواست، بەلاٚم هەموو ئەو ڕێكەوتنو پەیمانانە چووە سەرو میر محمد لەگەڕانەوەدا لەناوچووو نەما، كە بەڕای من ئەو نەهاتنەوەیەی لەبەرژەوەندی كەسایەتی خۆیو تێكۆشانی دلێرو سەربەرزی سەربازو خەڵكی سۆرانو كوردبوو، چونكە گەر میر محمد بگەڕایەتەوەو ئەو پەیمانانەی جێبەجیٚ بكردایە، هەموو بەرزیو ناوداریو سەرفرازی خۆی و گەلەكەی لەدەستدەداو, دەبویە نموونەیەكی خراپ بۆ مێژووی كوردو, ناوچەكە ئالۆزتر دەبوو، هەموو كەسێك مردنو لە دایكبوونێكی هەیە، میر محمد چاك ژیاو سەربەرز ژیا، بەو مردنە ئالۆزو نەزانراوو ون بوونەی, سەرداریو ناوداری خۆی پاراست، چونكە زۆر مردن لە زۆر جۆر ژیان چاكترە.

[١٣٩] گۆڤاری كاروان ژمارە (١٠٩) ساڵی ١٩٩٧، لاپەڕە (٥٠)، تاریق جامباز.

ZAGROS WEBSITE

ڕای حوزنی موکریانی بەرامبەر ئیسلام ومەلا و پیاوە ئاینیەکان

شتێکی سەیر لە نوسینەکانی حوزنی موکریانی دا تێبینی دەکەم و لێرەدا هەندێکی دەخەمە ڕوو, حسەین حوزنی کاتێك باسی ئیسلام یان زانایانی ئیسلامی دەکات زۆر بە خەتابارو خیانەت کارو دژ بە کورد ناویان دەبات, لە کتێبی (میرنشینی سۆران) دا چەند نمونەیەك دەهێنمەوە,

* لە کۆتاییی پێشەکیەکەدا دەڵێت : (لە زاناو گەورەکانی کورد دەپاڕێمەوە ئەم نامیلکەیەم بە دڵێکی خاوێنەوە پەسەند بفەرموون. لا ٢ میر نشینی سۆران , حوزنی موکریانی) موکریانی چونکە دڕدۆنگە دەزانێ خەتابارە لە نوسینەکەیدا, هەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا لە زانا ئاینیەکان دەپاڕێتەوە بە دڵێکی خاوێن ئەم سوکایەتیە بە مەلا و موفتیەکانی ئیسلام پەسەند بفەرموون, هەر لە سەرەتاوە خۆی دەزانێت چی چاندوە, داوا دەکات گوماناوی سەیری بابەتەکەی نەکەن.!!

* دەڵێت: (داود پاشا مەلا محەمەد ناو عالمێکی گەورەی کورد کە خەڵکی خەتێ بوو, بە مەلای خەتێ ناودەبرێ , ئەمرۆ نەتەوەی ئەو لە ڕەواندوز هەن و عالمن, بە دیارییەوە ناردە لای میر کە لە گەڵیا ڕێك بکەوێ کە بۆ ڕۆژی تەنگانە خۆی پێ ڕزگار بکات. لا ٦٤) ئەو نەیناردە لای میر , دیاری بۆ میر نەهێنا , هەردوکیان دوژمنی عوسمانی بون.

* **دەڵێت:** (میر محەمەد هێرشی کردە سەر یەزیدیان , هەزارانی لێکوشتن دوو هەزاری لێبەدیل گرتن, ٥٠٠ کیژوو ژنی گرتبوو کردنیە هەدیەو بەخشش گەلێکی بە گەورەو بە سەرانی موسڵ و ئاغاکانی هەولێر وکۆیەو ڕەواندوز بەخشی, کە میر محەمەد گەڕایەوە ڕەواندوز (عەلی بەگی داسنەی) بانگ کرد وتی بۆ دەست لە فیتنە هەڵناگری , عەلی بەگ میری داسنیٚ وتی (من بۆ تاکە گیانێك ناپاڕێمەوە) میر ڕقی هەستا فەرمانی دا کوشتیان.) پاشان موکری دەڵێ (وەکو لە پیاوە پیرەکانی ڕەواندوزم بیستوە عەلی بەگ گەلێك ڕوندو لاوچاك و مەردو شۆخ و شایانی کوژتن وخنکاندن نەبوو , بەڵام میری گەورە بە دەسیسەی مەلا دین دارەکان لە عەلی بەگی خواستبوو موسوڵمان بێ, عەلی بەگیش لە قسەی میری لە هەڵاتن کرد.) ئەمەی دواییان قسەی خۆیەتی و ئاوای هەڵبەستوە, ئاوا وەسفی سەرۆکی یەزیدیان دەکات و ئاواش باسی زانا ئیسلامیەکان دەکات, گەر یەزیدیەکە وابوایە, چۆن توشی ئەو شەڕە دەبوو..؟

* دەڵێت (عولەمایان نەیانهێشت میر شەڕ لە گەڵ تورکان بکات, بەڵام ئەحمەد بەگ سەرهەنگ قبوڵی نەکرد و گوتی دەبێ شەڕ بکرێ لە شکری میر لە نزیك زێی بادینان پێشیان بە تورك گرت. لا ٨٠) موکریانی خۆی باسی چەندین شەڕدەکات لە گەڵ تورکان و ئاستانەی هێنایە لەرزە, بەڵام بۆ ئەوەی قسەیەك بە عولەمایان بڵێ هەر بۆ خۆشی ئەوە دروست دەکات.

* (سوڵتان مەحمودی عوسمانی بە ناوی خەلافەتی ئیسلامیەوە مەنشورێکی بۆ علمایان نارد , بۆ مەلا یەحیای مزوری بۆ مەلا محەمەدی خەتێ بۆ مەلا عزرائیل جزیری پڕ لە ئایەت وحەدیس ڕەوانەی کرد بە ناوی دین و خەلافەتەوە گوێی مەلاکانی کوردوستانی پڕ لە با کرا. لا٨٢) کوا ئەو نامەیە.؟ هەموو دەست نوسەکان لای موکریانی بوو, گەر یەك دێری دەست کەوتایە وەك بەڵگە نامە بلاوی دیکردەوە.. ئەی بۆ لە ئەرشیڤی عوسمانیدا بلاو نەبویەوە..؟

* (میر ٣٠٠٠ کەسی ئازای دژی ئیسماعیل پاشا نارده ئامێدی , بەڵام بریقەدار پاشای موسڵ زوتر چوە ئامێدی و قەڵای توند کرد, ئیسماعیل پاشا قاقەزی بۆ ئەهالی ئامێدی و مەلا یەحیا نوسی کە یاریدەی دوژمنی کورد نەدەن و ئیتاعەی گەورەی میللەت, پێچانەوەو خۆ بەقوربانی دوژمن کردن, دوری مروەتە بۆ ئەسبابی خوێنی موسوڵمانان ڕشتن بێ ئیمانیە,ل٨٠) یەکەم مەلا یەحیا لە لای میر محەمەد بوو دژی یەزیدی و عوسمانی جەنگاوە, دوەم خۆی باسی ئەوە دەکات کە مەلا یەحیا لەبەرەی میردایە دژی دوژمنەکانی, ئیتر ئەم چیرۆکانە لە کوێوە دەهێنێ و دروستی دەکات, هەر بۆیە زۆربەی گێڕدراوەکانی تریشی دەکەوێتە ژێر تیشکی گومان ودردۆنگی,

* (لە سەر زێ شەڕی گەورەیان کرد دژی ڕەشید پاشا , کورد پڵنگانە شەڕیان کرد بە گەرمە هەڵمەتیان دەبردە سەر دوژمنان بەڵام چونکە پایەی ئیش لە دەست مەلاو فەقێکاندا کلۆر کرابوو شەڕ لە گەڵ ڕۆمدا (عوسمانی) بێ سوود بوو, مادامە میری گەورە بە بێ فەتوای مەلاکان کاری نەدەکرد لا٨٣) ئەی ئەوە نیە دەڵێ لە گەڵ عوسمانی شەڕی گەورەی کردوە, ئیتر فەتوای چیو کاریگەری چی..؟ ئەی ئەم شەڕە کێ فتوای بۆدا هەتا لە گەڵ عوسمانی شەڕ بکات و

ZAGROS WEBSITE

لە سێ بەرەدا عوسمانی خراپ بشکێنێ..!! خوێنەری بەڕێز با خۆی بە وردی ئەو دوو لاپەڕەیەی لای موکریانی بخوێنێتەوە گومانی زۆری بۆ دروست دەبێ.

* یەك دێڕ خوار ئەوە دەڵێ (ڕەشید پاشا شکاو هەڵهات لا٨٣) ئیتر ئەو قسە خەڵەفاویانەی دێری سەرەوە چی یە کە دەڵێ مەلاکان نەیانهێشت سەرکەوێ, دوای ئەوەش دەڵێ: (تالان وئەسبابێکی زۆر دەست کوردەکان کەوت) لا٨٣

* موکریانی دەڵێ: (ڕەشید پاشا کە هەڵهات و گەڕایەوە موسل فەرمانێکی ساختەی بۆ مەلا محەمەدی خەتێ پڕ لە ئایەت و حەدیس کە ئالەتی دەستی تورك بوو بۆ ملەتی کورد کوژتن بەکاریان بردو بۆ میری گەورەیان نارد کە بیخەڵەتێنن, مەلای خەتێ چونکو پەروەرشی دەستی داوود پاشای بەغداد بوو لا٨٤) زۆر سەیرە, ساڵێك پێش ئەم شەڕە داود پاشا لە ناوبرابوو عوسمانی بەغدادی گرتبوو, واتە سەرەتا محەمەد پاشای ڕەواندوزو مەلا یەحیای مزوری و داود پاشا لە یەك بەرەدا دەجەنگان دژی عوسمانی, داود پاشا ساڵێك پێش ئەم جەنگە لە ناوچوو بوو, داود پاشا بەردەوام دژی عوسمانی بوو, ئیتر ئەم قسە هەڵیتو پەڵیتانە بایی چەندە, دەڵێ پڕ لە ئایەتو حەدیس ئەگەر دیویەتی پڕ بوە, بۆ لەو هەموو نامەو فتوایانە دانەیەك بەبەڵگە ناهێنێ. باسی بەریتانیا ناکات کە بەغدادو ڕەواندوزی بۆ عوسمانی لە ناوبرد,

* حوزنی دەڵێ : (کەسێك بۆی گێڕامەوە وتی: میر ئەحمەدی برای میری گەورە لە گەڵ مەلای خەتێ لە مەجلسدا بووە کێشەیان, ئەحمەد بەگ داوای لە لەشکر کرد وتی کێ شەڕ لە گەڵ عوسمانی دەکات بکەوێتە لای من و کێ شەڕ ناکات بکەوێتە لای مەلای خەتێ, سەرهەنگ و لەشکر هەموو کەوتنە لای ئەحمەد بەگ و چەند فەقێیەك لەلای مەلای خەتێ و میری گەورە مانەوە, لا ٨٤) ئەمە چیرۆك دروست کردنە, ئەم هەڵبەستە ئەفسانە ئامێزە گەر ڕاست بوایە, دەبوە شەڕی ناوخۆو مەلای هەر زوو تیا دەکوژرا, پێش ئەوەی عوسمانی بێتە ڕەواندوز, خۆ مەلا نە جەماعەتی بووەو نە چەکدار, ئیتر لایەنی لەکوێ بوە, خۆی و چەند فەقێی کتێب بە دەست, کەی پەیوەندیان بە کاری سەربازیەوە بوە..؟

* (مەلای خەتێ بڕیاری دا کە میری گەورە بڕواتە لای مستەفا ڕەشید پاشا, میری گەورەو مەلای خەتێ بە پەنهانی لە شکرو سەرهەنگەکانەوە مخابەرەیان لە گەڵ کرد میر ئەحمەدی برای دەکاتە وەکیلی حکومەتەکەی و مەلاو چەند سوارێك هەڵدەگرێ و دەچنە کن مستەفا پاشا. لا٨٦) ئەم چیرۆکە هەڵبەسراوە قسە زۆر هەڵدەگرێ:١... گەر مەلای خەتێ بڕیار دەدا, بۆچی میر محەمەد مەلای خەتێو چەند سوارێك هەڵدەگرێ, ٢... گەر بە پەنهانی لەشکرو سەرهەنگەکانەوە مخابەرە دەکەن, ئەی چۆن ئەحمەد بەگی برای کردە جێ نشینی خۆی, ٣ .... ئەگەر ئەحمەد بەگی کردبێتە وەکیلی خۆی, ئیتر شەرە قسەی نێوان ئەحمەد بەگ ومەلا بۆچی و لە پای چی, ؟ ئەمە هەموی هەڵەی چاپە یان هەموو درۆیەك هەروایە..!!.

* (میر باری ٢٠٠ ئێستر دراوی دا بە ڕەشید پاشا, لا ٨٧) بڕواناکەم بە هەموو میرنشینەکانی ئەو دەمەوە باری ٥٠ ئێستر دراویان هەبوبێ, ئەم فشە خۆشانەی چۆن بۆ هاتوە, چاك وابوە قسەیەك بکات عەقڵ بیگرێ,

* (لەو سەرەوە مەلا عەزیزی موفتی ڕەواندوز کە ئامۆزای پاشا بوون لە بازاڕ کەل و پەلی پاشایان بینی دەفرۆشرا, لا٨٧) ئەمە چۆن ڕێکەوت ئەوان لە ئاستانەوە دەگەڕانەوە, لەو شارە ئەو کەلوپەلانەیان بینی دەفرۆشرا , ئەگەر ئەم موفتی ڕەواندوزە ئەی مەلای خەتێ چی بووەو موفتی کوێ بوە.؟

* (ڕەسوڵ پاشا لە پاش میر محەمەدی برای حەوت ساڵ پاشایەتی کرد ,لە گەڵ عوسمانیەکان بە شەڕ هات تورکی شکاند, دیسان عوسمانیەکان مەلاکانیان لە ژێرەوە هانداو ئەوانیش دەهۆڵیان بەناوی ئاین وخەلافەتی ئیسلامەوە لێدا, دەستیان بە چاوو ڕاوو فەتوای ناڕەوا کردو ڕەسوڵ پاشاش چاوو ڕاوی مەلاکان کاری لێ کردو دەستی لە شەڕ هەڵگرت و ڕوی لە ئێران کرد. لا ١٠١) ئەم میرانە چی بون هەموو جار بە مەلاکان خەڵەتاون , جارێ, دوو جار, ساڵێك ,دە ساڵ, چۆن بە گوێیان کردون, گەر ئەم قسەیە ڕاست بوایە, دەبوو ئاین لەو کاتانەدا لە کوردوستاندا ناشرین بوایە وابرەوی نەدەبوو, پێش نەدەکەوت وخەڵکی کورد لە دەمی خۆیان ومالو منداڵیان نەدەگرتەوەو خەرجی بکەن لە مزگەوت و حوجرەو مەلا کاندا, ئەم هەموو بوختانە چۆن دەچێتە سەر, خەڵکی کورد گەر ئەوەندە ساویلکە بونایە کە موکریانی دەڵێت, دەبوو هەر زوو مەلا و مزگەوت لە بەرچاوی خەڵکی بکەوتایە,

* (میر محەمەد پاشای ڕەواندوز کە بە هاندانی مەلای خەتێ و مەلا یەحیا ی مزوری و مەلا عزرایلی جزیرە, پەلاماری بردە سەر دێهاتەکانی شێخان وکوشتاری زۆری یەزیدیانی کرد... لە گەڕانەوەدا لە سەر ئارەزوی مەلا ناوبراوەکان کوشتارێکی بێ جێو ناڕەوای لێ کردن لا١٠٨) دەبوو بیوتایە بە فتوای ئەوانە............!!

ZAGROS WEBSITE

* (دەستوری دەوڵەتی محەمەد پاشا قورئان بوو, وەهی عوسمانیان پێچەوانەی قورئان بوو, کە مەلا سەر بەتورکەکان دەیانگوت تفەنگ بە تورکەوە نان زیانی بۆ ئاین وتەڵاق هەیە...گەورەترین تاوانی میر محەمەد ئەوە بووکە مەیدانیدا مەلایان خۆیان تێکەڵ بە کارو باری دەوڵەت بکەن. لا۱۰۹) بڕواناکەم هیچکەس لە کورد پێش موکریانی قسەی وای کردبێ ,کەسێك فێر نەکرابێ وبە بەرنامە نەهێنرابێت بۆ ڕەواندوزو ئەو هەموو بوختانە بێبەڵگەو بێبەڵگەنامە بهێنێ و فەرمێکی میری یان دەوڵەتی عوسمانی نەهێناوە,

* لە زاری کرمانجیدا بەرامبەر مەلاکان دەڵێ: (ئەم میقرۆبانەش زۆریان لە ژێر سێبەری دیندا خوێنی میللەت ئەمژن. بڕوانە گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە: ۹ لا۱۳۲ هاوینی ۲۰۰۲) یەك کتێبی وا قسەی خراپی بەرامبەر ئیسلام ومەلاکان هەیە, بەلاٌم بائیتر بەس بێت..؟؟

بەریتانیاو پیاوانی بەریتانی لە دیدی موکریانیەوە

- موکریانی بە هیچ شێوەیەك دەست درێژناکات بۆ باسکردنی دەست و نەخشەی بەریتانیا بۆ پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی, گەر بەریتانیا نەهاتایەتە هاوکێشەکەوە بۆ بەرژوەندی عوسمانیەکان, هەر زوو عوسمانی کەوتبوو وە دابەش بووبوو, وە کورد ڕزگاری بوو بوو, لە گەڵ عێراق و شام ومیسر و نیوە دورگەدا, تەنانەت باسی دەستی ئێران وڕوس ویەزیدیان ومیرو بەگە کوردە خیانەت کارەکان کە هەموو سەرچاوەکان بە درێژی وپڕ بە دەلیل باسیان کردوە, ئەم باسی ناکات, تەنها باسی خیانەتی مەلا بێدەسەلاٌتەکان دەکات و بەس..!!

- موکریانی باسی زیاتر لە ۳۰ متەسەریف و قائیمقامی کوردی لە ڕەواندوز کردوە , کە باسی قائیمقامە کوردەکان دەکات بەبودەڵەو خراپ ونەزان جۆرە وشەی نزم ناویان دەبات (تێنەگەشتوو, تورك پەروەر, بە دەعیە, هیچ نەکەر, ئەهالی ڕەواندوز دەریان کرد, نەزان, ڕوتیان کردوەوە), بەلاٌم کەباسی قائیمقامە بەریتانیەکان دەکات بەم جۆرە:میجەر نۆئێل حاکمی ئینگلیز لە قەزای ڕەوندوز باسی چاکەو پیاوەتی دەکات, (لا ۱۱٤) دوای ئەو باسی سێ کەس (a*p*o) ی ئنگلیزی دەکات , دوای ئەوان باسی کابتن کرك دەکات (لا۱۱۵) ئەم ئینگلیزانە لەسەر ئاژاوە ڕەواندوز جێدەهێڵن, گەورەکانی ئەو شارە چوون و لەبەر کابتن پاڕانەوە و تکایان لێ کرد کە جێیان نەهێڵێ,(لا۱۱۵) بەلاٌم میجەر کرك ڕەواندوزی بەرداو چوە باتاس , دیسان گەورە پیاوانی شار چونە لای خواهیشتیان لێ کرد بگەڕێتەوە ڕەواندوز (لا۱۱٦) ئەویش حاجی نەوزەر ئەفەندی کردە وەکیلی خۆی.(لا ۱۱٦) هەر لە وێدا کەباسی شێخ مەحمودی نەمر دەکات, چونکە سەر بە ڕێبازی ئاینی ئیسلام بوە ئاوا باسی دەکات: (هەرای شێخ مەحمود کوردوستانی شڵەژاند), بەلاٌم ئاوا باسی کابتن میجەر دەکات : چوە ڕەواندوز گەورەکانی کۆکردەو باسی سوڵح وسەفای بۆکردن پاشان دەڵێ: یوسف بەگی بە مشکیەکەی لە دیوەکەی خۆی خنکاند, بەلاٌم بە شتێکی تر بۆی دەپۆشێ,(لا۱۱۷) باسی بارزانی و زیباریەکان بەم جۆرە دەکات: (بەسەر عەقرەدا دەدەن و تالاٌنی دەکەن, سورچی وبادینان وسۆران ڕێکەوتن چونە سەر ڕەواندوز ئەوەی لە دەستی ئەرمەن و ڕوس و ئاشوری ڕزگاری بوو ئەمان برديان,لا ۱۱۹)

- **سەی تەهای ئەفەندی** : ئەمە کەسایەتیەکی سەر بە ئینگلیز بوو,بەهاری ساڵی ۱۹۲۳ لە لایەن حکومەتی بریتانیاوە کرا بە قائمقامی ڕەواندوز,چاپخانەو گۆڤارو مەکینەی هەنگوین وجوجەڵەو کەرەسەی ئاوریشمی هێناو قوتابخانەی بۆ مندالاٌن دامەزراند لە ڕەواندوز بەرەو ئاوەدانی چوو ئاسایشی دامەزراند ساڵی ۱۹۲۸ سەی تەها چوە ئێران و لە تاران ئیستیعفای کرد لا۱۲۰ مێژووی میرانی سۆران..حسەین حوزنی موکریانی هەولێر ۱۹٦۲ چاپخانەی کوردوستان ساڵی ۱۹۱۵ لە حەڵەب دامەزرا, سەی تەها زۆر یارمەتیدا.

ZAGROS WEBSITE

حوزنی موکریانیوشیعره هه ڵبەستراوەکەی هورمزگان

یەکێکی تر لەو کارە خراپانەی کە حسەین حوزنی موکریانی دەرهەق ئەدەبی کوردی و ئیسلام کردویەتی, ئەو شیعرە دروست کراوەیە کە لەگەڵ (دکتۆر سەعیدخانی کوردستانی), بۆ ناشرین کردنی ئیسلام هەڵیانبەستوەو, داویانە بە (محەمەد تەقی مەلیك الشوعەرا... بهار) کە نوسەرێکی بەناوبانگی ئێرانی بوەو, سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی شیعری کۆنی ئێرانی بوە و, داوای سەرچاوەی لە دکتور سەعیدی کوردوستانی کردوە, ئەویش شیعری هومرزگانی هەڵبەستوەو داویەتیەو وتویەتی ئەمە کۆترین شیعری کوردیە, گوایە لە سەر چەرمێك نوسراوەو لە ئەشکەوتی (هەزار مێرد) دۆزراوەتەوە, (ڕەشید یاسەمی, کوردو پیوستەگی نژادی و تاریخی لا١١٩ ایران) یان وتویەتی لە (کۆسالان) لە هەورامانی تەخت دۆزراوەتەوە, (کورد, تورك, عەرەب, س.ج. ئەدموندز. لا٣٩٢) مەلیك شوعەراش لە کتێبەکەیدا بەناوی (شیعر در ایران) لە ئێران بڵاوی کردوەتەوەو, (حوزنی موکریانی)ش لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٠ دا بڵاوی کردوەتەوە, (زاری کرمانجی , حوزنی موکریانی , ژمارە ٢١ ساڵی چوارەم ١٩٣٠ لاپەرە ١٩ لە ژێر ناونیشانی (سەرمایەیەکی گران بەهای مێژووی کوردان!) بڵاوی کردوە بەم جۆرە :

هورمزگان ڕەمان اتیران کوژان — هۆشیان شارەوە گەڤرەگەڤرەکان

زۆر کرە عارەب کوردی نەخابور — گەنانە پاڵە بەشی شارەزور

ژن و کەنیکان وە دیل بەشینان — مەرد ازا تیلین ژروی هەوینان

رەوشی زەردەشت مایەوە بێدەس — بیزکانا کت هورمز وە هیچ کەس

واتە: پەرستگاکانی زەردەشتیەکان وێران کران و ئاتەشگەی ئاگرەکان کوژێنرانەوە, گەورەکانی کورد خۆیان شاردەوە, زۆرداری عەرەب دیهاتکانیان هەتا شارەزور وێران کرد, ژن وکچەکانیان بە دیل گرت, پیاوی ئازا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزا, ڕەوشتی زەردەشت بەبێ کەس مایەوە, ئاهورامەزدای پیرۆزیش بەزەیی بە کەسدا نەهاتەوە.

(بڕوانە ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە (٥٨٤ بەروار ١١|٤|٢٠٠٦) عەبدولا نەجمەدین تەها, بابەتی ئەنفالکردنی گەلی کورد) تەنانەت موکریانی دەستکاریەکی زۆری شیعرەکەی کردوە, بۆ ئەوەی لە نوسینی زۆر کۆن بچێت , بەلام سیحرەکە بەسەر ساحیرەکاندا شکایەوە, ئەمیش چوە پاڵ ئەو هەموو ئەفسانە هەڵبەسراوانەی تر کە لە مێژووی کوردا کردویانە.

عەلادین سوجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی, لاپەرە ١٢٩... ١٣٠ چاپخانەی مەعاریف,) دوای ئەوەی شیعرەکە بە دەسکاری زۆرترەوە دەهێنێ و دەڵێ: (من ناتوانم بچمە ژێری و بڵێم بونی ئەم شیعرە ڕاستە یان ڕاست نیە, چونکە نەخۆم ئەو پارچە چەرمەم دیوە کە ئەم شیعرەی لە سەر نوسراوە, وە نە لە قسەی ڕۆژهەلات ناسێکەوە بەرچاوم کەوتوە,)

ئەنوەر سوڵتانی لە کتێبی (کەشکۆڵە شعرێکی کوردی گۆرانی, لا٣٩) دەنوسێت: (من نەمتوانی سەری ئەو هەودایە بدۆزمەوەو بزانم شعرەکە کەی ..؟ چۆن..؟ لە کوێ..؟ دۆزراوەتەوە و ئێستا لە کوێ یە ,مەخابن هەندێ سەرچاوەی کوردی ئەو شیعرە نەزانراوە نەناسراوەیان وەك یەکەمین شعری کوردی دوای ئیسلام لە قەڵەم داوە)

ئەحمەدی شەریفی لە (ڕۆژنامەی ڕزگاری ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٣) دا دەڵێ: پێم وایە دکتۆر سەعیدخان خۆی ئەم شیعرەی هورمزگانی داناوەو داویە بە مەلیك الشوعەرا, ئەویش بڵاوی کردوەتەوە,

دکتور کەمال فوئاد لە (گۆڤاری (گۆڕین) ژمارە ١١٣ ی ساڵی ١٩٧٥ لە قەولی خوالێخۆشبوو (پرۆفیسۆر تەوفیق وەهبی بەگەوە) دەنوسێ: ئەم شیعرە لە لایەن دکتور سەعید خانی کوردوستانی وداماو حوزنی موکریانیەوە سازکراوەو بڵاوکراوەتەوە.

دکتور جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی, لا ١١١)دا دەڵێ: (ئەمە پەنجا ساڵ زیاترە کە لە گەڵ سەرچاوەی کوردی و بێگانەدا هەواڵێك بڵاو دەکرێتەوە کە گوایە دەروێشێك لە دەشتی شارەزور پارچە پێستێکی

ZAGROS WEBSITE

دۆزیوەتەوە کە بە ڕێنوسی پەهلەوی چوار دێڕ هۆنراوەی کوردی لە سەر نوسراوە کە هۆنەرەکە گوایە ئاخ و داخی هەڵکێشاوە بۆ ئاینی زەردەشتی کە چۆن لە لایەن هێرشبەرانی عەرەبی موسوڵمانەوە لەنێوبراوەو, سکاڵا لە دەست ئەو هێرشبەرانە دەکات کە چۆن ژن و کچی کوردیان بە دیل گرتووەوخوێنی خەڵکیان ڕشتوە) دکتور جەمال پاشان دەڵێ: (ئەوەی ڕاستی بێت ئەم هۆنراوەیە هۆنراوەیەکی ساختەو دەستکردە, بە پێی زانستی زمانەوانی دەتوانین پیشانی بدەین کە کوردیەکەی ناتوانێ ببێتە کوردی دەوروبەری پەیدابونی ئیسلام.)

ئەمە یەکەم کاری حوزنی موکریانی و دکتور سەعید خانی کوردوستانی نیە, لێرەدا شیعرەکە هەڵناسەنگێنین(بڕ,انە ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە ٥٨٤ عەبدولا نەجمەدین تەها) تەنها دوو نمونە لە ساختەکاری و ژیانی دکتور سەعید دەهێنینەوە,

* ئەسعەد سیراجەدین دەڵێ : (دکتور سەعید خان ئەو سێ قەباڵەیەی بە فێڵ لە دەستی شێخ عەلادین دەرهێناوەو گەر چی بڕیار بوە دوای نواندنی بە پسپۆڕان بیداتەوە بە شێخ, بەلاَم نەیگێڕاوەتەوە و هەرسێکیانی فرۆشتون.) (کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی , لا٣٨)

*ئایەتولا مەردۆخی دەڵێ: (..من لە کتێبخانەکەی خۆمدا سێ دەستنوسی هەورامیم پێ'دا, یەکێکیان دیوانی (مەحزوونی) یا (بێسارانی) بوو کە باپیرم بە خەتی خۆی نوسیبوی, لە گەڵ دیوانی مەعدومی (مەولەوی) و (ڕۆستەم و زەردە هەنگەکە) ی (مەلا مستەفای دڵدلی), بەلاَم نازانم ئەوانە چیان بە سەر هات.) (کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی لا ٣٨)

شیعری هورمزگان زۆر لە قافیەکانی کتێبە شیعریەکەی (مزگانی) دکتۆر سەعیدخان دەچێت, دکتور سەعید ویستویەتی لە ڕێگای ئەم هۆنراوەیەوە دەمارگیری نەتەوایەتی ببزوێنێت دژ بە ئیسلام, هەنێ نوسەریش بەداخەوە کەوتونەتە ناو هەڵەکەوە, ئیتر بە قەست بوە یان نا کەوتونەتە هەڵەکەوە, دیارە دکتور سەعید لە ئێران و حوزنی موکریانی لە ڕەواندوز کە مەڵبەندی دەست نوس و ئاسەوارێکی زۆری جێماوی سۆران بوە, هەرچیان دەست کەوتوە ئاودیویان کردوە بۆ بەریتانیا , کە ڕەنگە ئایندە کاری زیاتری ئەمانە ئاشکرا بکات,

بۆ زیاتر شارەزابون لە کارو کرەوەی دکتۆر سەعیدی هاوڕێی موکریانی, کورتەیەك لە ژیاننامەی دەنوسینەوە:

(ساڵی ١٨٦٢ز, خوا کوڕێکی بەخشیە (مەلا محەمەدی سنەیی) پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی سنە, ناوی نا (حەمە سەعید), شیرە خۆرە بوو کە دایکی مرد, باوکی ژنی تری هێنا, ئەویش مرد, ژنی سێهەمی هێنا, حەمە سەعید تەمەنی حەوت ساڵ بوو باوکیشی مرد, کەوتە لای برا گەورەکەی, ئەویش خستیە بەر خوێندن, دوای چەند ساڵێك ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت, لە مزگەوتەکەی باوکیدا وانەی دوتەوە, ساڵی ١٨٨٧ کۆمەڵێك قەشەی گاور بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحی هاتنە سنە, لە گەڵ مەلاکانی سنە هەندێ وتوووێژ دەکەن, گاورەکان شکست دەهێنن, (قەشە یوحەننا) بە شوێن کەسێکدا دەگەڕا فێری فارسی بکات, لە گەڵ (مەلا حەمە سەعید) دەبنە ئاشنا , هەندێ قسەو باس دەکەوێتە نێوانیان و کۆمەڵێك کتێب دەداتە مەلا حەمە سەعید, بەوتەی نەرم فریوی دەدات و بەنهێنی دەیکەنە گاوور, حەمە سەعید ئەم بارەی دەشارێتەوەو کاکی و کەس پێی نازانێ, ئەم قەشەیە لە (ورمێ) دادەنیشێ زوو زوو سەردانی حەمە سەعید دەکات, ئەمیش وردە وردە سەردانی (ورمێ) دەکرد, لە یەکێك لەو سەردانانەدا, لە سەر دەستی گەورە قەشەی ئەوێ گاوری خۆی ڕادەگەیەنێت و, ناوی خۆی لە (مەلا سەعید) وە دەکاتە (میرزا سەعید)و مێزەرەکەی فڕێ دەدات, کاکی و خەڵکی بەم نهێنیە دەزانن, لەژێر فشاری خەڵکیدا ڕادەکات بۆ هەمەدان و جلی ئەرمەنی لەبەر دەکات و دەبێتە مامۆستای منداڵەکانی (قەشە شەمعون), ئەویش لە ساڵی| ١٨٨٨ دەیکاتە زاوای خۆی و کچە جوانەکەی پێدەبەخشێ, بەلاَم لە سەر قسەی خەڵکی لە هەمەدان دەگیرێ و دەیخەنە زیندان, مسیۆنێرو مژدە بەخشە گاورەکان لای دەوڵەت هەوڵی بۆ دەدەن و لەزیندان ڕزگاری دەکەن, وەك چۆن موکریانیان لە زیندانی ڕەواندوز ڕزگار کرد, لە گەڵ خۆیان خێزانی دەیبەنە (ورمێ), لەوێوە لە گەڵ تیمێکی مژدە بەخشەکان ڕەوانەی ئەورووپا دەکرێت, لەوێشەوە لە سەر بانگێشتی مژدەدەرێك بەناوی (مستر هاگبرك) ڕەوانەی سوەید دەکرێت وساڵی ١٨٩٤ دەگاتە ستۆکهۆڵم, لە پایزی ئەو

ZAGROS WEBSITE

سالەدا دەینێرنە بەریتانیاو لە کۆلیجی پزیشکی پیٚی دەخوێنن, سالی ١٨٩٥ز بە دکتۆری دەیگەڕێننەوە بۆ ئێران و دەیکەنە دکتۆری شا, پاشان (حەمە سەعید) دەبێتە (دکتۆر سەعید) و لە تاران کاری دکتۆری و مژدەبەخشی گاوری تێکەڵ دەکات و, شەوو ڕۆژ کاری بۆ دەکات و ناوبانگ دەردەکات, ئینجیل بە شێوەی هۆنراوە وەردەگێڕێتە سەر شێوازی هەورامی لە ژێر ناوی (مزگانی) بە چاپی دەگەیەنێت, لە تاران دۆستایەتی لە گەڵ ئەدیب وشاعیران پەیدا دەکات, یەکێك لەوانە (محەمەد تەقی مەلیك الشوعەرا, بەهار) دەبێت کە لەو کاتەدا خەریکی کتێبی (شیعر در ایران) دەبێت و داوای سەرچاوە لە دکتۆر سەعید دەکات, ئەویش شیعری هورمزگانی بۆ دەنوسیٚو دەڵیٚ ئەمە کۆنترین هۆنراوەی کوردیە و دەروێشێك لەسەر چەرم دۆزیویەتیەوە, لەسەر کاغەزێك بۆی دەنوسیٚ, ئەویش بە نەزانی لە کتێبەکەی دەئاخنیٚ بێلێکۆڵینەوە بلاٌوی دەکاتەوە و بەیەکەم هۆنراوەی کوردی لە قەڵەمی دەدات, دوای ئەو حوزنی موکریانی سالی ١٩٣٠ بلاٌوی دەکاتەوە, دوای ئەویش (ڕەشید یاسەمی) و پاشتر (مەردۆخی) و دوای ئەویش (عەلادین سەجادی) و بەوشێوەیە بلاٌودەبێتەوە. لە هاوینی ١٩١٢دا دکتۆر سەعید دەچێتە هەمەدان بۆ عیلاجی ئەمیر عەلادین کە نەخۆش بوە, پاشتر بۆ نەخۆشی وەکیل الملك, لەوێشەوە دەچێتە هەورامان بۆ چارەسەری سوڵتانی هەورامان, لەوێشەوە کچەکەی شێخ عەلادین نەقشبەندی نەخۆش دەبێت چاری ئەویش دەکات, پاشان قەوالەکان لە شێخ وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان و لەوێوە بۆ تاران, سالی ١٩١٣ دەچێت بۆ لەندەن, پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان بۆ کاری (دکتۆری و مژدەدەری) کاری یەکەمی دەکاتە خزمەتکاری کاری دوەمی, بەوە ناوبانگ پەیدا دەکات, سالی ١٩٣٩ لە تەمەنی ٧٧ سالێدا لە هەمەدان بە گاوری دەمرێت و لە گۆڕستانی گاورانی هەمەدان بە خاك دەسپێرێت.(ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە ٥٨٤ عەبدولاٌ نەجمەدین تەها) من وای بۆ دەچم کە کتێبی (فتوح سواد العراق) کە باس لە فەتحی کوردوستان دەکات وشتی ناشرینی زۆر لەو قسانەی حوزنی موکریانی باس دەکات , زۆر لەوە دەچێت کە ئەم کتێبە دەستچێنی دکتۆر سەعیدو موکریانی و میجەر سۆن بو بێت, کە هەرسێکیان لە یەك کاتداو لە یەك سنورو بە یەك بیرۆکەوە دژی موسوڵمانان کاریان کردوە, زۆر نزیکە ئەم سیپارەیە کە ڕۆژبەیانی کردویەتیە کوردی بە ناوی (ولاٌتگیری ڕەشە خاکی عێراق) هەڵبەستی دکتۆرو سۆن و موکریانی بوبێت, ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دورو درێژوو ورد دەبێت...!!!!

میرنشینی سۆران هەلی دروستبوون و هۆی کەوتنی

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەدان شارستانی و دەوڵەت ومیرو میرنشین, بە هەلێکی لەبار هاتون و, بە هۆیەکی ئەسەفبار لەناو چون و ڕوخاون, میرنشینی سۆرانیش یەکێك بوە لەو سنوردارانەی, کە لە ماوەیەکدا هات وچوو, لەو سەردەمەدا هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وئێرانی لە شەڕو هەرایەکی بێسنووردابوون, کێبەرکێیان بوو لەسەر داگیرکردنی میرنشینە کوردەکان .

بێگومان دامەزراندنی ئەم میرنشینە وەك دەوڵەتێك, چەند هەل ومەرجێك کۆبونەوەو ڕەخساندیان :

*سەرەتا دەوڵەتی عوسمانی لاواز بوو, چاوی لە تەشەنەکردنی میرنشینی سۆران پۆشی, ئەو لاوازیە بوە هۆی ئەوەی گەلە ژێر دەستەکان ڕاست ببنەوە, (فرایزەر) دەڵیٚ (دەوڵەتی عوسمانی وەها لاواز بوو بوو کە کوردەکان حیسابیان بۆ نەدەکردو بەیەك سەعات هەولێریان گرت,) (جیمس بیلی .رحلە الی بغداد,ص٢٠) شۆرشی یۆنانیەکان دژی عوسمانیەکان بە یارمەتی ئەوروپا, پول و پارەیەکی زۆری بە عوسمانیەکان خەرج کرد, بوە هۆی دارِزان وداچۆڕانی بودجەی, هەر ئەم لاوازبونە وای کرد ڕوسیاش بەرامبەری هەڵسیٚو (ئەدەنە)ی گرت کە ١٥٠ میل لە ئەستەمبوڵی پایتەختەوە دور بوو, کارێکی کرد (باب العالی) هەیبەت و نرخی ون بکات و ڕأپەڕین لە زۆر لاوە دروست ببێت.

ZAGROS WEBSITE

* سوڵتان (محەمەدی دووەم) ی عوسمانی زۆر توندو تیژ بوو بەرامبەر گەلە ژێر دەستەکان, ئەوانیش بێزار بون و ڕاپەرینیان دروست کرد.

* محەمەد عەلی پاشای میسر داوای تەعویزی کرد لە عوسمانیەکان لە باتی ئەو یارمەتیەیەی کە دای بۆ کوژاندنەوە و سەرکوت کردنی هەردوو شۆڕشی (وەهابی) لە سعودو (یۆنانی) لە بەلقان, بەڵام عوسمانی تەنها دورگەی (کریت)یان دایە ئەویش ڕازی نەبوو, ناچار بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم پاشا)ی کوری هێرشی کردو شامی گرت, هانی (پاشا کۆرە میری سۆران) ی‌دا کە ئەویش داوای سەربەخۆیی بکات, شان بەشانی یەك دەجەنگان و بەرەو ناوەڕاستی تورکیا هێرشیان هێنا , میسر و سۆران بەردەوام پەیوەندیان هەبوو, لەشکری میسر لە شام لە سەر مەرى کورد دەژیا, کوردەکانیش چەکیان لە میسر وەر دەگرت, سەرکەوتنی کوردەکان میسریەکانی زۆر دڵخۆش کردو پەیتا پەیتا چەکیان بۆ دەناردن و نامەیان لە نێواندا ئاڵوگۆڕ دەبوو, لە هەواڵ و نیەتی یەکتر ئاگاداربون, چونکە یەك مەبەست دەیجولاندن, پەیمانیان دابوو کە هەوڵ بدەن بۆ سەربەخۆیی کوردوستان لە ژێر ڕکێفی میر محەمەددا, وەك چۆن میسر سەربەخۆ بووبوو, گەر دەست تێوەردانی بەریتانیا نەبوایە, بە نیاز بوون زۆر بۆ ئاستانەی پایتەختی عوسمانی بهێنن.

* مێژوناس (لوتسکی) دەڵێ (ئیبراهیم باشا بە هۆی کریگرتەکانیەوە لە هەموو لایەکەوە هانی میللەتەکانی دەوروبەریان دەدا بۆ ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی عوسمانی.

* هەڵکەوتەی ناوچەی سۆران کە شاخاوی وسەختە, لە کاتی تەنگانەدا یاریدەی خەڵکەکەی دەدات(کاوس قەفتان..سوران..لا٤٤).

* یەکێك لە ڕێگە هەرە گرنگەکانی کاروانی بازرگانی شام و عیراق بەلای ڕەواندوزدا تێدەپەرێ, ئەوانیش باج وسەرانە و سامانێکی زۆریان لێ‌دەست دەکەوت, وای کرد کە شێوازێك لە دەسەڵاتێکی سیاسی وەربگرێت کە گەلێ ئامانجی نەتەوەیی وشەخسی پێدێتەدی.

* میرنشینی (بۆتان)یش تەواو پەرەی سەندبوو گەشەی کردبوو, هەر بەناو سەر بە عوسمانی مابویەوە, ئەوانیش لە بیری جیاخوازی بون لە عوسمانی.

* باری سیاسی میرنشینە کوردەکانی ئەو ڕۆژەش یاریدەدەرێکی چاك بوو بۆ پەرەسەندنی میرنشینی سۆران, میر نشینی (بابان) تەواو لاواز کەوتبوو, تەنانەت (فرایزەری گەرۆك) دەڵێ نەیان توانی میوانداری من بکەن, لەبەر ئەوە بەلای عوسمانیەوە خراپ نەبوو ئەگەر هێزێکی تر لە ناوچەکەدا دروست ببێ جێی (بابان) بگرێتەوە لە ڕوی ئێراندا, بۆیە لە سەرەتاوە چاوی لە تەشەنەی میری سۆران پۆشی, بەڵام کەزانی دەسەڵاتی پەیدا کردوەو بۆتە مەترسی, ئەوەبوو پەلاماری دا.

* کەسێتی پاشا کۆرە خۆی ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە پێگەیشتن و پەرەسەندنی میری سۆراندا, چونکە پێش میر محەمەد میرنشینی سۆران ئەو هێزەی نەبوو, دوای ئەویش یەکێکی تر نەبوو دروستی بکاتەوە.

* دوو بەرەکی و تەڵە بۆ یەك نانەوەی مام وخزمەکانی, کارتێکردنێکی وای لە دڵی میر محەمەددا دروست کردبوو, کە هەمیشە چاوی لەوەوە بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کار بگرێتە دەست و ئەو بارە لارەی کورد ڕاست بکاتەوە, ئەم هەستەش لە دڵ و دەرونیابوە دڵ ڕەقی, نەك هەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی , بەڵکو لای بووبوە خویەك و کاری تەواو بۆ ئاسان کردبوو لغاوی سەرکێشترین میرنشینی پێدەگرت, بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا سنوری خۆی پێ فراوان کرد, دڵڕەقیەکی خراپی بەداپەروەریەکی سەرزارەکی داپۆشیبوو, کۆبونەوەی ئەم دوو سیفەتە وەکو (میلنگن) دەڵێ (داگیر کەرو یاسا دانەر) (میلنگن. لا٩١) بەو دڵ ڕەقیە دزو جەردەی نەهێشت, زەبروزەنگی بەجۆرێك بوو کە بێگانە نیدەتوانی بێپرس هەنگاو بنێتە ناو میرنشینەکەیەوە, باری ناوەوەی میرنشینەکەی پێ بوژابویەوەو کاری کردە سەر خورەوشتی دانیشتوان بە جۆرێك گەرۆکەکان دانیان بەوەدا نابوو کە هەست بە جیاوازیی ڕەوشتی ئەم میرنشینە دەکرێت لە گەڵ شوێنەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی. *ئەو هێزەش کە هەیبوو لە هێزی میرنشینێکی بچوکی نەدەکردو لە سەربازو جبەخانەو تۆپ, هێزی بەزەبت بوو.

ZAGROS WEBSITE

* دۆخی سیاسی دەرەوەی کوردی ئەو ڕۆژەش پاڵی بە میری سۆرانەوە نا خێرا پێش بکەوێت و بێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان, دەوڵەتی عوسمانی وئێرانی لەبەر دەست بەسەراگرتنی میرنشینەکان هەرایان بوو, کەماندوش دەبون میرنشینەکانیان دەدا بە گژ یەکدا..

* میرنشینەکانی تری دەوروپشتیش زۆر لاواز و داڕزاو بوون, هەر خەریکی دوبەرەکی و فیتنە بازی وتەڵە بۆ یەك نانەوەبون, بەلاٚم بە پێچەوانەوە پاشا کۆرە خەریکی ڕێکخستن و خۆ قایم کردن و چارە کردنی نەخۆشیەکانەوبوو, بۆیە یەکە یەکە میرنشینە دراوسێکانی داگیر کرد, بەتایبەتی داگیر کردنی (میرنشینی ئامێدی) کە بەمە ناوبانگی بەهێزی دەرچوو چاوی میرنشینەکانی تریشی ترسان, چونکە ئامێدی زۆر سەخت ودژوارو دەوڵەمەندبوو داگیرکردنی هەروا ئاسان نەبوو..بەم جۆرە لەو سەر بەخۆییە نزیکبویەوە کە دەمێك بوو لە لاوێتیەوە لە سەری دابوو.(صالح قەفتان .مێژووی نەتەوەی کورد لا٢٩٨).

* ڕەنگە حەزی وابوبێت بێتە هاوشانی میسرو ئێران وعوسمانی, کردەوەکانی ئەمەیان دووپات دەکردەوە, لاسایی ئەوانی دەکردەوە, لاف و گەزافی ئەوانی لێدەدا, بەتایبەت قەلاٚ دروست کردن وسکەلێدان و کارگەی چەك و جبەخانە (حسەین حوزنی لا٣٩) دانانی پلەو پایەی سوپاو پۆلیس و جیاوازی وجۆری جل و بەرگیان , پایەو سیفاتی ئیداری و دادپەروەری و بەستنی پەیمانی دۆستایەتی لە گەڵ محەمەد عەلی میسر و داود پاشای بەغداد, کە گەورەترین دوژمنی عوسمانی بوون, ئەمانە دەری دەخست کە میری سۆران خەیاڵی زۆر دوور ڕۆیشتوە, بە تایبەت دەوڵەتی عوسمانی لە باتی ئەوەی سزای بدات, هات ڕوتبەی (میری میران) ی پێبەخشی (ئەمین زەکی. خۆلاصە تاریخ کوردستان. لا ٢٢٩) ئێرانیش دانی نابە میرنشینەکەیداو وەك میرنشینێك نەك وەك دەوڵەتێك (حسەین حوزنی لا٣٩) چونکە ئێران هەرچەندحەزی بە نوشوستی عوسمانی دەکرد, بەلاٚم ڕازی نەبوو ئەوەش لە خۆی بقەومێنێت ..

* کورت بینی میری سۆران هۆیەك بوو بۆ لە ناوچونی, ئەگەر چی ئازاو بەزەبروزەنگ بوو, بەلاٚم لە سیاسەتدا کورت بین و بڕوای بە بەڵێنی عوسمانی وبەریتانیا کردو خۆیدا بەدەستەوە. هەر ئەوەندە هەستی کرد زروف وباروودۆخ بۆ ئەو نیە ,سەری لێتێکچوو وازی هێنا, نەك وەك سەرۆکێکی خاوەن ئامانج, بەڵکو وەکو یەکێك لە ڕەعیەکانی چاوەڕوانی لێبوردن بوو بە بەخشندەیی سوڵتان..

* داود پاشا والی بەغداد ڕقی لە سەریەشەی بابانەکان هەستابوو کە هەمیشە کێشە دروست دەکەن بۆ بەغدادو عوسمانی, وە زۆر لا دەکەنەوە بەلای ئێرانە شیعە مەزهەبەکاندا, دەترسا ئەو ئاینزایە کاریگەری بلاٚوبونەوەی لە ناو خەڵکی کوردا هەبێت, حەزی دەکرد سۆران لە سەر حیسابی بابانەکان گەورە بێت, ئێرانیش حەزی دەکرد سۆران بە هێز بێت و گەورەبێت, بەمەرجێ لە ژێر ڕکێفی خۆیدابێت و بەرامبەر عوسمانی بوەستێت, چونکە ئێران بە شەڕی ڕوسیاوە خەریك بوو (فریزەر,لا١٢) ئەمانە هەلێکی مەزنی بۆ سۆران ئامادەکرد, کە بە هەر چوار لادا پەل بهاوێت و سڵ لە کەس نەکاتەوە, بەڵگەش ئەوەیە سۆران ئەو هەموو میرنشینەی دایەبەر و داگیر کرد, کەچی نەعوسمانی و نەئێران و نەوالی بەغداد نەهاتنە دەنگ, هەرەشەو چاو سور کردنەوەیەکیان نیشان نەدا..

سەرچاوەکان

١ ــ شەرەفنامە. شەرەفخانی بدلیسی. وەرگێڕ بۆ کوردی هەژار موکریانی. نەجەف ١٩٧٢.
٢ــ مێژووی میرانی سۆران. حسین حوزنی موکریانی. هەولێر ١٩٦٢.
٣ــ کوردو کوردستان. محمد امین زەکی. مهابات.
٤ــ میرنشینی سۆران. کامەران جەمال بابان. هەولێر ١٤١٩.
٥ــ مێژووی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ. ساڵح قەفتان. بغداد ١٩٦٩.

ZAGROS WEBSITE

٦ـ کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی . د.جلیلی جلیل . وەرگێڕ لەروسیەوە . د.کاوس قەفتان . بغداد ١٩٨٧
٧ـ چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی بابان سۆران بۆتان . د.کاوس قەفتان . بغداد ١٩٨٥.
٨ـ شۆڕشەکانی کورد . عەلادین سوجادی . بغداد . ١٩٥٩.
٩ـ خەبات لەرێی کوردستاندا . خالفین .
١٠ـ بنەماڵانی بەناوبانگی رەواندوز . ممدوح مزوری، هەولێر ١٩٩٨.
١١ـ بابان سۆران بۆتان . دکتۆر کاوس قەفتان . بغداد ١٩٨٥.
١٢ـ مێژووی نەتەوەی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ . ساڵح قەفتان . بغداد . ١٩٦٩.
١٣ـ کتێبی حاجی قادری کۆیی، بغداد ١٩٧٣. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد .
١٤ـ تأريخ العراق الحديث . دكتور عبدالعزيز نوار ، قاهيرة ١٩٦٨.
١٥ـ اليزيدية . صديق دملوجي .
١٦ ـ امارة بهدينان . صديق الدملوجي . الموصل ١٩٥٢.
١٧ـ داود پاشا والى بغداد, د.عبدالعزيز سليمان نوار . قاهرة ١٩٦٧ .
١٨ـ اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث . ترجمة ستيڤن همسلي لونگريك . ترجمة جعفر الخياط . بغداد ١٩٦٨
١٩ـ بغداد مدينة السلام . ريجارد كوك . ترجمة . مصطفى جواد وفؤاد جميل . بغداد ١٩٦٧.
٢٠ـ تأريخ الموصل . سليمان الصايغ . قاهرة.
٢١ـ الشيخ نورالدين البريفكاني . محمد أحمد مصطفى الكزني، قاهرة ١٩٨٢.
٢٢ـ اربيل في الماضي والحاضر . مجموعة من المؤلفين . ص٣٤ كەريم شارەزا.
٢٣ـ اربيل في ادوارها التاريخية .
٢٤ـ تأريخ العراق بين احتلالين، عباس العزاوي.
٢٥ـ الاكراد في بهدينان . انور المائى. ١٩٩٩دهۆك.
٢٦ـ رحله فريزر الى بغداد . جيمس بيلى فريزر . ص٢٠٠ بغداد ١٩٦٤، ترجمه جعفر خياط
٢٧ـ عشائر العراق . عباس العزاوي .
٢٨ . الامير الكردى . جەمال نەبەز . ترجمه . فخرى سلاحشور، هەولێر ١٩٩٤.
٢٩ـ من عمان الى عمادية . عەلى سەيدو گورانى . القاهره.
٣٠ـ كردستان والاكراد . عبدالرحمن قاسملو . بيروت ١٩٧٠.
٣١ـ گۆڤاری کاروان ژمارە (٨) خولی راپەرین ١٩٩٣ ئەحمەد باوەڕ .
٣٢ـ گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٨٦.
٣٣ـ گۆڤاری کاروان ژمارە(٢٧) ١٩٨٤.
٣٤ـ گۆڤاری کاروان . ژمارە . ٣٨، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا .
٣٥ـ گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٢).ساڵی١٩٨٧ بەشی یەکەم . عەبولەتاح عەلی یەحیا
٣٦ـ گۆڤاری کاروان ژمارە ٥٣ . بەشی دووەم، عبدالفتاح عەلی یەحیا .
٣٧ـ گۆڤاری کاروان ژمارە (٧١، ٧٢) ساڵی ١٩٨٩ .
٣٨ـ گۆڤاری کاروان ژمارە(١٠٩) ١٩٩٧، تاریق جامباز .
٣٩ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد . بەرگی ٥
٤٠ـ گۆڤاری روناکبیری . ژمارە (٢) ، ستوکهوڵم, فازیل کەریم ئەحمەد.
٤١ـ گۆڤاری دەنگی زانا . ساڵی ١٩٩٤ دکتۆر محمد گەزنەیی.
٤٢ـ گۆڤاری هەڵبجە . ژمارە . ١٨ . ١٩ مۆلندال . سوید .

ZAGROS WEBSITE

٤٣ـ مجلة لالش . الثقافية الصادرة عن مركز لالش في اوروبا . العدد(٤٢

٤٤ـ مجلة الحكم الذاتي . العدد (٤) السنة السابعة . زبير بلال اسماعيل . محمد الخطي ونهاية الأمارة السورانية.

٤٥... گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە : ٩ لا١٣٢ هاوینی ٢٠٠٢.

٤٦... زاری کرمانجی , حوزنی موکریانی, ژمارە ٢١ ساڵی چوارەم ١٩٣٠.

٤٧... ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە (٥٨٤ بەروار ١١|٤|٢٠٠٦) عەبدوڵا نەجمەدین تەها: بابەتی ئەنفالکردنی گەلی کورد.

٤٨... ڕۆژنامەی ڕزگاری ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٣.

٤٩... گۆڤاری (گۆڕین) ژمارە ١١٣ ی ساڵی ١٩٧٥

٥٠... ڕەشید یاسەمی: کوردو پیوستەگی نژادی و تاریخی.

٥١... ئەنوەر سوڵتانی: کەشکۆڵە شعرێکی کوردی گۆرانی.

٥٢... عەلادین سوجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی.

٥٣... س.ج. ئەدموندز: کورد, تورك, عەرەب.

٥٤... دکتور جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی.

ZAGROS WEBSITE